hewalname.com/ku/

# ئۆزدەمیر و کورد

## مێژووی ململانێی بەریتانیا و تورك لە باشووری کوردستان

## ۱۹۱۸-۱۹۲۳

hewalname.com/ku/

# ئۆزدەمیر و کورد

میژووی ململانێی بەریتانیا و تورک

لە باشووری کوردستان

١٩١٨-١٩٢٣

hewalname.com/ku/

**ئەحمەد باوەر**

**چاپی نوێ**

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٣٢)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.org

hewalname.com/ku/

■ ئۆزدەمیر و کورد

نووسینی: ئەحمەد باوەر

بابەت: مێژوو

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٣٥)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

■ مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# ناوەڕۆك


پێشەکی ........................................................................................ ٧

**بەشی یەکەم:**

کۆتایهێنانی جەنگی یەکەمی جیهانی و باردۆخی باشووری کوردستان ............ ١١

بەرایی ........................................................................................ ١١

کۆتاییەکانی جەنگ و ڕەنگدانەوەی لەسەر باشوور کوردستان ........................ ٢١

مێجەر سۆن و بارودۆخی شاری سلێمانی و دەوروبەری ................................ ٣٠

**بەشی دووەم:**

باشووری کوردستان لە کاتی دوورخستنەوەی شێخ مەحموود و... ................ ٤١

کورتەیەک سەبارەت بە ژیان و کەسایەتیی ئۆزدەمیر ......................................... ٤٣

درێژەی بارودۆخی ناوچەکە و هەلومەرجی ڕووداوەکان ................................. ٤٦

فراوانبوونی دەسەڵاتی تورک و نامەکانی ئۆزدەمیر بۆ سەرۆکهۆزەکانی کورد... ٥٨

**بەشی سێیەم**

گەڕانەوەی شێخ مەحموود و مەیدانخوازیی بەریتانیا و تورک لە... .................. ٧٣

قووڵبوونەوەی ڕووداوەکانی نێوان بەریتانیا و تورکەکان و کۆتایی ئۆزدەمیر.... ٨٧

لیستی سەرچاوەکان ......................................................................... ١١١

**بەشی چوارەم**

وەڵامێک بۆ باسەکەی ئەحمەد باوەڕ لەژێر ناونیشانی ئۆزدەمیر و کورد ......... ١١٩

**بەشی پێنجەم**

من و دکتۆر حەفید و ئۆزدەمیر و کورد ............................................... ١٣١

نووسەر لە چەند دێڕێکدا ..................................................................... ١٤٢


newalname.com/ku/

**پێشکەشە بە:**

***گیانی پاکی ڕەفیق حیلمیی نەمر***

***و***

***هەموو ئەوانەی بە دڵسۆزی و***

***ویژدانەوە ڕووداوەکانی مێژوو دەنووسنەوە.***

hewalname.com/ku/

# پێشەکی

خوێنەری بەڕێز: ئەم کتێبە، واتە (ئۆزدەمیر و کورد)، هەرچەندە لە کاتی خۆیدا و بە تایبەتی لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمی ڕابوردوودا زۆر بە کورتی لەسەریمان نووسیوە و تا ڕادەیەک بەشێک لە وردەکاریەکانیمان بڵاو کردووەتەوە، بەڵام وەکتر، بەو شێوازە نەبووە کە ئێستا و لە چوارچێوەی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە، چونکە ئەمەیان بە سەرچاوەی زیاتر و بە بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتی زیاترەوە تا ڕادەیەک پوختەتر و دەوڵەمەندتر کراوە، بە جۆرێک، کە ببێتە مایەی ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر باش کەلێنێکی پێویست لە کتێبخانە و نامەخانەی کوردی و لە بواری مێژووی هاوچەرخماندا پڕ بکاتەوە، بە تایبەتی و بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ، لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەدواوە، واتە ئەو کات و هەلومەرجە هەستیارەی کە بووبووە مایەی ململانێ و مەیدانخوازییەکی سیاسی، سەربازی و ئابووریی بەردەوام کە لە سەروبەندی کێشەی گەرماوگەرمی ویلایەتی موسڵدا لە نێوان هەریەک لە بەریتانیای گەورە و بەشێک لە وڵاتانی هاوپەیمان لە لایەک و هەروەها تورکیای میراتگری دەوڵەتی عوسمانی لە لایەکی ترەوە هاتبووە کایەوە.

هاوکات بەسەر یەکەوە، ئەم نووسینەی ئێمەش بۆ خۆی هەوڵێکە بە مەبەستی ڕۆشناییخستنەسەرێکی زیاتری خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و بەشێک لەو گۆڕانکارییە گرنگانەی کە لە دەرئەنجامی جەنگی یەکەمدا هاتنە کایەوە، بۆ نموونە، سەردەمی شۆڕشەکانی

hewalname.com/ku

بەردەقارەمانی شێخ مەحموود و هەموو ئەو فراوانخوازی و پێکدادانە سەربازییەی کە لەو ماوەیەدا لە نێوان هەریەک لە تورکەکانی پاش هەڵگەڕانەوەی عوسمانی و فەرمانڕەوایانی بەریتانیای داگیرکەردا سەرچاوەیان گرتبوو. واتە سەروبەند و هەلومەرجێک کە هەریەک لە تورکەکان و فەرمانڕەوایانی بەریتانیا بە جۆرێک ویستوویانە دەست بەسەر تەواوی وڵاتی عێراق و ناوچەکەدا بگرن. هاوکات چۆن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش لەو قۆناغە هەستیارەدا و لە دەرئەنجامی هەموو ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی دوای جەنگەوە بۆ مەرام و جێبەجێکردنی نەخشەی سیاسی و سەربازیی خۆیان قۆرخ بکەن. جگە لەوەش، پلانی سیاسی و هەوڵی بەردەوامیان زیاتر بۆ نانەوەی تۆوی دووبەرەکایەتی و شەڕی تایەفەگەری بووە لە نێوان دانیشتوانی ناوچەکە و بە تایبەتییش خێڵ و هۆز و بنەماڵە کوردییەکانیدا. وێڕای پشتگوێخستن و ئافەرۆزکردنی بەردەوامی هەموو ئەو پەیمان و بەڵێنانەی کە بە گەلی کورد و ڕێبەرایەتیی گەلی کوردیان دابوو لە پێکەوەنانی کیان و قەڵەمڕەوێکی کوردیی سەربەخۆدا.

هەروەها بە کورتی دووبارەی دەکەمەوە کە کاتی خۆی بەشێکی ئەم نووسینە و ئەم بابەتەمان لە شوێنی جیاجیای تردا بڵاو کردووەتەوە، بەڵام لێرەدا و بۆ جارێکی دی، وامان بە باش زانیوە بەسەر یەکەوە لە دوو توێی کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاویان بکەینەوە، هاوکات ئەو هەڵە مێژووییەش ڕاست بکەینەوە، کە زۆر بە داخەوە، پێشتر و دوور لە ئیرادە و ئاوەزی خۆمان بەسەرماندا تێپەڕیبوو سەبارەت بە ڕێکەوتی دامەزراندنی یەکەمین حوکمداریەتی شێخ مەحموودی حەفید لە باشووری کوردستان بە چەند ڕۆژێکی زۆر کەم پێش کۆتاییهێنانی جەنگی یەکەمی جیهانی. دیارە وەکو وتمان، ئەوەشیان لە کاتی خۆیدا و هەرگیزاوهەرگیز (بە ئەنقەست و لە نەزانینمانەوە) نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی تێکەڵبوون و پاش و پێشکەوتنی ئەو ڕەشنووسەی لای خۆمانەوە بووە کە ئەو هەڵە نەخواستراوە ڕووی دا. هەرچەندە دوابەدوای بڵاوبوونەوەی تەواوی نووسینەکە، خوالێخۆشبوو کاک دکتۆر سەلاحەدین حەفید لە نووسینێکی بەپێزی ڕەخنەگرانەی سەربەخۆییدا، کە لێرەشدا بە شانازییەوە لەگەڵ ئەم کتێبەماندا دووبارە بڵاومان

کردووەتەوە، بە وردی ئاماژەی بۆ کراوە. هەروەها جگە لە دەوڵەمەندکردن و زیادکردنی کۆمەڵێک زانیاریی گرنگ و پەراوێزی زۆر پێویست، هاوکات لەگەڵ چاککردنەوەی لایەنی زمانەوانی و هەڵەی چاپی جۆربەجۆر، لەوە زیاتر دەستکارییەکی ئەوتۆی نووسینەکەمان نەکردووە، بەڵکو وەک ئەرک و وەک ئەمانەتێکی زانستی، هەردوو ڕەخنە و وەڵامدانەوەکەی مەرحووم کاک دکتۆر سەلاحەدین حەفید و خۆشمان بۆ کردووەتە پاشکۆ و بەسەر یەکەوە، وەکو وتمان زۆر بە ئەمانەتەوە، دووبارە چاپمان کردوونەتەوە.

ئومێدەوارین، بە بەجێهێنانی ئەم ئەرک و کارە بچووکەمان، هەر هیچ نەبێت، توانیبێتمان زانیارییەکی نوێ و باهۆزێکی نوێ بخەینە سەر خەرمانی ڕووناکبیری و مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمان. جا لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا و لەگەڵ هەموو خەوشێکماندا، داوای برایانەمان لە خوێنەران و ڕووناکبیرانی خۆشەویست ئەوەیە کە لە هەر وردەسەرنج و بۆچوونێکی دەوڵەمەندی خۆیان ئاگادارمان بکەنەوە و بە ئەمانەتەوە تێبینییە دەوڵەمەندەکانی خۆیانمان بۆ تۆمار بکەن و دەستی ڕێز و خۆشەویستییان بخەنە سەر خاڵی مەبەست. ئێمەش لای خۆمانەوە و بە قەولی شاعیری گەورە و ڕۆشنگەری کورد حاجی قادری کۆیی (١٨١٧– ١٨٩٧) دەنووسین:

ئەمانە زادەیی ئەفکار و خۆشەویستی منن
ئەگەر قەبیح و کەریهن، ئەگەر شەل و ئەعما

**ئەحمەد باوەڕ**
**سەرۆکی بەشی مێژوو**
**زانکۆی گەرمیان**
**٢٠١٥/٩/١**

hewalname.com/ku/

# بەشی یەکەم
# کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و
# باردۆخی باشووری کوردستان

hewalname.com/ku/

**بەرایی:**

وڵاتی کوردستان بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی، بە هەموو شار و شارۆچکە و دێهاتە ئاوەدانەکانیەوە، ساڵانێکی زۆر و بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی تەواو لەژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، بە جۆرێک، ئەم وڵات و سەرزەمینەی کورد وای لێ هاتبوو لە هەموو ڕوویەکی ژیان و گوزەران و داب و نەریتی کوردەوارییەوە، لە ئەوپەڕی شێوازی کەنارگیری و دواکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەردەوامدا بوو، هەر ئەمەش بۆ خۆی وای لێ کردبوو بەردەوام لە بەشێکی یەکجار زۆری سەرچاوەکانی پێشکەوتن و خوێندەواری و ڕووناکبیریی گشتیدا جۆرێک لە گۆشەگیری و پەراوێزیی کۆمەڵایەتی بە خۆوە ببینێت. سەرباری هەموو ئەوانەش، تەواوی ناوچەکە بە درێژایی مێژوو بووبووە گۆڕەپانی مەیدانخوازی و ململانێی نارەوای نێوان وڵاتان و زلهێزەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی هەریەک لە دەوڵەتی عوسمانی و هەموو ئەو بنەماڵە فەرمانڕەوایانەی کە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەمی (١٥٥١) زایینییەوە بە چڕوپڕی، کاروباری سیاسی و فەرمانڕەوایەتیی وڵاتی ئێرانی ئەمڕۆیان گرتووەتە ئەستۆ، هەر لە: دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١-١٧٣٦)، ئەفشاری (١٧٣٦-١٧٥٠)، زەندی (١٧٥٠-١٧٩٤)، قاجاری (١٧٩٤-١٩٢٥) و دواتر پەهلەویی (١٩٢٦-

١٩٧٩) و لەو لاشەوە تورکە کەمالییەکانی میراتگریان و بە تایبەتی لەسەر داروپەردووی داگیرکاریی ئەوان و زیاتر لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەم بەدواوە، هەروەها ڕێگەخۆشکردنی بەردەوام بۆ دەستتێوەردان و داگیرکاریی وڵاتانی کۆلۆنیالی بۆ سەر ناوچەکە و دادۆشینی هەموو سەروەت و سامانێکی گرانبەهای ناوچەکە و قۆرخکردنی بۆ خزمەتی پیلان و نەخشەی داگیرکاریی بەردەوامیان و سەرەڕای مانەوەیان لە تەواوی ناوچە کوردنشینەکاندا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، لەوانە وڵاتانی وەک: بەریتانیای گەورە، ڕووسیای سیزاری، فەڕەنسا، ئەمەریکا و دواتر تورکیای میراتگری دەوڵەتی عوسمانی و ڕەنگدانەوەی دەرئەنجامەکانی لەسەر ڕەوشی هەمەلایەنەی باشووری کوردستان، وەک ئەوەی تا ڕادەیەک لە چوارچێوەی بەشەکانی ئەم کتێبەماندا و بەپێی پێویست ڕۆشناییان دەخەینە سەر.

## کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕەنگدانەوەی لە سەر باشووری کوردستان:

هەر کە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨/١١/١١) کۆتایی هات، وڵاتی عێراقی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، بە باشووری کوردستانیشەوە، لە داگیرکاری و فەرمانڕەوایەتیی عوسمانی ڕزگاری بوو و ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر دەسەڵات و داگیرکاریی بەریتانی و کۆلۆنیالی بەریتانییەوە، وەک چۆن هەر لە سەرەتاکانی جەنگەوە و بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە بە تەواوی خۆیان ئامادە کردبوو. هەرچەندە لە کاتی هێرش و داگیرکردنەکەشیاندا گەلێک زەرەر و زیانی گەورەی مادی و مرۆییان خستەوە، بەڵام هەرچۆنێک بوو و پێش ئەوەی جەنگ کۆتایی بێت، سەرەتا توانییان هەردوو ویلایەتی بەغدا و بەسرە بخەنە ژێر ڕکێفی سەربازیی خۆیانەوە و لە هەمان کاتدا لە چەند تەوەر و قۆڵێکی گرنگیشەوە بە تەواوی هاتنە ناو سنوورەکانی ویلایەتی موسڵەوە بە مەبەستی داگیرکردن و سیاسەتی فراوانخوازییان بەرەو ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستان. بەڵام لەم سەروبەندەدا و بە ماوەیەک پێش کۆتاییهێنانی جەنگی یەکەمی جیهانی، لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بڕیاری ئاگربڕیان دا. بەو پێیەش، نەدەبوو

هێزە سەربازییەکانی بەریتانیای گەورە دەست بەسەر تەواوی ویلایەتی موسڵدا بگرێت. لە هەمان کاتیشدا، هێزەکانی بەریتانیا بەپێی بنەماکانی ئاگربڕی مۆدرۆس (Truce mudros)، کە لە بەندەری دوورگەی لیمۆنس (lemons)ی یۆنانی و لە سەر پشتی گەورەکەشتییەکی جەنگی بەریتانی بە ناوی ئاگامەمنوون (H.M.S.Agmemnon)ەوە و لە کەناراوەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست[١] لە (٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨)دا بە نوێنەرایەتیی هەریەک لە: حسێن ڕەئوف ئۆربای بەگ[٢]ی وەزیری کاروباری دەریاوانی دەوڵەتی عوسمانی و سۆمەرست کالسرۆب گۆفی - Sir Somerset Gough Calthorpe (١٨٦٥-١٩٣٧) فەرماندەی کەشتیگەلی بەریتانیای گەورە واژۆیان لەسەر کرد.[٣] بەوەی ئەگەر بێت و لە داهاتوودا بەرژەوەندییەکانی بەریتانیای گەورە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ویلایەتی موسڵدا بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوا ئەوان سەرپشک دەبن بەوەی کە دەست بەسەر تەواوی ویلایەتی

[1]- هیسەرلێهر واگنەر، کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنووره دەستکردەکاندا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر، (هەولێر: ٢٠١٣)، ل ٤٣، خليل ابراهيم احمد، خليل علي مراد، ايران و تركيا، دراسة في تأريخ الحديث و المعاصر، (الموصل: ١٩٩٢)، ص ٢٢٩.

[2]- حسێن ڕەئوف ئۆربای بەگ (١٨٨١-١٩٦٤): لە (١٨٨١)دا، لە ئەستەمبووڵ لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی لە (تۆربۆلی) خوێندووە. لە ساڵی (١٩٠٥)دا ئامادەیی حەربیەی ئەستەمبووڵی تەواو کردووە. لە سەروبەندی شەڕەکانی بەلقانی (١٩١٢- ١٩١٣)دا وەک فەرماندەی دەریاوانیی (حەمیدیە)ی عوسمانی شۆرەت و ناوبانگی پەیدا کردووە. لە (٥ی حوزەیرانی ١٩١٨)دا کراوەتە سەرۆکی دەریاوانیی دەوڵەتی عوسمانی و پاشان لە سەردەمی وەزارەتەکەی عیزەت پاشادا کاروباری وەزارەتی دەریاوانیی پێ سپێردراوە. هەروەها لە حوزەیرانی (١٩١٩)دا لە شاری ئوماسیە پەیوەندیی بە بزووتنەوەی کەمالییەکانەوە کردووە و هاوکات ئامادەی تەواوی دانیشتنەکانی هەردوو کۆنگرەی (ئەرزڕووم) و (سیواس) بووە و وەک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردراوە. لە (١٦ی مارتی ١٩٢٠)دا لە لایەن هێزەکانی بەریتانیاوە دەستگیر دەکرێت و بۆ دوورگەی (ماڵتە)ی نێو دەریای سپیی ناوەڕاست دووردەخرێتەوە. دوای گەڕانەوەی لە (٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١)دا هاتووەتە شاری ئەنقەرە و تا کاتی کۆچی دوایی لە (١٦ی تەمووزی ١٩٦٤)دا، گەلێک پلە و پۆستی گرنگی لە کاروباری دەوڵەتدا وەرگرتووە. بۆ زیاتر بڕوانە: قادر سليم شمو، موقف الكرد من حرب الاستقلال التركية ١٩١٩- ١٩٢٢، (دهوك: ٢٠٠٨)، ص ٤٤.

[3]- ئەحمەد باوەڕ، کێشەی ویلایەتی موسڵ و بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان ١٩١٨- ١٩٢٦، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٦)، ساڵی ٢٠١٥، ل ٦.

hewanname.com/ku

موسڵدا بگرن بە هەموو ناوچەکانیەوە و داکۆکیی تەواوی لێ بکەن. هەرچەندە هەرسێ لایەنی: بەریتانی، فەرەنسی، ڕووسیای سیزاری و دواتر ئیتالیا، بەپێی بنەماکانی پەیماننامەی نهێنیی (سایکس-پیکۆ Sykes Picot agreements)ی مایسی ساڵی (١٩١٦)، کە لە سەرەتادا تەنها لە نێوان هەریەک لە بەریتانیای گەورە و وڵاتی فەرەنسادا بە نوێنەرایەتیی هەریەک لە سێر مارک سایکس (Sir Mark Sykes)ی بەریتانی و فرانسیس جۆرج پیکۆ ( Fracois Gerges - Picot)ی فەرەنسی واژۆ کرابوو، گەلێک فێڵوفەرەجی سیاسیی خۆیان بە شێوازێکی زۆر نهێنی، لە ڕووی دەسەڵات و شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیی گرنگ و حکومڕانیەتەوە لە بەرژەوەندیی خۆیان وەک برا دەستەبەر کردبوو. بەڵام دواتر، کە شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧) لە وڵاتی ڕووسیای سیزاری بە ڕێبەرایەتیی حیزبی بەلشەفیکی (Bolsheviks)[1] ڕووسی و بە تایبەتی کەسایەتییەکی وەک: ڤلادمێر ئێلیش لینین[2] هاتە کایەوە

---

[1]- بەلشەفیک: وشەیەکی ڕووسییە، بە واتای حیزبی زۆرینە دێت.

[2]- ڤلادیمێر ئیتلش لینین Vladimer Lich Lenin (١٨٧٠- ١٩٢٤): دامەزرێنەری سەرەکیی حیزبی شیوعی و یەکێتیی سۆڤێتە، ساڵی (١٨٧٠) لە (سیمبرسک) لەدایک بووە و هەر لەوێ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە و لە ساڵی (١٨٧٧)ەوە چووەتە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی قازان، بەڵام بە هۆی کار و چالاکییە خوێندکارییەکانیەوە دەستگیر کراوە و دوورخراوەتەوە، پاشان لە ساڵی (١٨٩١)دا کۆلێژی یاسای لە شاری (بتراسبۆرگ) تەواو کردووە و لە ساڵی (١٩١٧)دا ڕێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنی ڕووسیا بوو. پاش سەرکەوتنی شۆڕش بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی گەل. هاوکات یەکێک بووە لەو کەسایەتییە سیاسییانەی کە (اممیە)تی سێیەمی لە (١٩١٩)دا دامەزراند. لە ساڵی (١٨٩٣)ەوە وەک کەسایەتییەکی دیار بووە بە سەرۆکی مارکسییەکانی پایتەخت، هەر زوو پەیوەندیی بە پارتی کرێکارانی سۆشیالیستی ڕووسییەوە کردووە کە هەر لە ساڵی (١٩٠٢)ەوە بوو بە دوو باڵی سەرەکییەوە، یەکەمیان: (***بەلاشفە***کان) بوون لەگەڵ باڵی دووەم کە بە (***مەناشفە***) ناسران. بە زۆری (لینین) خۆی سەرۆکایەتیی پرۆلیتاریای جوتیارانی ڕووسیای کردووە بەرەو خەباتکردن لەپێناوی ڕووخاندن و لەناوبردنی دەسەڵاتی ڕەهای تزارەکانی ڕووس و هێنانەکایەی سیستەمێکی سۆشیالیستی لە وڵاتدا. دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە: دەوڵەت و شۆڕش، دەفتەرە فەلسەفییەکان، مادیەت و مەزهەبی ڕەخنەیی تەجریبی... هەروەها بە بۆچوونی لینین، گرنگترین دەساوەردەکانی مارکسیزم بریتییە لە تێگەیشتنی مادیەت بۆ مێژوو، بۆ دواکاتیش لە ساڵی (١٩٢٤)دا وەفاتی کردووە. بڕوانە: قادر سلیم شمو، موقف الكرد من حرب الاستقلال، ص ٢٢٠.

و تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێنا، ئەوە بوو وڵاتی ڕووسیا و ڕێبەرانی حکومەتی نوێی ڕووسیا، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی شۆڕشدا و بە تایبەتی لە تشرینی دووەمی (١٩١٧)دا، خۆیان لە تەواوی بنەماکانی پەیماننامەی نهێنیی (سایکس-پیکۆ) کێشایەوە و دواتریش ڕێککەوتننامەی (بریست-لیتۆفیسک Berest Letofisk)یان لە (٣ مارتی ١٩١٨)دا لەگەڵ وڵاتی ئەڵمانیادا مۆر کرد.[1] هەموو ئەمانەش بۆ خۆیان بوونە مایەی ئەوەی کە هەموو ویست و پلان و ئامانجە نهێنییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی داگیرکەر کە لە چوارچێوەی پەیماننامەی ناوبراودا، کە بە شێوازێکی بە نهێنی پلانیان بۆ داڕشتبوو، بە تەواوی لای هەموو وڵاتان و ڕای گشتیی جیهانی ئاشکرا ببێت[2] کە چۆن ویستبوویان لە ئاییندە و لە دوای کۆتاییهێنانی جەنگەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرەسبردووی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن، هەروەها یەکێکی دی لە هەنگاو و پلانە سەرنجڕاکێشەکانی تری حکومەتی نوێی ڕووسیا، جگە لە ئاشکراکردنی بنەماکانی (سایکس-پیکۆ)ی نهێنی، ئەوەیان بوو کە لای خۆیەوە هەموو ڕێککەوتننامە نهێنییەکانی تری ڕابوردووی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای سیزاریی بۆ ڕای گشتیی جیهانی ئاشکرا کرد. بەهەرحاڵ، لە دواییشدا ئەم ناوچەیە، واتە (ویلایەتی موسڵ)، بەوە ناسرا کە سامان و یەدەگێکی (احتیاطی) نەوتی و کانزایی زۆری تێدایە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ویستێکی گەورە بوو بۆ وڵاتان و بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوون بەو ئاسانییە دەستبەرداری بین و ویستی خۆیانی لەسەر یەکلایی بکەنەوە. هەر بۆیە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا کەوتنە ئەوەی بنەماکانی ڕێککەوتننامەی ئاگربڕ (هدنە)یان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا شکاند و دەستیان بەسەر تەواوی ویلایەتی موسڵ و ناوچەکانی تری ویلایەتی موسڵدا گرت کە بە زۆری لەو دەمانەدا پێک هاتبوو لە ناوچە و شارە گەورە و ئاوەدانەکانی وەک: کەرکوک، سلێمانی، هەولێر و دەوروبەری

---

[1]- محمد محمد صالح و اخرون، الدول الكبرى بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٣٩، (بغداد: ١٩٨٤)، ص ٦٨.

[2]- شاكرو خدو محوي، المسالة الكردية في العراق المعاصر، ت: عبدي حاجي، مطبعة خاني، (دهوك: ٢٠٠٨)، ص ٢٠.

شاری (دهۆک)ی ئێستا لەگەڵ ناوەندی شاری موسڵ خۆیدا. ئەوە بوو لەم ماوەیەش بەدواوە کێشەیەکی زۆر گرنگ و ئاڵۆزی ناوچەیی و نێودەوڵەتی سەرچاوەی گرت کە ئەویش لە مێژووی هاوچەرخی عێراق و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیادا بە کێشەی ویلایەتی موسڵ (١٩١٨-١٩٢٦) ناسرا؛ بە تایبەتی لە نێوان هەریەک لە بەریتانیای گەورە و دەسەڵاتدارانی پان تورانیزمی میراتگری دەوڵەتی عوسمانیدا کە بەگوێرەی بنەماکانی سیستەمی ئینتیداب[١] کە لە ڕۆژی (١ ئایاری ١٩٢٠)دا و لە چوارچێوەی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی (کۆنگرەی سان ڕیمۆی ٩-٢٦ی نیسانی ١٩٢٠)دا کە لە وڵاتی ئیتالیا بەسترا، وڵاتی عێراق کەوتە ژێر ئینتدابی بەریتانیاوە.[٢] بەمانەشدا وامان بۆ دەردەکەوێت کە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی (سایکس-پیکۆ) تەنها هەنگاوێک نەبووە بۆ دابەشکردنی وڵاتانی عەرەبیی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو بەپێی بنەماکانی سیستەمی ناوبراو، وڵاتی کوردستانیش دابەش کرا، بە جۆرێک، بەشی باشووری کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسا و بەریتانیاوە، بەشی خۆرئاواشی بە تەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنساوە،

hewalname.com/ku

[1]- سیستەمی ئینتداب (The mandate system): بیرۆکەی ئەم سیستەمە لە دەرئەنجامی بەستنی کۆنگرەی ئاشتیی ساڵی (١٩١٩) لە پاریس و لەسەر پێشنیازی جەنەراڵ ئەیان سمتوس Smuts (١٨٧٠- ١٩٥٠)، گەورە کەسایەتی و سیاسەتمەداری باشووری ئەفریقا، کە دواتر و زیاد لە جارێک بوو بە سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە و هەروەها بە پشتگیری وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی هاتە کایەوە، بەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی وڵاتانی ناوەندی شکستخواردووی جەنگی وەک ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە پۆلێن بکرێن بەسەر سێ پۆلی (Class A. Class B. Class C)دا، تا ئەو کاتەی لە داهاتوودا خۆیان دەتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن. تۆماس ودرۆ ویلسن ( Thmas Woodrow Wilson)ی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکەم کەس بوو کە سەرسامیی خۆی بۆ ئەم بیرۆکەیە دەربڕی. شایانی باسە (سمتوس-Smuts)یش یەکێک بوو لەو کەسایەتییانەی کە لە ساڵی (١٩٤١)ەوە لە لایەن سوپای بەریتانیاوە نازناوی فیلد مارشاڵی پێ بەخشرا، جگە لەوەش، وەک کەسایەتییەکی پاڵپشتیکەری ڕەگەزپەرستی دەناسرێت. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کۆمەڵێک دانراوی جۆربەجۆرە لە بواری کاری سیاسی و لێکدانەوەی خۆیدا. بڕوانە: كمال مظهر احمد، اضواء علي قضايا الدولية في الشرق الاوسط، (بغداد: ١٩٧٨)، ص ٧٣، محمد محمد صالح واخرون، الدول الكبرى، ص ٩٣- ٩٤.

[2]- سێر ئارنۆڵد ویڵسن، شۆڕشەکەی عێراق، لە ماوەی داگیرکاریی بەریتانیا بۆ عێراق و کوردستان، و: سەرمەد ئەحمەد، (هەولێر: ٢٠١٢)، ل ٥٥.

واتە ئەمەش بە یەکەمین هەنگاوی دابەشبوونی کوردستان دادەنرێت بە شێوازێکی فیعلی و بەپێی بنەماکانی ڕێککەوتننامەی ناوبراو. لە هەمان کاتیشدا دواتر بەریتانیای گەورە توانیی بەشی باشووری کوردستان لە بەشی باکوورەکەی داببڕێت و بیخاتە ژێر دەسەڵات و داگیرکاریی خۆیەوە.[1]

هاوکات لە لایەکی تریشەوە و پاش جەنگی یەکەمی جیهان و بگرە زۆر پێشتریش، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ڕۆژبەڕۆژ لە گەشەکردن و هەنگاوی بەردەوامی خۆیدا بوو بەرەو هێنانەدیی سەربەخۆیی تەواو و پێکەوەنانی کیانێکی کوردی و قەڵەمڕەوێکی کوردیی سەربەخۆ کە بە زۆری سەرەتای سەرهەڵدان و چەکەرەکردنی لە بەشەکانی تری کوردستانەوە دەستی پێ کردبوو. هەر ئەم جووڵانەوە سەراپاگیرییەی کوردستانیش وای کرد هەردوو دەسەڵاتی بەریتانیای گەورە و تورکەکانی میراتگری دەوڵەتی عوسمانی بکەونە بەر ئەو دیفاکتەیە و بە هۆی ئەو فشارەی کە لە لایەن هێزە ڕاپەڕیوەکانی کورد و لە سەرجەم ناوچەکانی تری کوردستانەوە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ڕووبەڕوویان دەبووەوە، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەریدا، کە کەسایەتییەکی وەک شێخ مەحموودی حەفید[2] ڕێبەرایەتیی

---

[1]- علی صالح میران، الحرکة القومیة الکردیة في کوردستان–سوریا، ١٩٤٦–١٩٧٠، (دهوک: ٢٠٠٤)، ص ٢٣.

[2]- شێخ مەحموودی حەفید (١٨٨٢–١٩٥٦): کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە بچکۆلەی کوڕی کاک ئەحمەدی شێخە. ساڵی (١٨٨٢) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لە قوتابخانەی ئایینیی تایبەتەوە دەستی بە خوێندن کردووە. هەر لە قۆناغی لاوییەوە لەگەڵ باوک و کەسوکاریدا سەردانی ئەستەمبووڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیی کردووە و شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەدی برای لە (١٩٠٨)دا لە چوارچێوەی پیلانێکی نەخواستراودا لە شاری موسڵ کوژراون، هەرچەندە خۆشی لەگەڵیاندا بووە، بەڵام بە برینداری ڕزگاری بووە. هەروەها ڕێبەرایەتیی ئەو کوردانەی باشووری کوردستانی کردووە کە لە شەڕی شوعێبەی (١٢ی نیسانی ١٩١٥)دا شانبەشانی سوپای عوسمانی دژی بەریتانیا جەنگاون و دواتر لە کاتی هێرشی سوپای ڕووسیاشدا بۆ سەر کوردستان و لە ناوچەی (پێنجوێن)ەوە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. پێش کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بە چەند ڕۆژێک، لە لایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە کراوەتە (حوکمداری باشووری کوردستان) و بنکەی دەسەڵاتەکەشی شاری سلێمانی بووە و میجەر نۆئێلیش لە لایەن حاکمی گشتیی ئەو کاتەی بەریتانیاوە لە شاری بەغدا کراوەتە ڕاوێژکاری سیاسی، هەر لەو کاتەشەوە کە نێوانی لەگەڵ

دەکرد و ژمارەیەکی زۆریش لە کەسایەتی و هۆز و خێڵە کوردییەکان و

---

ئینگلیزەکاندا تێک دەچێت، دوای دەستگیرکردنی ژمارەیەک لە هێزەکانیان لە شاری سلێمانی، لە شەڕی دەربەندی بازیانی (١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩)دا لەگەڵیاندا دەکەوێتە جەنگەوە تا ئەو کاتەی بە برینداری دەستگیر دەکرێت و دوای دادگاییکردنی لە شاری بەغدا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەکرێت، بەڵام دواتر حوکمەکەی بۆ دەکرێتە بەندکردن بۆ ماوەی (١٠) ساڵ و دووردەخرێتەوە بۆ دوورگەی (ئەندامان). تا ئەو کاتەی لە کۆتایی ئەیلولی (١٩٢٢)دا فەرمانڕەوایانی بەریتانیا دەیگەڕێننەوە باشووری کوردستان و دووەمین حکومداریەت و کابینەی حکومەت پێک ئەهێنێ و دواتر خۆی بە (مەلیکی کوردستان) دەناسێنێ. لەم ماوەیەی دەسەڵاتیدا هەرچەندە نێوانی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بەردەوام لە پشێوی و کەنارگیریدا دەبێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی لە شاری سلێمانی و تەنانەت لە کاتی دوورکەوتنەوەشیدا لە شار و ناوەندی دەسەڵات، کۆمەڵێک چاکسازی لە بواری جۆربەجۆردا بهێنێتە دی، بە تایبەتی لە بوارەکانی کارگێڕی، خوێندەواری، ڕووناکبیری و چاپەمەنیی کوردیدا، سەرەڕای پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ ڕێبەرانی کوردی ناوچەکانی تری کوردستان، لەگەڵ کۆتاییهێنانی دەسەڵاتەکەشیدا بەپێی ڕێککەوتننامەیەک کە لە ساڵی (١٩٢٧)دا کە لە شارۆچکەی خورماڵ لە نێوان خۆی و نوێنەری باڵای بەریتانیا (کیناهان کۆرنواڵیس)دا بەڕێوە چووە، ڕێگەی پێ دراوە لە گوندی (پیران)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ ببێ و شێخ بابا عەلیی کوڕیشی وەک بارمتەیەک بنێردرێتە شاری بەغدا و لەوێش درێژە بە خوێندن بدات، تا ئەو کاتەی لە ڕاپەڕینی (٦ی ئەیلولی ١٩٣٠)دا دووبارە دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و لە ناوچەی گەرمیان و گوندی (ئاوباریک)ی بناری گڵ لە (٥ی نیسانی ١٩٣١)دا دژی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا دەجەنگێ و دوای شکستهێنانی دووبارە پەنا دەباتەوە بەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ١٣ی نیسانی هەمان ساڵدا، بەپێی ڕێککەوتنێکی بەپەلەی نێوان هەریەک لە حکومەتی عێراق و بەریتانیا و ئێرانی پەهلەوی کە لە شارۆچکەی (مەریوان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچێت، دووبارە ڕادەستی حکومەتی عێراق و فەرمانڕەوایانی بەریتانیا دەکرێتەوە و بۆ ناوچە و شارەکانی باشووری عێراقی دووردەخەنەوە. دوای چەند ساڵێک دەهێنرێتەوە شاری بەغدا و لەژێر چاودێریدا دەبێت تا ئەو کاتەی لە سەروبەندی بەرپابوونی بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی لە ساڵی (١٩٤١)دا، لە ڕێگەی شاری کفری و ناوچەی گەرمیانەوە دەگەڕێتەوە کوردستان و بە زۆری کۆتاییەکانی ژیانی لە گوندی (داری کەلی) بردووەتە سەر. هەروەها بە زۆری، هەفتانە نوێژی جومعانیشی لە مزگەوتی گەورەی شار کردووە. تا ئەو کاتەی بە هۆی ڕووداوی نەخۆشییەوە دەبرێتە شاری بەغدا و لە (١٩٥٦/١٠/٩)دا، لە نەخۆشخانەی (ئەلحەیدەری) وەفات دەکات و لە (مزگەوتی گەورە)ی شاری سلێمانی ئەسپەردەی خاک دەکرێت. بڕوانە: الدكتور عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات و مباحث في تاريخ الكورد والعراق المعاصر، (اربيل: ٢٠٠٧)، ص ٢٠٣– ٢١٩، ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، (سلێمانی: ٢٠٠٣)، ل ١٩– ٢٠.

hewaname.com/ku

دانیشتوانی باشووری کوردستان پشتگیرییان لیَ دەکرد و فەرمانەکانیان جێبەجێ دەکرد. شانبەشانی هەموو ئەوانەش، فشارێکی سیاسی و ئابووریی ئەوتۆ کەوتبووە ئەستۆی فەرمانڕەوایانی بەریتانیای گەورە کە بەو ئاسانییە نەتوانن و لە ویژەیاندا نەبێت شارەکان و ناوچەکانی خۆیانیان بۆ بەڕێوە ببرێت. چونکە هەموو ئەمانە بۆ خۆی پێویستی بە داهات و توانایەکی ئابووری و سەربازیی گەورە هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت بە باشی سوپاکەی پێ پڕچەک بکات و هەموو ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆنترۆڵ بکات، چونکە پێداویستییەکانی هەموو ئەوانە وەک ئەرکێکی قورس بە زۆری دەکەوتنە سەرشانی دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆیەوە کە نەتوانێت بە ئاسانی درێژە بە سیاسەتی داگیرکاری و پاوانخوازیی خۆی بدات. هەر ئەمەش وای لە فەرمانڕەوایانی بەریتانیای داگیرکەر کرد کە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی گەورە و توندی دانیشتوان و هاونیشتمانانی وڵاتەکەی خۆی ببێتەوە، ئەمەش نەک تەنها سەبارەت بە داگیرکردنی عێراق و ناوچە کوردنشینەکان، بەڵکو ئەم ڕەخنەگرتنانەی کۆمەڵانی خەڵکی بەریتانیا بۆ ئەوە بوو سوپا و هێزە سەربازییەکانیان دەستیان بەسەر گەلێک شوێن و ناوچەی بەرفراوانی وڵاتانی جیهانیدا گرتبوو، بە تایبەتی لە ناوچەیەکی هەستیاری وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە هێشتا هێزە سەربازییەکانی بەریتانیای داگیرکەر وزە و توانایان بەو ڕادەیە نەبوو کە بتوانن بەو ئاسانییە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان لەو بارودۆخ و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەدا بەڕێوە ببەن و هیچ گیروگرفتێکیان نەیەتە ڕێ، هەرچەندە کەسایەتییەکی وەک شێخ مەحموودی حەفید لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە لەگەڵ زۆرێک لە سەرۆکهۆز و پیاوە ناودارەکانی ئەو کاتەی کوردستاندا ڕێکبکەوێت، بە تایبەتی پاش ئەوەی بە تەواوی لە تورکەکان و فەرمانڕەوایانی عوسمانلی نائومێد بوون و بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکی (بدیل) تردا بگەڕێن. وەک ئەوەی کەوتنە گەڵاڵەکردن و ئامادەکردنی نووسراو و داواکارییەک بە ناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دانیشتوانی باشووری کوردستانەوە، بۆ ئەوەی بۆ دەسەڵاتدارانی بەریتانیای بنێرێت: "بەرانبەر بە هەندێ قەول و

ئیمتیازات کە شاری سلێمانی تەسلیم بە ئینگلیزەکان بکەن."[١] هەروەها (مێجەرگۆڵد سمس-H. A. Goldsmith)ی ئەفسەری سیاسیی شاری خانەقین دەڵێت: "شێخ مەحموود خۆی نوێنەرێکی ناردە دیدەنیی من و داوای کردبوو کە دەسەڵاتی ئەوەی بدرێتێ وەک نوێنەری حکومەتی بەریتانیا لە سلێمانی کار بکات، تا ئێمە دەگەینە ئەوێ و..."[٢] بە ناوی ئەوانەوە شار و ناوچەکە بەڕێوە ببەن. هاوکات لە لایەکی تریشەوە و لە چوارچێوەی هەمان پلاندا شێخ مەحموودی حەفید نامەیەکی تری بە هەریەک لە عیزەت تۆپچی و فایەقی تاپۆ[٣]دا نارد بۆ ئەو بنکە سەربازییەی بەریتانییەکان کە لەو دەمانەدا و لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە باشووری شاری کفریدا بوون. فەرمانڕەوایانی بەریتانیاش ئەم بۆچوون و داواکارییەی شێخ مەحموودیان بۆ پێکەوەنانی کارگێڕی و دەسەڵاتێکی کاتی بە ناوی ئەوانەوە بە هەنگاو و لێکدانەوەیەکی زۆر ئیجابی لە قەڵەم دا، بە تایبەتی لە ڕووی کاروبار و بەرژەوەندیی سیاسی و سەربازییانەوە.

لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا تێڕوانین و حەق و حیسابی تایبەتیان بۆ پاشماوەی ئەو هێز و (جەندرمە) تورکییانەش دەکرد کە هێشتا بە سەرۆکایەتیی تابوور ئاغاسی تورک (ساڵح بەگ) لە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەریدا مابوونەوە، ئەوە بوو هەر بە گەیشتنی داواکاری و نامەکەی شێخ مەحموود بە ئینگلیزەکان، کە سەرەتا لە ڕێگەی هەریەک لە سەید موحسین ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغای (١٨٨٢-١٩٣٤)[٤] کفری و عەبدوڵلا

---

[1]- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، ب١، (هەولێر: ١٩٨٨)، ل ٥٧.

[2]- جەرجیس فەتحوڵلا، وریابوونەوەی کورد ١٩٠٠- ١٩٢٥، ب١، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، (هەولێر: ٢٠٠٩)، ل ٢١٨.

[3]- فایەقی تاپۆ: ناوی ئەحمەد فایەق بەگی کوڕی تۆفیق ئەفەندییە، لە سلێمانی لەدایک بووە و لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەندامی مەحکەمەی شاری سلێمانی بووە. ماوەیەکیش بەڕێوەبەری تاپۆ بووە لە شاری بەغدا، خوشکەزای حاجی ڕەشیدی ڕێوییە و بەپێی گێڕانەوەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی، ماوەیەک سەرۆکی مەحکەمەی کەرکوک بووە و پێدەچێت لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا کۆچی دوایی کردبێت. بڕوانە: ڕەفیق حیلمی، یاداشت، چ٣، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی: ٢٠٠٣)، ل ٥٤.

[4]- موحسین ئاغای کفری: کوڕی ئەحمەد ئاغای کوڕی سەید عومەر ئاغای ساداتی شاری

سافی یەعقووبییەوە لە شاری کەرکوکەوە ڕەوانەی کردبوون و دواتر لە ڕێگەی بنکەی سەربازیی (ئەسکی کفری)ی بەریتانییەوە نێردرا بۆ حاکمی گشتی بەوەکالەتی ئەو کاتەی عێراق ئارنۆلد تابۆلد ویلسۆن[1] لە شاری بەغدا،

---

شاری کفرییە، بۆ ماوەی ساڵێک سەرۆکی شارەوانیی کفری بووە. لە ساڵی (١٩٣٤)دا کۆچی دوایی کردووە. کاتێک شێخ سەعیدی حەفید و شێخ ئەحمەدی برای لە ساڵی (١٩٠٨)دا لە شاری موسڵ لە ڕووداوێکی ئاڵۆزی چاوەڕواننەکراودا دەکوژرێن، یەکێک لە ئاژاوەگێڕەکان و لەوانەی کە مایەی ئەو فیتنەیە بوون، لە کفری خۆی شاردبووەوە و شەوێ سەیدەکانی کفری ناردیان و لە تۆڵەی شێخ سەعیدی حەفیددا بە کوشتیان داوە. تەنانەت ئەم کەسایەتییەی ناوچەی گەرمیان، لە ساڵی (١٩٢٢)دا، کاتێک کە شێخ مەحموودی حەفید لە ژیانی ئەسارەت و دوورخراوەیی گەڕایەوە کوردستان و شاری سلێمانی، بۆ ماوەی سێ ڕۆژی تەواو (١٧-١٩ ئەیلولی ١٩٢٢) لە ماڵی موحسین ئاغادا لە شاری کفری ماوەتەوە و بە درێژایی ئەو چەند ڕۆژە پێشوازیی لە کۆمەڵانی خەڵک و میوانەکانی کردووە، هەروەها بناغەی حوکمداریەتی دووەمی شێخ مەحموود وەک حوکمدار و مەلیکی کوردستان لێرەوە گەڵاڵە کراوە و بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری ناوچەکانی باشووری کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە. بڕوانە: ئەحمەد خواجە، چیم دی، شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن، چ ٢، (هەولێر: ٢٠١٣)، ل ٢٠، کەمال نوری مەعروف، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید، شێخ مەحموودی شێخ کاوەی حەفید پێشەکیی بۆ نووسیوە، چ١، ١٩٩٥، ل ٨٥-٨٧، مستەفا نەریمان، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەڵۆ١٩٢٠، (بەغدا: ١٩٨٦)، ل ٥٠-٥١.

[1] - ئەرنۆلد تابۆلد ویلسۆن Arnold Tabold Welson (١٨٨٤-١٩٤٠): لە (١٨ی تەمووزی ١٨٨٤)دا هاتووەتە دونیاوە. کۆلێژی سەربازیی لە وڵاتی بەریتانیا تەواو کردووە و لە ساڵی (١٩٠٣)ەوە وەک ئەفسەرێکی سەربازی لە ڕیزەکانی سوپای بەریتانیدا کاری کردووە و بۆ ساڵی دواتریش ڕاژەی سەربازییەکەی گواستراوەتەوە وڵاتی هیندستان و پاشان هاتووەتە وڵاتی ئێران و کراوەتە سەرپەرشتیاری قونسوڵیەتی بەریتانی لە شاری (ئەهواز)، جگە لە چاودێریکردنی کۆمپانیای نەوتی (دی ئاڕ سی)ی بەریتانی لە هەمان ناوچە، هەروەها لە ساڵی (١٩١٥) بەدواوە هاتووەتە وڵاتی عێراق و شاری بەسرە، لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٠)دا کراوەتە حاکمی مەدەنیی عێراق و لە کاتی بەستنی کۆنگرەی ئاشتی (١٩١٩)دا لە پاریس بەشداریی کردووە و پێشنیازی بۆ ئەوەش کردووە کە ناوی عێراق جێگەی وڵاتی نێوان دووئاوان (میسۆپۆتامیا-Mesoptamia) بگرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیازەکەی قبوڵ کراوە. جگە لەوەش، لە (٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠)ەوە وڵاتی عێراقی بەجێ هێشتووە و لە ساڵی (١٩٣٣)ەوە بووە بە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و لە مانگی ئۆکتۆبەری (١٩٣٩)دا و دوای بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی، پەیوەندیی بە سوپای شاهانەی بەریتانییەوە کردووە و لە (٣١ی ئایاری ١٩٤٠)دا، لە دەرئەنجامی شەڕێکی ئاسمانی لە باکووری وڵاتی فەڕەنسا دەکوژرێ و هەر لەوێش دەنێژرێت. بڕوانە: ویکیبیدیا، الموسوعة الحرة، ٢٠١٥/٥/٢٢.

ئەوە بوو ئەویش، واتە ئارنۆڵد ویلسۆن، بۆ هەمان مەبەست دەنێرێت بە شوێن مێجەر نۆئێڵ[1]دا کە یەکێک بووە لە ئەفسەرە سیاسی و شارەزاکانی ئینگلیز بە کاروباری وڵاتی ئێرانی قاجاری و بە تایبەتی هۆزی بەختیاریی بەناوبانگ کە ماوەیەکی زۆر تیایاندا مابووەوە و دواتریش زۆر شارەزا بوو بە کاروباری ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان، وەک ئەوەی بە ڕاسپێراوی تایبەتی و بە ناوی خۆیەوە ناردی بۆ شاری سلێمانی و لە هەمان کاتیشدا سەرپشکی کردبوو بە کۆمەڵێک ڕێنمایی و سەلاحیاتی بەرفراوانی جۆربەجۆر بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت لە ناوچەکەدا و بەپێی پێویست ڕێکاریان بۆ بدۆزێتەوە و جێبەجێیان بکات، هەر لە دانانی حوکمداری کوردستان و ڕاوێژکارەکانی و دانانی حاکم و جێگری حاکمی سیاسی بۆ شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری وەک: هەڵەبجە، ڕانیە و چەمچەماڵ.[2] هەروەها ئەوەش بۆ کۆمەڵانی خەڵک و ئەو سەرۆکهۆزانەی کە پەیوەندییان پێوە دەکەیت، ڕوون بکەیتەوە کە حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا بە تەما نییە بەڕێوەبردنێکتان بەسەردا بسەپێنێت کە لەگەڵ داب و نەریت و

---

[1]- ئیدوارد ولیم چارلس نۆئێل E.W.C. Noel (١٨٨٦-١٩٧٤): ئەفسەرێکی بەریتانی بووە بە پلەی (مێجەر). ساڵی (١٨٨٦) لەدایک بووە و لە درێژەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشداریی ئەو داگیرکارییەی وڵاتەکەی کردووە کە هێزەکانی بەریتانیا بۆ سەر عێراقی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی جێبەجێیان کردووە و شارەزاییەکی باشی لە زمانی فارسی و سروشتی هۆز و خێڵەکاندا هەبووە. بە تایبەتی خێڵەکانی ناوچەی بەختیاریی ئێران و هۆزە کوردییەکان، لەو بارەیەشەوە گەلێک نووسینی بایەخداری بڵاو کردووەتەوە. لە (١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨)دا، کراوەتە ئەفسەری سیاسیی ناوچەی کەرکوک و لە کاتی یەکەمین حوکمداریەتی شێخ مەحموودی حەفیددا لە باشووری کوردستان و شاری سلێمانی، ڕاوێژکاری مەدەنی بووە. لە کۆتایی کانوونی یەکەمی (١٩١٨)دا و دوای ئەوەی کە مێجەر سۆن جێگەی دەگرێتەوە، شاری سلێمانیی بەجێ هێشتووە و بەرەو ناوچەکانی باکووری کوردستان بووەتەوە، زۆر شار و ناوچەی گەڕاوە و هاوکات چاوی بە ژمارەیەک لە کەسایەتی و سەرۆکهۆزەکانی کوردی ئەو ناچەیە کەوتووە و دواجار لە ساڵی (١٩٧٤)دا مردووە. بڕوانە: حسين فيض الله جاف، البدرخانيون في يوميات الميجر نوئيل، صحيفة (الاتحاد)، ٢٠٠٧/٩/٢٩.

[2]- المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، كتاب يبحث عن العراق في عهد الاحتلال البريطاني بين سنتي ١٩١٤-١٩٢٠، نقله الى العربية وكتب حواشيه، جعفر الخياط، (بغداد: ١٩٧١)، ص ١٨٧-١٨٨، وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، دراسة تاريخية وثائقية، مطابع سجل العرب، ١٩٩٢، ص ٤٨.

ئارەزووەکانتاندا نەیەتەوە و هەروەها ئەوەشیان بیربخەرەوە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان با کۆنفدراسیۆن پێک بهێنن و بە سەرپەرشتیی ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز کارەکانیان یەکلایی بکەنەوە.[1]

لەگەڵ هەموو ئەو سیفات و تایبەتمەندییانەشدا، بە ڕای زۆرێک لە مێژوونووسانی بیانی و تەنانەت کورد خۆیشی مێجەر نۆئێڵ کەسایەتییەک بووە کە بەردەوام تێڕوانین و سیاسەتێکی ئیجابییانەی هەبووە بەرامبەر بە کورد و دۆزی ڕەوای گەلی کورد. یەکێک بووە لەو لێپرسراوە هەواڵگری و موخابەراتییانەی بەریتانیا کە هەوڵی دەدا سیاسەتێک، کە پشتگیریی دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆی بۆ کورد یان بە لایەنی کەمەوە خودموختارییەکی کاریگەر و کارا دەکرد، پەیڕەو بکات. هەریەک لەم دوانەش ئەگەر وەدی هاتبان، بێگومان لە سایە و پارێزگاریی بەریتانیادا بەڕێوە دەچوون. لێپرسراوە پایە بەرزەکانی وەزارەتی کۆلۆنییەکانی بەریتانیا، کە کاروباریان بە مەسەلەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پەیوەست بوو، مێجەر نۆئێڵیان بە (لۆرانس-Lawrance)[2]ی دووەم و هەندێکی دیکەش بە

---

[1]- ئی. جەی. ئار، پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنوبی، و: مەهاباد سالح، بنکەی ژین، (سلێمانی: ٢٠١١)، ل ٣٦.

[2]- کۆلۆنێل لۆرانس: لۆرانس بە زۆری لە ڕۆژهەڵات و وڵاتانی عەرەبیدا بە لۆرانسی عەرەب (Lawrance of Arabia) شۆرەت و ناوبانگی ڕۆیشتووە. ناوی تەواوی تۆماس ئیدوارد لۆرانسە و لە نێو خانەوادەکەیدا بە (نید) ناسراو بووە. لە (١٦ی ئابی ١٨٨٨) لە دایکێکی سکۆتلەندی و باوکێکی بەریتانی لەدایک بووە. دوای تەواوکردنی قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندن لە (١٩٠٨)دا، لە زانکۆی ئۆکسفۆرد وەرگیراوە، لە ژیانیدا زۆر بایەخی بە ئەندازە و ستراتیجیەتی سەربازی داوە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سەرسام بووە بە کەسایەتیی (ناپلیون پۆناپارت). پێش ئەوەی لە ساڵانی جەنگی یەکەمدا بێتە ناوچەکە، بە هۆی گەشتەکانی پێشووتریەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا هەبووە و تا ڕادەیەک زمانی عەرەبی فێر بووە، لەو ماوەیەشەوە کە هاتبووە وڵاتی حیجاز و ناوچەی جەزیرە، وەک ئەفسەرێکی سەربازی هاوکارێکی بەرچاوی ئەو هێزە عەرەبییانە بووە کە لە ساڵی (١٩١٦)دا بە ڕێبەرایەتیی شەریف حسێنی مەککە ڕاپەڕینی خۆیان دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاندبوو. تەنانەت گەورەسیاسەتمەداری بەریتانی چەرچل لەبارەی لۆرانسەوە دەڵێ: (ئەگەر زۆر پێویستیش بکات، قەت هاوتای سەرهەڵناداتەوە.) لە (١٩ی ئایاری ١٩٣٥)دا، لە ئەنجامی وەرگەڕانی ماتۆڕەکەی گیانی لە دەست داوە. بڕوانە: لورانس العرب، السيرة الذاتية، ترجمة: محمد نجاد، (بيروت: ٢٠٠٥)، ص ٢٤، ویکیبیدیا، ٢٠١٥/٦/٥.

hewalname.com/ku

(لۆرانسی کورد-Lawrance of Kurd) ناویان دەهێنا.[1] مێجەر نۆئێڵ باوەڕی بە هێزی ناسیۆنالیزمی کورد هەبوو، لە بارێکدا ئەو لێپرسراوانە دڵنیا نەبوون کە یاخیبوونی کوردەکان بار و پێگەی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، بە تایبەتی لە بەرانبەر تورکیا و دوای ئەو سەرکەوتنانەی کەمالیستەکان بە درێژایی ساڵی (١٩٢١) بە دەستیان هێنابوو، باشتر بکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، مێجەر نۆئێڵ لە تەواوی ماوەی خزمەتیدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تا ساڵی (١٩٢٢) بەردەوام بوو، بۆ بیری سەربەخۆیی کوردستان وەفادار بوو، تەنانەت لە دانیشتنێکدا کە لە (١٧ی نیسانی ١٩١٩)دا لە لەندەن و لە بارەگای وەزارەتی کاروباری دەرەوە بە نهێنی بەڕێوە چووە، سەبارەت بە کێشەی ویلایەتی موسڵ و بە ئامادەبوونی لۆرد کیرزۆن[2]ی وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا و زۆرێک لە گەورە بەرپرسانی بەریتانیا، سەرەڕای ئارنۆڵد ویلسۆنی حاکمی گشتیی عێراق، مێجەر نۆئێڵ پێشنیازی ئەوەیان بۆ دەکات کە: "شاری سلێمانی بکرێتە ناوەندی ویلایەت و هەموو شار و شارۆچکەکانی وەک: ڕەواندز، ئاکرێ، هەولێر، کەرکوک، کفری و تەنانەت شاری خانەقینیشی بخرێتە سەر."[3] هەروەها لە تەواوی ڕاپۆرتەکانیدا، کە بە زۆری بۆ وەزارەتی کۆلۆنییەکان (مستعمرات) و وەزارەتی دەرەوە و کاروباری هیندستان بەرزی کردبوونەوە، بەرگریی لە

---

[1]- کمال مظهر احمد، کرکوک وتوابعها حکم التاریخ و الضمیر، دراسة وثائقیة عن القضیة الکردیة في العراق، ج١، (السلیمانیة: بلا)، ص ١٠٣.

[2]- لۆرد جۆرج ناسانیال کیرزۆن Lord Kerzon (١٨٥٩-١٩٢٥): کوڕەگەورەی بارۆنی بەریتانی (ناسانیال)ە و لە ساڵی (١٨٥٩)دا لەدایک بووە. دوای تەواوکردنی پلەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی پەیوەندیی کردووە بە کۆلێژی (ئەیتن کۆلێژ)ەوە و پاش ماوەیەک چووەتە کۆلێژی (بیڵ) لە ئۆکسفۆرد. سەرەڕای خوێندن، ماوەیەکیش سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی بووە و لە ساڵی (١٨٨٥)ەوە کراوەتە سکرتێری یاریدەدەری لۆرد سالزیوری. لە ساڵی (١٨٩٥)دا بۆ جاری یەکەم ژیانی هاوسەریی پێکەوە ناوە. لە نێوان ساڵانی (١٨٨٦-١٨٨٨)دا ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی بووە و لە نێوان ساڵانی (١٨٩٨-١٩٠٥)دا جێگری مەلیکی بەریتانی بووە لە هیندستان و لە ساڵی (١٩٠٨)ەوە گەڕاوەتەوە بەریتانیا و لە نێوان ساڵانی (١٩١٩-١٩٢٤) وەزیری دەرەوە بووە و لە ساڵی (١٩٢٥)دا مردووە. انظر: قادر سلیم شمو، موقف الکرد من حرب الاستقلال الترکیة، ص ١٨٨.

[3]- کمال مظهر احمد، کرکوک وتوابعها حکم التاریخ و الظمیر، ص ١٠٥.

ڕەسەنایەتی و ڕاستیی ناسیۆنالیزمی کوردی کردووە.[١]

ئەوە بوو بۆ مەسەلەی دامەزراندنی حوکمداریەتی باشووری کوردستان و داواکارییەکەی شێخ مەحموودیش، مێجەر نۆئێڵ دواتر و بە یاوەریی شاندێک لە ڕۆژانی داهاتوودا، وەک ئەوەی ئاماژەی بۆ کرا کە ئارنۆڵد ویلسۆنی حاکمی گشتی عێراق ڕای سپاردبوو، لەگەڵ دەستە و هەیئەتێکی بچووکی چەند کەسیدا کە تەنانەت ئەندازیارێک و دکتۆرێکیشیان لەگەڵدا بووە، جگە لە (مێجەر دانلیس-Major Danless)، بە ڕێی زنجیرەچیاکانی نێوان شاری کفریی ئەو کاتە و شارۆچکەی چەمچەماڵدا گەیشتوونەتە گوندی (داری کەلی) و لای شێخ مەحموودی ڕێبەری کوردانی باشووری کوردستان. هاوکات کاتێک باسی هاتنی مێجەر نۆئێڵ و دەستەکەی بۆ گوندی داری کەلی لە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەریدا بڵاو بووەوە، ئەو فەوجە سەربازییەی تورکەکان کە هێشتا لە ناوەندی شاری سلێمانیدا مابوونەوە و هەر کوردێکیشی کە تیایدا بوو، فەوجەکەیان بەجێ دەهێشت و بەرگی کوردییان لە بەر دەکرد. ئەوانەشی کە دەترسان، خۆیان دەشاردەوە.[٢] بە جۆرێک، هەر ئەو کاتەشی کە شاند و دەستەکەی مێجەر نۆئێڵ گەیشتنە شاری سلێمانی و بە زۆری و بە هۆی ئاکام و دەرئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تەواوی دانیشتوانی شاری سلێمانی و ناوچەکە جۆرێک لە هەژاری، گرانی، برسێتی و نەبوونی خۆراکی پێویست باڵی بەسەردا کێشابوون، جا بۆ ئەو مەبەستە و چارەسەرکردنێکی خێرا و کتوپڕی بارودۆخەکە، مێجەر نۆئێڵ لە ڕێگەی بروسکەیەکی تایبەتەوە داوا لە ئارنۆڵد ویلسۆنی حاکمی گشتیی بەریتانیا لە شاری بەغدا دەکات بەوەی کە دەستگیرۆیی و یارمەتییەکی خێرا و بەپەلە بگاتە دانیشتوانی شارەکە، سەرەڕای هەناردەکردنی بڕێک دانەوێڵە و تۆوی زۆر پێویست و دابەشکردنی بەسەر جوتیارانی ناوچەکەدا.[٣]

hewalname.com/kurd

---

[1]- ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، کوردستان ١٨٨٠-١٩٢٥، و: ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٢، (سلێمانی: ١٩٩٩)، ل ٩١.

[2]- حیلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، ل ٥٨- ٥٩.

[3]- دار الكتب والوثائق، وزارة الداخلية، رقم الملف (٤/١٧)، برقية ميجر نوئيل من السليمانية الى ارنولد. ت. ويلسن، ١٦ تشرين الثاني ١٩١٨، سر ارنلد تي ولسون، بلاد مابين النهرين بين

به جۆرێکی ئەوتۆ، لەو کاتەدا شاری سلێمانی وای لێ هاتبوو لە ڕووی دانیشتوانەوە بە تەواوی دابووی لە کەمی و لە وێرانەیەکی زۆر ترسناک چووە، بۆ نموونە، مێجەر سۆن[١] لە درێژەی ڕاپۆرتێکیدا و لەبارەی شاری سلێمانیی ئەو کاتەوە دەنووسێت: "ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی کە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٤)دا بە بیستهەزار کەس دەخەملێنرا، کەم بووەوە تا گەیشتە دووهەزار و پێنجسەد کەس. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٨)دا، کاتێک ئێمە شارەکەمان داگیر کرد، برسێتی و نەخۆشی ئەو خەڵکەی زۆر خراپ لەناو بردبوو."[٢] ئەوە بوو پاش دڵنیاکردن و پێکهێنانی ئەنجومەنێکی فراوان لە پیاوماقووڵان و کەسایەتییە دیار و ناسراوەکانی ئەو کاتەی شاری سلێمانی و دەوروبەری، دەستەی ئینگلیزەکان بە سەرۆکایەتیی مێجەر نۆئێڵ لە گوندی (داری کەلی)یەوە هاتنە ناو شاری سلێمانی. دوای دەرکردن و بڵاوەپێکردنی پاشماوەکانی هێزی سوپای تورکەکان، مێجەر

---

ولائين، خواطر شخصية وتاريخية، ترجمة: فواد جميل، تقديم: الدكتور علاء موسى كاظم نورس، ج٣، (بغداد: ١٩٩٢)، ص ١٦.

[1]- ئیلی بانیستەر سۆن Ely Bannister Soane (١٨٨١- ١٩٢٣): سیاسەتمەدار و ئەفسەرێکی بەریتانی بووە. لە (١٨٨١/٨/١٦)دا لە کینزنگتن لەدایک بووە. لە ساڵی (١٩٠٢)ەوە هاتووەتە وڵاتی ئێران و شار و ناوچەکانی: تاران، یەزد، بوشەهر و شیراز گەڕاوە و ماوەیەکیش بووە بە ژمێریاری بانکی شاهەنشاهی. لە ساڵی (١٩٠٥)ەوە بووە بە موسڵمانی شیعە و لە شاری کرماشانیش کراوەتە بەڕێوەبەری بانکی شاهەنشاهی و لێرە بەدواوە فێری زمانی کوردی بووە. ماوەیەکیش حاکم یان جێگری حاکمی شار و شارۆچکەکانی (قەسری شیرین ١٩١٣)، (دیزفول ١٩١٦)، (خانەقین ١٩١٧) بووە. ماوەیەکیش بە ناو هۆزی بەختیاریدا گەڕاوە و زانیاریی کۆ کردووەتەوە. جگە لە هەموو ئەوانەش، بایەخێکی گەورەی بە بارودۆخی کوردستان داوە و ماوەیەکیش بە شێوازێکی شۆفاری و بە ناوی خواستراو و خۆگۆڕی (متنکر)ی میرزا غوڵام حوسێنی شیرازییەوە زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە و لە ساڵی (١٩١٩)ەوە لە لایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە کراوەتە حاکمی شاری سلێمانی و جێگەی مێجەر نۆئێڵی گرتووەتەوە. دواتریش بە هۆی نەخۆشیی (سیل)ەوە لە (٢٤ی شوباتی ١٩٢٣)دا مردووە. بڕوانە: مێجەر ئی. بی. سۆن، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، (سلێمانی: ٢٠٠٧)، ل١٥-٢٢.

[2]- Soans: Report on Sulaimaitah Distirict of Kurdistan with some notes of the frotier Tribes of Turky and persa and History of the Fronter Question of the countries 1920.

وەرگیراوە لە: جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد، ب١، ل ٩٧.

نۆئێڵ بەپێی ئەو ڕاسپاردەیەی کە لە لایەن ئارنۆڵد ویلسۆنی حاکمی گشتیی عێراقەوە لە شاری بەغداوە پێی سپێردرابوو، ڕۆژی یەکی تشرینی دووەمی ١٩١٨ لە بەر دەرگای (سەرا)ی شاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی گەورەی ڕێکخست.[١] "بەڵام زۆرێک لە سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن گوایە مێجەر نۆئێڵ لە دەوروبەری ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمدا گەیشتبێتە سلێمانی."[٢] بە جۆرێک، زۆربەی زانایان، پیاوانی ناودار، بازرگانان، سەرۆکی هۆزەکانی کوردستان و دەستەکانی تری کۆمەڵانی خەڵک لەو کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە جەماوەرییە گەورەیەدا بەشدار بوون. لێرەدا و لە چوارچێوەی ئەم ڕێوڕەسمە جەماوەرییەدا، مێجەر نۆئێڵ بە ناوی حاکمی گشتیی بەریتانیاوە لە وڵاتی عێراق سەرکەوتووەتە سەر کورسییەک و بە زمانی (فارسی) وتارێکی دووردرێژی بۆ جەماوەری ئامادەبوو خوێندووەتەوە، وەک ئەوەی لە بەشێکیدا وتوویەتی: "بە ناوی حکومەتی بەریتانیا و حاکمی مەدەنیی گشتییەوە لە عێراق قسەتان لەگەڵدا دەکەم. ئێوە ئازادن، لە دیلی ڕزگارتان بوو، شێخ مەحموودیش حوکمداری کوردستانە، منیش بە ناوی حاکمی مەدەنیی گشتییەوە ئەم مژدەیەتان دەدەمێ..."[٣] هەر لەم ئامادەبوونەی دانیشتوانەشدا بە زۆربەی چین و توێژەکانیەوە، ئەوە بوو شێخ مەحموودی حەفید بە: (حوکمداری کوردستان) دەستنیشان کرا و کارمەندی کوردیش بۆ هەریەکە لە ناوچە بچووکەکان دەستنیشان کرا بۆ کارکردن بە چاودێریی ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز. لە هەمان کاتیشدا لە هەر شوێنێک بکرایە، دەستوبرد کارمەندی تورک و عەرەب لادەبران و کارمەندی کورد جێگەیان دەگرتنەوە.[٤] جگە لە هەموو ئەوانەش، مێجەر نۆئێڵ خۆیشی کرایە ڕاوێژکاری سیاسیی شێخ مەحموود و هاوکات مێجەر دانلیس، کە ئەویش هەر یەکێک بووە لەو ئەندامانەی کە لەگەڵ دەستە و هەیئەتە ئینگلیزییەکەدا هاتبوونە داری کەلی و شاری سلێمانی، کراوە بە ڕاوێژکاری سەربازی و دارایی شێخ

[1]– حیلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، ل ٥٨– ٥٩.

[2]– المس بیل، فصول من تاریخ العراق القریب.. ص ١٨٩.

[3]– جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد.. ب١، س. پ، ل ٢٣٦.

[4]– ئی. جەی. ئار، پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی، ل ٣٦.

مەحموود.[١] شانبەشانی ئەوانەش، بە فەرمانی شێخ مەحموود خۆی مامۆستا ڕەفیق حیلمی[٢] ڕاسپێردراوە بەوەی کە کاری نووسین و وەرگێڕانی کاروباری مێجەر نۆئێڵ بگرێتە ئەستۆ، وێڕای هەموو ئەوانەش، هەر لە لایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە لە عێراق، کە ددان بە دەسەڵاتی شێخ مەحموودا نرا، وەک فەرمانبەرێکی حکومی مووچەی ماندووبوونەکەشی پێ دەدرا[٣] کە بەسەر یەکەوە دەیکردە پازدەهەزار ڕوپیە[٤]ی مانگانە. ئەمەش بۆ خۆی هاوتا

---

[1]- عبدالرحمن ادريس البياتي، الشيخ محمود الحفيد (البرزنجي) والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، تقديم: كمال مظهر احمد، (السليمانية: ٢٠٠٧)، ص ١١٠.

[2]- ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠): ساڵی (١٨٩٨) لە کەرکوک لەدایک بووە. باوکی ئەفسەری سوپای تورک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەرکوک و سلێمانی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کردووە. پەیمانگەی ئەندازیاریی لە ئەستەمبووڵ خوێندووە و لە ساڵی ١٩٢٠دا گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان. لە دووەمین حکومداریەتی شێخ مەحموودا ڕاوێژکاری سیاسی بووە و یەکێک بووە لە بەشداربوانی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرای سلێمانی (١٩٣٠)، هاوکات لە دروستبوونی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانی وەک: کۆمەڵەی کوردستان (١٩٢٢)، کۆمەڵەی پشتیوانی کوردان (١٩٢٧)، حیزبی هیوا ١٩٣٩دا بەشداریی کردووە. لە چاپکراوەکانی: یاداشت (٧) بەرگ، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی (٢) بەرگ، خولاسەی مەسەلەی کوردستان، وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە، پاش تەموز: دیوانی شیعر ١٩٦٠، جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی، تورکی، فارسی و فەڕەنسیی بە باشی زانیوە. بڕوانە: شکری محەمەد سەگبان، پرسی کورد، کێشەگەلی کەمینە نەتەوەکان، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، (هەولێر: ٢٠١٣)، ل ٨٤-٨٥، محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی لە کوردستانی باشوور، (هەولێر: ٢٠١٤)، ل ٣٧٤- ٣٧٥.

[3]- سێر ئارنوڵد ویڵسن، شۆڕشەکەی عێراق، س.پ، ل ١٧٣.

[4]- ڕوپیە Rupya: بریتییە لە دراوێکی هیندی، بە زۆری لە زیو داڕێژراوە و لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئینگلیزەکاندا لە عێراق کاری پێ کراوە. نرخەکەی (٧٥) فلسی ئێستا بووە. ناوی ڕوپیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر وشەی (ڕوپ)ی سانسکریتی کە ماناکەی زیوە و ئەمڕۆ لە عێراقدا باوی نەماوە. ڕوپیە لە وڵاتی هیندستان و پاکستاندا لە (١٥٤٢) لە سەردەمی شیرشاە (١٥٣٩- ١٥٤٥)دا لێ دراوە و دوای جیابوونەوەی ئەو دوو وڵاتە لە ساڵی (١٩٤٧)ەوە، هەردوولایان بەکاریان هێناوە. نرخەکەی لە وڵاتی هیندستان بەرامبەر بە (٢٠،٨٧) سەنتی ئەمەریکییە، واتە دۆلارێکی ئەمەریکی دەکاتە (٤،٧٧) ڕوپیە، ڕوپیەی هیندیش کراوە بە (١٠٠) نایيەوە، بەڵام لە وڵاتی پاکستان ڕوپیە بەرامبەر بە (٣٠،٢٢) سەنتە و بریتییە لە (١٦) ئانە. ئانەیەکیش دەکاتە (٤) بیسە. بڕوانە، یاسین سابیر ساڵح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، (سلێمانی:٢٠٠٠)، ل ٥١٧.

بوو لەگەڵ نزیکەی (١٢٢٥) جونەیهی ئەستەرلینی لەو کاتەدا، ئەم مووچەیەش بۆ حوکمداری کوردستان لە دەسەڵات و حوکمداریەتی یەکەمیدا.[١] سەرەڕای ئەوەش، زۆرێک لە خزمان و کەسوکارە نزیکەکانی شێخ مەحموودی حوکمداری کوردستان کاروباری گرنگیان پێ سپێردرا. هاوکات ئەوە بوو کەموکوڕیی ئایینیی کۆمەڵانی خەڵکیش پشتگوێ نەخرا و لە بەرچاو گیرا، وەک ئەوەی ئامادەکاری کرا بۆ چاککردنەوەی گرنگترین مزگەوت لەسەر حیسابی حکومەت. لە کاتێکدا دراویش وەک بەخشیش پێشکەش کرا بۆ جێبەجێکردنی پەیڕەوە ئایینییەکان و شانبەشانی ئەوانەش هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی برسێتیی خەڵک و هێنانی خۆراک و دانەوێڵەی پێویست لە شاری هەولێرەوە لەگەڵ برەودان بە بواری کشتوکاڵی.[٢] بەڵام وەکتر، ئەم حوکمڕانیکردنەی شێخ مەحموود بە هۆی سیاسەتی ناڕەوای ئینگلیز و بە تایبەتی مێجەر سۆن، کە لە سەرەتاکانی مانگی مارتی (١٩١٩)دا و لە دەرئەنجامی بەستنی کۆنگرەیەکدا کە بە سەرپەرشتیی ئارنۆڵد ویلسۆن و ئامادەبوونی چەند کەسایەتییەکی تری بەریتانی وەک: مێجەر نۆئێڵ، لیچمەن، شۆن، گۆردن و ۆکەر لە شاری بەغدا بەڕێوە چوو، مێجەر سۆنی دوژمنی ڕقاوی و سەرسەختی شێخ مەحموود، بە ڕازیبوونی تەواوی مێجەر نۆئێڵ خۆی، جێگەی نۆئێڵی گرتەوە بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ دەسەڵاتەکەی لە شاری سلێمانی و دەوروبەریدا دابنێ.[٣]

---

[1]- عبدالرحمن ادریس صالح البیاتی، الشیخ محمود الحفید، ص ١٠٩.

[2]- ئی. جەی. ئار، پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی، ل ٣٧- ٤٩.

[3]- سێر ئارنۆڵد ویلسن، شۆڕشەکەی عێراق، س. پ، ل ١٨٤، عبدالرحمن ادریس صالح البیاتی، الشیخ محمود الحفید، ص ١٢٢، جەرجیس فەتحوڵلا، وریابوونەوەی کورد، ب١، ل ٢٤٩.

## مێجەر سۆن و بارودۆخی شاری سلێمانی و دەوروبەری

لەو دەمانەشەوە کە مێجەر سۆن جێگەی مێجەر نۆئێلی گرتەوە، باردۆخی شاری سلێمانی و هەلومەرجی ناوچەکە بە شێوازێکی دی سەرچاوەی دەگرت؛ لە لایەک بە هۆی ئەوەی کە مێجەر سۆن دەیویست سنوورێک بۆ دەسەلاتی شێخ مەحموود دابنێ و کارێکی واش بکات ڕۆژبەڕۆژ دەسەلاتی ڕاستەوخۆی بەریتانیا لە ناوچەکەدا زیاتر بچەسپێت، کەچی بە پێچەوانەشەوە، شێخ مەحموود بەردەوام ویستێکی سەرکەشانەی دوور لە دەسەلاتی بەریتانیای هەبوو بەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلات و بەڕێوەبردنەکەی بە شێوازێک فراوان بکاتەوە کە تەنها شاری سلێمانی و دەوروبەری نەگرێتەوە، بەڵکو ئەو دەیویست ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بەرەو سنوورەکانی شاری کەرکوک و کفری بڕوات و کاروباری بەڕێوەبردنیان لە سلێمانییەوە سەرچاوە بگرێت. بەڵام زۆرێک لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە لەگەڵ بوونە حکومداریەتیی شێخ مەحمووددا نەبوون و تەنانەت: "دەوڵەمەندەکانی شاری کەرکوک ڕێگەی پێشکەوتنیان بەرەو بەغدا دەزانی، نەک بەرەو سلێمانی... یەکگرتن و هاوپشتی هۆزایەتی بوو، نەک نەتەوایەتی."[١] هەر بۆیە ئەمەش زۆر درێژەی نەکێشا و دوایی لە لایەن سوپای داگیرکەری بەریتانیاوە، کە بە زۆری لە ناوچەکانی تری عێراقەوە بۆ ئەو مەبەستە کۆی کردبوونەوە، توانییان دەسەلاتەکەی شێخ مەحموود بە تەواوی لەناو ببەن، کە گوایە ئەمەش بە پشتگیریکردن و خیانەتی کەسایەتییەکی وەک: (موشیری حەمەی سلێمانی هەمەوەند) بووە.[٢] بەوەی هێزەکانی بەریتانیای داگیرکەر توانیویانە

---

[1]– جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد.. ب١، س. پ، ل ٢٥٥.

[2]– لە شەڕی دەربەندی بازیان بەدواوە و بە درێژایی سالانی سەدەی بیستەم، چ بە حەق و چ ناهەق، زۆر دەوترا و زۆر نووسرا لەبارەی هەڵوێستی خوالێخۆشبوو موشیری حەمەی سلێمانی هەمەوەندەوە. ئەوەی درایە پاڵ کە گوایە ئەو لە ڕێنماییکردنی سوپای بەریتانیای داگیرکەردا بۆ داگیرکردنی شاری سلێمانی و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی حکومداریەتی شێخ مەحموود دەستی هەبووە، بە تایبەتی لە شەڕی دەربەندی بازیانی (١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩)دا و هاوکات دەستگیرکردنی شێخ مەحموودی حەفید بە بریندار لە شەڕی ناوبراودا لە لایەن هێزەکانی سوپای بەریتانیاوە، کەچی لەم سالانەی دواییدا دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە (١٠٢)ی (١٩٩٧)دا، هەروەها دواتریش لە بەرگی دووەمی چەند

شێخ مەحموود لە شەڕی دەربەندی بازیانی بەناوبانگدا، کە لە (١٨ حوزەیرانی ١٩١٩)دا ڕووی داوە، بە بریندراری دەستگیر بکەن و ژمارەیەکی زۆریش لە هاوەڵانی لەم شەڕەدا بکوژرێن و بەدیل بگیردرێن.

ئەوە بوو شێخ مەحموود لەگەڵ شێخ محەمەد غەریبی زاوایدا و دوای دەستگیرکردنیان، لە ڕێگەی شاری کەرکوکەوە گواسترانەوە بۆ شاری بەغدا و دوای چارەسەرکردنی پزیشکی و دادگاییکردنیان لە ئەنجومەنی عورفیی سەربازی، فەرمانی لەسێدارەدان بۆ شێخ مەحموود دەرچوو، بەڵام دواتر ڕۆژنامەی (Bagdad Times) لە (٢ی ئەیلولی ١٩١٩)دا هەواڵی سووککردنی سزای لەسێدارەدانی شێخ مەحموودی بڵاو کردەوە، بەوەی حوکمەکەی گۆڕاوە بۆ (١٠) ساڵی بەندی و شێخ محەمەد غەریبی سیتەک، کە زاوای شێخ مەحموود بووە، فەرمانی (٥) ساڵی بەندی، لەگەڵ سزادانی بڕی (١٠) هەزار

---

لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کوردیدا، کە عەبدوڵڵا زەنگەنە ئامادە و کۆی کردووەتەوە، هەموو ئەو ناهەقی و تۆمەتانەی ڕەت کردووەتەوە و تەنانەت خۆشی بە ناهەق زانیوە لەو بارەیەوە. دواتریش لە لایەن ڕووناکبیرانی ئەو کاتەوە زۆری لەبارەوە وترا و زۆری لەبارەوە بڵاو کرایەوە، تەنانەت زۆر بە داخەوە، ئێمەش یەکێک بووین لەوانەی پشتبەستوو بە سەرچاوەکانی ئەو ڕۆژگارە و بە تایبەتی نووسینەکانی دکتۆر کەمالی مامۆستامان و بەبی لێکدانەوەیەکی زانستیی ڕاست و دروست، هەمان ناهەقی و هەمان تۆمەتمان گواستووەتەوە بۆ ناو نووسینەکانی خۆمان، هەروەها لەم ساڵانەی دواییشدا، لە چوارچێوەی چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا کە (هۆشیار کەریم) لە ساڵی (١٩٧٤)دا، کە لەگەڵ ئیدمۆندس ( C. J. Edmonds)دا سازی کردووە و بە چەند ساڵێک دواتر لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لە ساڵی (٢٠١٤)دا بڵاوی کردووەتەوە، ئیدمۆندسیش هەمان هەڵوێستی دووبارە کردووەتەوە و کەسایەتییەکی وەک (موشیری حەمەی سلێمان)ی لەو بارەیەوە بە بێتاوان داناوە و لەو بارەیەشەوە چ دوور و چ لە نزیک هیچ ڕۆڵێکی نەبووە. بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ئا: عەبدوڵڵا زەنگەنە (هەولێر: ٢٠٠١)، ل ٢٠١-٢٠٦، هۆشیار کەریم، چاوپێکەوتنێکی ئیدمۆندس (C. J. Edmonds) لە (١٩٧٤)دا، کوردستانی نوێ، ب٢، پێنجشەممە ٢٠١٤/١٢/١١.

[2]– المس بيل، مذكرات المس بيل، الجاسوسة البريطانية في العراق ابان ثورة العشرين، ترجمة: جعفر الخياط، (بغداد: ٢٠٠٦)، ص ٧٠، سێر ئارنۆڵد ویلسن، شۆڕشەکەی عیراق، س. پ، ل ١٩٤.

ڕوپیەی ئەو کاتە بۆ بڕاوەتەوە و پێکەوە دوورخراونەتەوە بۆ هیندستان.[1] هەرچەندە پێش ئەمەش، واتە بەر لەوەی شەڕی دەربەندی بازیانی (١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩) بەرپا ببێت، بۆ مەبەستی پارێزگاریکردن لە دەسەڵات و نیەتخراپیی ئینگلیزەکان بەرامبەر بە دەسەڵات و حوکمداریەتەکەی، شێخ مەحموود داوای لە هەریەک لە مەحموود خانی دزڵی[2] و کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند[3] و عەباسی مەحموود ئاغای پشدەر کردووە بۆ ئەوەی بچن بە هانایەوە و پشتگیریی لێ بکەن. ئەوە بوو کەسایەتی و ڕێبەرێکی وەک مەحموود خانی دزڵی لە ناوچەی هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە ناوی زیارەتکردنی مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخەوە لە (٢١ی مایسی ١٩١٩)دا بە نزیکەی (٣٠٠) چەکداری ئەو کاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە

---

[1] - شێخ مەحموودی حەفیدزادە لە بەڵگەنامەکانی فەڕەنسی دا ١٩١٩-١٩٣٤، ل ٣٩-٤٠، المس بيل، مذكرات المس بيل، الجاسوسة البريطانية في العراق ابان ثورة العشرين، ترجمة: جعفر الخياط، (بغداد: ٢٠٠٦)، ص ٧٠، سێر ئارنۆڵد ویلسن، شۆڕشەکەی عیراق، س. پ، ل ١٩٤.

[2] - مەحموود خانی دزڵی (١٨٧٠-١٩٤٦): کوڕی عەزیز خانی کوڕی بارام بەگە. لە ساڵی (١٨٧٠)دا لە ئاوایی (دەربەندی دزڵی) ناوچەی هەورامانی تەخت لەدایک بووە. لە پاش مردنی باوکی کاروباری ناوچەکەی دەکەوێتە دەست و لە دەرئەنجامی تێکۆشان و خەباتی بەردەوامیدا بۆ گەلێک شوێنی جیاوازی وەک: هیندستان، سنە، قەسری قاجار، هنێدی، ڕومادی، سلێمانی، کەرکوک و شاری بەغدا دەستبەسەر کراوە و دوورخراوەتەوە، هەروەها پەیوەندییەکی گەورەی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید و سمکۆ ئاغای شکاک و سەردار ڕەشیدی ئەردەڵانی و حەمەڕەشید خانی بانەدا هەبووە و لە بەهاری (١٩٤٦)دا، لە کاتی وتووێژکردنیدا، لەگەڵ ئەفسەرێکی ئێرانیی پەهلەویدا لە (کەلی ملەخورد)ی سەر سنووری وڵاتی (ئێران-عێراق) دەرمانخوارد دەکرێت و دوای چەند ڕۆژێک کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: عومەر مارف بەرزنجی، مەحموود خانی دزڵی، ل ٣١-٣٦.

[3] - کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند (١٨٧٠-١٩٢٦): کوڕی فەتاح بەگی کوڕی کوێخا ڕەسوڵی کوڕی جوامێری هەمەوەندە. ساڵی (١٨٧٠) لە بنەماڵەیەکی ئایینیی شارۆچکەی چەمچەماڵ لەدایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە حوجرەوە دەست پێ کردووە. بەڵام پێی تەواو نەکراوە. کەسایەتییەکی سوارچاک بووە و لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمووددا ڕۆڵێکی کارا و بەرچاوی هەبووە و جێگەی متمانەی بووە. چەندین جار بریندار کراوە و تا ئەو کاتەی لە (٢٩ حوزەیرانی ١٩٢٦)دا، دوای هێرشکردنی بۆ سەر گوندی (قەرەتامۆ) و برینداربوونی وەفات دەکات. بڕوانە: سەروەر ئەحمەد کەریم، چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، (سلێمانی: ١٩٩٨)، ل ٧- ٥٣.

تایبەتی ناوچەی هەورامانەوە لە ڕێگەی شاخی گۆیژەی سنووری سلێمانییەوە خۆیان کردووە بە ناو شاری سلێمانیدا و توانیویانە بە ماوەیەکی کەم لە دەسەڵاتی ئینگلیزەکانی پاک بکەنەوە، هەرچەندە لە لایەن هێزەکانی (لیڤی-Levy)[1]ی بەریتانییەوە بۆ ماوەیەک بەرگری کراوە و ژمارەیەک لە کەسایەتیی سیاسی و سەربازییان لە ٢٣ی مایسی هەمان ساڵدا بە دیلی گیراون.[2] لەوانە، جێگری حاکمی سیاسیی مێجەر سۆن، کە لەو دەمانەدا (گرین هاوس-Green house) بوو، لەگەڵ مێجەر دانلیسی سەرۆکی لەشکری لیڤی بەریتانی و ڕاوێژکاری سەربازی و دارایی شێخ مەحموود.[3] بەم شێوەیەش دەست بەسەر خەزێنە و دامودەزگاکانی تەواوی شاردا گیرا و هێڵی تەلەفۆن لە نێوان شاری سلێمانی و کەرکوکدا پچڕا، هەروەها هەمان بارودۆخ لە شارێکی وەک هەڵەبجەشدا سەری هەڵدا، ئەوە بوو شار و دەوروبەری بە تەواوی دەستیان بەسەردا گیرا و کاپتن لیز (Lees G.M.L) کە ئەفسەرێکی فڕۆکەوان و حاکمی سیاسیی شار بوو و لە (١٥ی مارتی ١٩١٩)شدا بۆ

---

[1]- لیڤی-levy: هێزێک بوو فەرمانڕەوایانی بەریتانیا، لە وڵاتی عێراقدا پێکیان هێنا بۆ ئەوەی جێگەی هێزەکانی خۆیان بگرێتەوە و لە هەموو ڕەگەزەکانی: ئاشووری، کورد و عەرەبی تێدا بووە. بەڵام دواتر ئەمانە بوون بە کرێگرتە و وەک ئامێرێک بە دەستی ئینگلیزەکانەوە دژ بە بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقی بە کورد و عەرەبییەوە و دواتریش ڕەگەز و خەڵکانی تریشیان تێکەوت و جاری واش بووە زۆر شوێنی هەستیاری وڵاتی عێراقیان بەوان سپاردووە، لەوانە بنکەی سەربازی (شعێبەی سەربازی) لە (١٩٣٣/٢/٢٨)دا. بڕوانە: دار الكتب والوثائق، رقم الملف (٣١١/١١٥٧)، ملخص استخبارات النصف الثاني، سري، المنطقة الجنوبية، تسليم حراسة الشعيبة الى الليفي، رقم الوثيقة (٢٧)، ١٩٣٣/٣/١، ص ٦٨، جي كيلبرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥- ١٩٣٢، ترجمة: مؤيد ابراهيم الونداوي، (السليمانية: ٢٠٠٦).

[2]- شێخ مەحموودی حەفید زادە لە بەڵگەنامەی فەرەنسی دا ١٩١٩-١٩٣٤، وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە: دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، (سلێمانی: ٢٠٠٦)، ل ١٥- ١٧.

[3]- ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، لاپەڕەیەک لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، سمکۆ، هەستانەکەی ڕەواندز و پەیوەندیی بە وڵاتانەوە، ڕێکخستن و ئامادەکردنی بۆ چاپ، جەلال تەقی، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، (بەغدا: ١٩٧٠)، ل ٢٨-٢٩، سر ارنلد تی ویلسون، بلاد مابين النهرين، ج٣، ص ٢٦، شاكرو خدو محوى، المسالة الكردية في العراق المعاصر، ص ٢٠.

ماوەیەک کرابووە یاریدەدەری حاکمی سیاسیی شاری کفری،[١] بە نارەحەتییەکی زۆرەوە و بە هاوکاریی عادیلە خان،[٢] هاوسەری وەسمان پاشای جاف، توانیی بەرەو شاری خانەقین هەڵبێت و دەرباز ببێت، هەرچەندە وەک ئارنۆڵد ویلسۆن خۆی دەیگێڕێتەوە، بۆ چاودێریکردنی ڕووداوەکان دواتر بە فڕۆکە هاتووەتە سەر ناوچەکە و شاری سلێمانی و هەڵەبجە و وردەکارییەکانی ئەو بارودۆخەی بە چاوی خۆی دیوە. بەڵام بە هۆی کەمیی بەنزینی فڕۆکەکەیەوە و کارلەکارترازانی بارودۆخەکەوە، شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە و بە ناچاری گەڕاوەتەوە.[٣]

---

[1]- ئی جەی. ئار، پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنوبی، ل ٥٨- ٥٩، عبدالرحمن ادریس البیاتی، المصدر السابق، ص ١٢٥.

[2]- عادیلە خانم (١٨٥٩- ١٩٢٤): یەکێکە لە ئافرەتە ناودارەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا و کچی عەبدولقادری ساحێبقڕانە و بە یەکێک لە نەوەکانی دوازدە سوارەی مەریوان دادەنرێت. ساڵی (١٨٥٩) لە ناوچەی (سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. بە زۆری لە نێو بنەماڵەی ئەردەڵانییەکاندا پەروەردە بووە. لە ساڵی (١٨٩٥)دا ژیانی هاوسەریی لەگەڵ وەسمان پاشای کوڕی حەمەپاشای جافدا پێکەوە ناوە کە ماوەیەک قائیمقامی شاری هەڵەبجە و هەروەها سەرۆکی هۆزی گەورەی جاف بووە لە دوای مردنی مەحموود پاشای جاف (١٨٤٥-١٩٢١)ەوە. لە مردنی مێردەکەی بەدواوە جێگەی گرتووەتەوە و ماوەیەکیش کراوەتە قائیمقامی شاری هەڵەبجە و کاروباری ئیداریی شار و ناوچەکەی بەڕێوە بردووە. لەگەڵ ئەوەشدا سێ بازاڕی گەورەی لە ناوەندی شارەکەدا دروست کردووە و لە سەروبەندی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهان و بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خۆراک و شتومەکەوە هاوکارییەکی گەورەی هاووڵاتیانی نەداری ناوچەکەی کردووە، هاوکات دایکی هەردوو شاعیری ناسراوی کورد (تایەر بەگ) و (ئەحمەد موختار بەگی جاف) و عیزەت بەگی وەسمان پاشای جافی سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی بووە. هەروەها لە لایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانییەوە لە عێراق ویسامێکی ڕێزلێنانی فەخری و نازناوی باڵای هیندی (خان بەهادوور)ی پێ بەخشراوە، تەنانەت لە سەردەمانێکیشدا مێجەر ئەدمۆنس بە شاژنی تاجلەسەرنەنراوی شارەزوور ناوی بردووە (ملكة شهرزوور غير متوجه). لە تەمەنی (٦٥) ساڵی و لە (١٩٢٤)دا وەفاتی کردووە و لە گۆڕستانی (ئەبا عوبەیدە)ی نزیک هەڵەبجە ئەسپەردەی خاک کراوە. بڕوانە: عبدالرحمن ادریس صالح البیاتي، الشیخ محمود الحفید البرزنجي، ص ٦٥، المس بیل، فصول من تاریخ العراق القریب، ص٢٠١- ٢٠٢، ابراهیم طاهر معروف الرباتي، المراة الكردية و دورها في المجتمع الكردي، (اربیل: ٢٠٠٤)، ص ٢١٢.

[3]- سر ارنلد تی ویلسون، بلاد مابین النهرین بین ولائین، ج٣، ص ٢٦- ٢٧، المس بیل، فصول من تاریخ العراق القریب، ص ٢٠١.

شێخ مەحموودیش، سەرەڕای هێنانەخوارەوەی ئاڵای بەریتانیا لە سەر سەرای فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لە شاری سلێمانی، خۆی بە حوکمداری ڕاستەوخۆی باشووری کوردستان ناساندووە و ئاڵای تایبەت بە حوکمداریەتەکەی خۆی لە شوێنی بەرز کردووەتەوە. بەڵام دوای هێنانی هێزێکی گەورەی سەربازی بەریتانی بۆ ناوچەکە و فشارێکی بەردەوامی هێزەکانیان و ناجۆری و یەکنەگرتنی هۆز و خێڵە کوردییەکان بۆ پشتگیریکردن لە شێخ مەحموود و حوکمداریەتی شێخ مەحموود و دەسەڵاتەکەی، وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، بە یەکجاری لە ڕووداوی دەربەندی بازیان بەدواوە بۆ جارێکی دی شاری سلێمانی، کە ناوەندی حکومداریەتی شێخ مەحموود بوو، کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکانەوە و مێجەر سۆنیش، کە کاتی خۆی بە ناوی خواستراو و خۆگۆڕی (متنكر) میرزا غولام حسێنی شیرازییەوە هاتبووە کوردستان و ناوچەکە، شانبەشانی ئەوەش بە ڕادەیەکی زۆر شارەزای داب و نەریتی کوردەواری و بارودۆخی کوردستان بوو، بۆ جارێکی دی و دوای هەڵاتنی بۆ شاری کەرکوک، لە (١ی تەمووزی ١٩١٩)دا دووبارە گەڕایەوە شاری سلێمانی و ڕاستەوخۆ بوو بە فەرمانڕەوا لە شار و ناوچەکانی دەوروبەریدا، بە جۆرێک، هەر لەخۆڕاش نەبووە کەسایەتییەکی وەک ئەحمەد تەقی[1] کە هاوچەرخی تەواوی

[1]– ئەحمەد تەقی (١٨٩٢– ١٩٦٠): بەپێی بیرەوەرییەکانی لە (١٣١٠) کۆچی، بەرامبەر بە (١٨٩٢) زایینی، لە سلێمانی لەدایک بووە، لە حوجرەی ئەهلییەوە هەر لە شاری سلێمانی قورئانی پیرۆز و زمانی فارسیی خوێندووە، دواتریش چووەتە قوتابخانەی ڕۆشنبیری سەربازی و ماوەیەک لە مەحکەمەی سلێمانی وەک کاتبی دووەم و (منەسق)ی مەعاون لە شاری هەڵەبجە دامەزراوە و لای مەلای مزگەوتەکانی ئەو کاتە دەرسی نەحوو و سەرفی خوێندووە. لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە ساڵی (١٩١٤)، لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا کراوەتە سەرباز و لە قەڵەمی تابوور کاری کردووە. لە ماوەی خزمەتی سەربازیدا و لەگەڵ ئەو فیرقە سەربازییەی کە ئەوی تیا بووە، گواستراونەتەوە بۆ سوریا و لەوێشەوە بۆ وان و ئەرزڕووم بە مەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی هێزەکانی ڕووسیا و تا کاتی بەرپابوونی شۆڕشی ڕووسیای (١٩١٧) لەوێ ماوەتەوە. بە زۆری لە بیروەرییەکانیدا، کە بۆ هاوکاریکردنی مامۆستا ڕەفیق حیلمی و نووسینی یاداشتەکانی نووسیویەتی، زۆر لایەنی شاراوەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و سمکۆی شکاک ڕوون دەکاتەوە. جگە لە شێوازی داگیرکاریی تورکەکان و ئینگلیز لە باشووری کوردستان و ناوچەکەدا، بەڵام وەک جەلال

ڕووداوەکانی سەردەمی شێخ مەحموود بووە، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بنووسێت: "بە مێجەر نۆئێڵ وتراوە مەئمووری پێکهێنانی حکومداریەتی شێخ مەحموود و بە مێجەر سۆنیش وتراوە مەئمووری تێکدانی حکومەتی شێخ مەحموود."[١]

هەر لەگەڵ دەسەڵاتگرتنەدەستی ڕاستەوخۆیدا، بۆ جارێکی دی دەستی کردووەتەوە بە بەکارهێنانی سیاسەتی زەبروزونگ و تۆقاندن دژ بە دانیشتوانی شار و ناوچەکە، وەک ئەوەی هەر هەڵوێستێک بەگوێرەی ویست و بۆچوونی ئەوان و فەرمانڕەوایانی بەریتانیای داگیرکەر نەبوایە، ئەوان هەوڵی لەباربردن و لەناوبردنیان دەدا.[٢] وەک ئەوەی ئەحمەد تەقی لەم بارەیەوە لە درێژەی یاداشتەکانیدا دەنووسێت: هەتا جارێک کە بە بەردەمماندا تێپەڕی و ئێمە لە بەری هەڵنەستاین، گەڕایەوە سەرمان و پێی وتین: "بێناموسینە، بۆچی لە بەرم هەڵناستن، خاڵە مەلا ساڵحم لێی ڕاست بووەوە و جوێنەکەی پێ دایەوە." ئەم هەڵوێستەش بۆ خۆی بووە مایەی دەستگیرکرن و بەندکردن و ئەزیەتدانی، تا ئەو کاتەی شەوێک بە هاوکاریی یەکێک لە پاسەوانەکان بۆی هەڵدەکەوێت، دەرگای حەپسخانەکە دەشکێنێت و لە شاری سلێمانی هەڵدێت.[٣] سەرەڕای ئەوەش، ڕۆژبەڕۆژ کەوتوونەتە ئەوەی زۆرێک لە عەشیرەت و خێڵە کوردەکانی ناوچەکە بکەنە دوژمن و ناحەزی یەکتر. دیارە ئەوەشیان زیاتر لەبەر ئەوە بووە تا بە ئاسانی بتوانن هەژموونی خۆیان و دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بسەپێنن و هاوکات ئەوانەش بۆ جارێکی دی نەتوانن یەک بگرنەوە و دژ بە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بوەستنەوە. بەڵام وەکتر، لە هەندێک بواری تردا

---

تەقی باسی دەکات، زۆرێک لە دەستنووسەکانی فەوتاون و خۆشی لە (١٩٦٠/١/١٣)دا وەفاتی کردووە. بڕوانە: ئەحمەد تەقی، بیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و سمکۆ، جەلال تەقی ئامادەی کردووە و پەراوێزی بۆ نووسیوە، سەرپەرشتیی چاپ: محەمەد مەردان مەجید، (سلێمانی: ١٩٩٨)، ل ٦.

[1] – ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی، ل ٤٠.

[2] – دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، ب١، (سلێمانی: ٢٠٠٢)، ل ٣٣٤.

[3] – ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی... ل ٣٤-٣٥.

مێجەر سۆن لە ماوەی حوکمی ڕاستەوخۆیدا لە شاری سلێمانی کۆمەڵێک هەنگاوی ناوە بە ئاڕاستەی ئەوەی کە جۆرێک لە چاکسازی و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی گرنگ لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکەیدا بڵاو بکاتەوە، هەر لە بواری ڕۆژنامەوانی، ڕووناکبیری، ئابووری، ڕێگەوبان و کەمکردنەوەی باج. هەروەها جێگیرکردنی ناوی شار لە: (سليمانيه)ەوە بۆ: (سلێمانی) بە شێوازێکی فەرمی.[١] سەرەڕای کردنەوەی هەندێک ناوەندی نەشیاو کە لەگەڵ ڕەوش و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی شار و باشووری کوردستاندا نەدەهاتەوە، لەوانە، ڕێگەدان بە کردنەوەی شوێنی لەشفرۆشی.[٢] بە زۆری هەموو ئەوانەش بەردەوام بوون تا ئەو کاتەی مێجەر سۆن وەک مۆڵەتوەرگرتنێک دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێت و بەپێی کورتەهەواڵێک کە لە هەفتەنامەی (پێشکەوتن-التقدم)[٣]دا بڵاو کراوەتەوە، لە ڕۆژی شەممە (٥ی مارتی ١٩٢١)دا گەڕاوەتەوە لەندەن.[٤] پاشان مێجەر گۆڵدسمیس، کە ماوەیەک

---

[1]- ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی، ژمارە (١-١١٨)، ١٩٢٠-١٩٢٢، (سلێمانی: ٢٠١٢)، ل ٨٤.

[2]- بڕوانە: ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسی، (سلێمانی: ٢٠٠٢)، ل ١٣٠- ١٣٧.

[3]- هەفتەنامەی پێشکەوتن: یەکێک بووە لەو ڕۆژنامانەی کە (مێجەر سۆن) لە شاری سلێمانی بڵاوی کردووەتەوە. یەکەم ژمارەی لە (١١ی شەعبانی ١٣٣٨)ی کۆچی، بەرانبەر بە (٢٩ی نیسانی ١٩٢٠)ی زایینی، ڕۆژی پێنج شەممە بڵاو کراوەتەوە. دواژمارەشی کە ژمارە (١١٨)ی ساڵی سێیەمی بووە، لە (٢ی ذی الحجەی ١٣٤٠)ی کۆچی بەرانبەر بە (٢٧ی جولایی ١٩٢٢) بە هەمان شێوە و هەر ڕۆژی پێنج شەممە بڵاو کراوەتەوە. لە ژێر ناونیشانەکەشیدا نووسراوە: هەفتەی جارێک دەردەچێت، بە جۆرێک تا ژمارە (٩٦)ی لە (٢٣ی شوباتی ١٩٢٢)دا، چوار لاپەڕەیی بووە و لەوە بەدواوە کراوەتە شەش لاپەڕە. هەفتەنامەی پێشکەوتن بە بەردەوامی، تا کاتی گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە ژیانی دوورخراوەیی ناوەندی (١٩٢٢) زۆر بە ڕێکوپێکی دەرچووە و لە (چاپخانەی حکومەت لە شاری سلێمانی چاپ کراوە). دواتر ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) کە ڕووناکبیری ناسراوی کورد، مستەفا پاشای یاموڵکی دەری کردووە و لە هەمان کاتدا، زمانحاڵی (جەمعیەتی کوردستان) بووە، جێگەی گرتووەتەوە. بڕوانە: ئەحمەد باوەڕ، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەرمیان لە هەفتەنامەی پێشکەوتن دا ١٩٢٠-١٩٢٢، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠١٣، ل ١٥٩.

[4]- بڕوانە: جناب مێجەر سۆن، هەفتەنامەی: پێشکەوتن، ژمارە (٤٦)، ڕۆژی پێج شەمە، ١٠مارتی ١٩٢١، ل ٣.

ئەفسەری سیاسیی شاری خانەقین و حیلله و دواتر جێگری حاکمی سیاسیی ڕانیە بووە، شوێنی گرتووەتەوە. بەڵام بنەماڵەی شێخ مەحموودی حەفید و بەشێک لەوانەشی کە لێیەوە نزیک بوون، لەتاو دەسەڵاتی ڕەهای مێجەر سۆن و فەرمانڕەوایانی بەریتانیای داگیرکەر، پاش ئەوەی بە زۆری ماڵ و موڵکیان بە تاڵان دەبرێت، خۆشیان بە ناچاری و بە زۆری پەنایان بردووەتە بەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ماوەیەک لە ناوچەی هەورامان و دەربەندی دزڵیدا دەمێننەوە، کەچی لەوێش بە هەمان شێوە و بە هۆی ئەوەی حوکمی بەریتانیا فەرمانڕەوا بووە، لە وڵاتی ئێرانی قاجاریدا، بە ناچاری بەرەو ناوچەکانی مەریوان، بانە، سەقز، بۆکان بەڕێ کراون و لەوێشەوە بۆ ماوەیەکی زیاتر پەنایان بردووەتە بەر ڕێبەری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ)[1] لە ناوچەی (چاریە). ئەوە بوو سمکۆی شکاک لای

---

[1]- ئیسماعیل ئاغای سمکۆ (١٨٧٥-١٩٣٠): کوڕی محەمەد ئاغای کوڕی عەلی ئاغای سەر بە تیرەی (عەبدۆیی)ە کە یەکێکە لە تیرەکانی هۆزی گەورەی شکاک. ساڵی (١٨٧٥) لە چەهریقی نزیک باراندوز لەدایک بووە. ژیانی سمکۆ دوای کوژرانی جەوهەر ئاغای برای لە لایەن فەرمانڕەوایانی قاجارییەوە و لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٠٥)ەوە دەست پێ دەکات. لێرە بەدواوە سمکۆ لە تەورێز پەیوەندی بە عەبدولڕەزاق بەدرخان پاشای بۆتان (١٨٦٨-١٩١٨) و ڕووسەکانەوە دەکات. لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا لەسەر ئاستێکی بەرفراوان دەناسرێ و لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هێمنانە جووڵاوەتەوە، ئەوەشی کە زیاتر بە خاڵی درەوشانەوە لە خەباتی سمکۆی شکاکدا دادەنرێت، کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەی کوردی بووە لە شاری (خوی) لە ساڵی (١٩١٣)دا و سەرەتا ژمارەی قوتابییەکانی (٢٩) قوتابی بووە. جگە لەوەش، هەر لەو شارەدا و بە هاوکاریی ڕووسەکان و عەبدولڕەزاق بەدرخان توانیویەتی کۆمەڵەیەک بە ناوی (جیهاندانی)ەوە بکاتەوە و ڕۆژنامەیەکیشی بڵاو کردووەتەوە بە ناوی (کورد)ەوە و یەکێک لە ئامانجەکانی یەکخستنی هەموو هۆزەکانی سنووری تورکیا و گۆمی ورمێ بووە. لە بەهاری (١٩٢٢) بەدواوە دەسەڵاتی سەربەخۆیی ڕاگەیاندووە. بەڵام وەکتر ئەوەشی کە تا ڕادەیەک ناوی سمکۆی لەکەدار کردبێت، ئەوەیە کە بەپێی هەندێک سەرچاوە دەستی لە کوشتار و قەتڵوعامکردنی ئاسوورییەکانی شاری سەلماس و (خوی)دا هەبووە، جگە لە کوشتنی پاتریارشی ئاسوورییەکان، واتە (مارشیمۆن) لە ڕێکەوتی (١٧ی ئاداری ١٩١٨)دا، کە ئەمەش بۆ خۆی بە سەرەتایەک دادەنرێت لە دوژمنایەتیی لە نێوان کورد و ئاسووریدا. ماوەتەوە بڵێین: بەسەر یەکەوە خەباتی سمکۆی شکاک چەند ساڵێکی خایاندووە و لە کاتی فەرمانڕەوایەتیی شێخ مەحموودی حەفیدیشدا سەردانی باشووری کوردستانی کردووە و پێشوازییەکی شاهانەی لێ کراوە و ماوەیەک لە

خۆیەوە و لەو دەمانەدا کە ژمارییان نزیکەی چل کەسێک بووە، وەک پەنابەر داڵدەیانی داوە و ڕێزی لێ گرتوون. ئەمەش لە کاتێکدا بوو هێشتا زۆر دژی شێخ مەحموود بوو، بەوەی لەگەڵ سەید تەهای نەهریدا دژی شۆڕشەکەی وەستابوونەوە.[1] بە جۆرێک، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سمکۆی شکاکدا ماونەتەوە تا ئەو کاتەی شێخ مەحموودی حەفید لە ژیانی دوورخراوەیی و تاراوگە دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و شاری سلێمانی.[2]

---

شاری سلێمانیی ئەو دەمانەدا ماوەتەوە تا ئەو کاتەی بەپێی پیلانێکی نەخشەبۆداڕێژراو، کە جەنەراڵێکی ئێرانی بە ناوی (حەسەن موقەدەم)ەوە نامەیەک بۆ سمکۆی شکاک دەنێرێت کە ئەو کاتە لە ناوچەی بارزان دەبێت، داوای ئەوەی لێ دەکات کە بۆ گفتوگۆ و دیدەنی سەردانی شاری شنۆ بکات. سمکۆی شکاکیش بەوە ڕازی دەبێت و دەکەوێتە داوەوە، لە ئاکامدا لە ڕۆژی (٢١ی حوزەیرانی ١٩٣٠)دا لە لایەن فەرمانڕەوایانی ئێرانی پەهلەوییەوە تیرۆر دەکرێت. بڕوانە: دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح، ڕۆژنامەی کوردی سمکۆ ١٩٢٢، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٣)، ٢٠١٥، ل ٢١٤-٢١٥، شوکری محەمەد سەگبان، پرسی کورد کێشەی گەلی کەمینە نەتەوەکان، وەرگێڕانی: دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، (هەولێر: ٢٠١٣)،ل ٨٥-٨٦، زنار سلوبي، في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة: ر. علي، رابطة كاوا للثقافة الكردية، (بيروت: ١٩٨٧)، ص ١٠٠- ١٠١.

[1] - جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد، ب١، س. پ، ل ١٩١.

[2] - ئەحمەد خواجە، چیم دی، شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن، چ٢، (هەولێر: ٢٠١٣)، ل ٤٣، ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی، ل ٣٦.

# بەشی دووەم

## باشووری کوردستان لە کاتی دوورخستنەوەی شێخ مەحموود و سەرهەڵدانی چالاکیی تورکەکان بە سەرۆکایەتیی ئۆزدەمیر پاشا ١٩١٩- ١٩٢٢

لەو ماوەیە بەدواوە کە شێخ مەحموودی ڕێبەری کوردانی باشووری کوردستان بەرەو دادگاییکردن و دواتر ژیانی بەندی و تاراوگە دوورخرایەوە، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا هەلومەرجێکی نوێ و بارودۆخێکی نوێ لە باشووری کوردستان و ناوچەکەدا بە چڕی سەرچاوەی گرت، هەر لە دەستتێوەردانی تورکە کەمالییەکان بۆ نێو کاروباری باشووری کوردستان و بەرپابوونی ڕاپەڕینی جۆربەجۆر و کوشتن و هەوڵی کوشتنی زۆرێک لە بەرپرسانی بەریتانی لە بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکاندا، کە بەشێکیان بە زۆری لە چوارچێوەی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی گەلانی عێراقدا بوو کە ئەمڕۆ بە (شۆڕشی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠) ناسراوە.[١] بەڵام ئەوەی کە زیاتر پەیوەست بوو بە گۆڕانکارییەکانی عێراق و کوردستان و ناوچەکەوە، سەرهەڵدانی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بەرچاو بووە، هەر لە بەرپابوونی کودەتای ڕەزا خانی

[1]– لە بارەی ڕۆڵی کوردەوە بڕوانە: كمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، (بغداد: ١٩٧٨)، ص ٧٧–١٧١.

مازندەرانی بەسەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی ئێرانی قاجاریدا، بە تایبەتی لە (٢١ی شوباتی ١٩٢١)دا، هەروەها دانانی میر فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسێنی مەککە بە مەلیکی عێراق لە دەرئەنجامی بەستنی کۆنگرەی قاهیرەی (١٢- ٣ مارتی ١٩٢١) و تاجلەسەرنانی وەک مەلیکی عێراق لە (٢٣ی ئابی ١٩٢١)دا، جگە لە مەیدانخوازی و ململانێی کەمالییەکان و بزووتنەوەی کەمالیی تورک و هاتنیان بۆ گۆڕەپانی سیاسیی تورکیا و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لە عێراق و دەستتێوەردانیان، بە شێوازێکی بەرچاو، لە کاروباری باشووری کوردستان و هێرشکردنیان بۆ سەر شاری ڕەواندز بە ڕێبەرایەتیی ئۆزدەمیر پاشا. هەرچەندە لەو دەمانەشدا حاکمی بەریتانیی شاری سلێمانی، واتە مێجەر سۆن، کەوتە ئەوەی کە وا لە هێزەکانی بەریتانیا بکات جۆرێک لە هاوکاری لەگەڵ سمکۆی شکاکی ڕێبەری کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەن، بۆ ئەوەی بە هەردوولایانەوە بتوانن ڕووبەڕووی فراوانخوازیی تورکە کەمالییەکان ببنەوە. تەنانەت حکومەتی عێراق و وەزیری بەرگرییەکەشی کە لەو دەمانەدا جەعفەر پاشای عەسکەری[1] بوو، ئەم هەلومەرج و بارودۆخەی

---

[1] – جەعفەر عەسکەری (١٨٨٥-١٩٣٦): ناوی تەواوی جەعفەر مستەفای کوڕی عەبدولڕەحمان ئەفەندیی کوڕی عومەری کوڕی فەتاحی عەسکەرییە و باوکی ئەفسەر بووە لە سوپای عوسمانیدا، نازناوی (عەسکەری) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوندەی کە بنەچە و باب و باپیرانی لێیەوە سەرچاوەیان گرتووە کە سەر بە ناحیەی (ئاغجلەر)ی نزیک چەمچەماڵە. بەڵام خۆی، واتە جەعفەر عەسکەری، لە ساڵی (١٨٨٥) لە شاری بەغدا لەدایک بووە، قوتابخانەی سەربازی لە شاری بەغدا تەواو کردووە و لە ساڵی (١٩٠١)ەوە ڕووی کردووەتە شاری ئەستەمبوڵ و لەوێش کۆلێژی سەربازی لە ساڵی (١٩٠٤)دا تەواو کردووە، دواتر لە سوپای شەشەمی عوسمانیدا لە شاری بەغدا دامەزراوە. لە ساڵی (١٩٠٦)ەوە کراوەتە مامۆستای قوتابخانەی سەربازی لە شاری بەغدا و لە ساڵی (١٩١٠)دا لەگەڵ خوشکێکی نووری سەعیددا، کە ناوی (فەخریە) بووە، ژیانی هاوسەریی پێکەوە ناوە، دواتریش زانستی سەربازیی لە وڵاتی ئەڵمانیا خوێندووە و جگە لە زمانی عەرەبی، زمانەکانی: تورکی، فارسی، کوردی، ئینگلیزی، فەرەنسی و تا ڕادەیەک ڕووسی و ئوردوشی زانیوە. لە دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانییەوە کراوەتە یەکەم وەزیری بەرگریی عێراق لە حکومەتە کاتییەکەی عەبدولڕەحمان نەقیبدا کە لە ساڵی (١٩٢٠)دا پێکی هێناوە. جگە لەوەی کە لە عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا چەندین جار پلەی وەزاریی وەرگرتووە، هاوکات دوو جاریش

ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ تورکیادا بە هەند وەرگرتووە و لە ڕاپۆرتێکی نهێنی و تایبەتی خۆیدا مەلیک فەیسەڵی لێ ئاگادار کردووەتەوە.[١] هەروەها لە لایەکی تریشەوە هۆزی بەناوبانگی گۆیانی ناوچەی زاخۆ، کە پێشتریش لە (٦ی نیسانی ١٩١٩)دا ڕاپەرینی خۆیان بە ڕووی هێزەکانی بەریتانیادا ڕاگەیاندبوو، توانیبوویان ئەفسەرێکی سەربازیی بەریتانی وەک: (کاپتن پێرسۆن-A. C. Pearson)ی جێگری حاکمی سیاسیی زاخۆ بکوژن.[٢] کەچی لەو دەمانەدا و لە ساڵانی دواتریشدا وەک بەرهەڵستکار و دوژمنێکی سەرسەختی بەریتانیا دەناسران و چەندین جار چ حکومەتی بەریتانیا و دواتر عێراقیش ناڕەزایی خۆیان بەرانبەر بە هەڵوێستیان لای فەرمانڕەوایانی تورکیا دەربڕیوە و لە مەسەلەی هێرشە بەردەوامەکانیان و لە ناوچە سنوورییەکانی نێوانیانەوە یەکدیان بە شێوازێکی فەرمی ئاگادار کردووەتەوە.[٣]

**کورتەیەك سەبارەت بە ژیان و کەسایەتیی ئۆزدەمیر پاشا:**

ئۆزدەمیر پاشا ناوی تەواوی عەلی شەفیقە، قوتابخانەی حەربییەی سەربازیی لە ئەستەمبووڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی تەواو کردووە.[٤] ماوەیەکی زۆر بە پلەی سەرهەنگ (عقید) لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا

---

هەر لە عێراقدا بووە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە (١٩٢٣/١١/٢٢ – ١٩٢٤/٨/٢) و لە (١٩٢٦/١١/٢١ – ١٩٢٨/١/٨)، لە کاتی کودەتای بەکر سدقی (١٩٣٦)دا لە لایەن کودەتاچییەکانی سەر بە بەکر سدقییەوە کوژراوە و لە گۆڕستانی شاهانەی عێراق لە شاری بەغدا نێژراوە. علی کمال، مذکرات علی کمال عبدالرحمن ١٩٠٠– ١٩٩٨، تقدیم و تحقیق: جمال بابان، (بغداد: ٢٠٠١)، ص ١٥١– ١٥٢.

[1]– دار الكتب والوثائق، ملفات البلاط الملكي، رقم الملفة z/4/51، ع، تركيا و قضية الموصل و الحدود، تقرير وزير الدفاع العراقي السري، ذي الرقم (٦١٨)، في (٦شباط ١٩٢٢)، الى الملك فيصل الاول، ص٤. نقلا عن: عبدالرحمن ادريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيد، ص ٢٦١.

[2]– كمال مظهر احمد، دورالشعب الكردي في ثورة العشرين، ص ٨٠، عثمان علي، دراسات في الحركة الكردية المعاصرة ١٨٣٣–١٩٤٦، ص ٣٠٧.

[3]– دار الكتب والوثائق، ملفات البلاط الملكي، رئاسة الديوان الملكي، ديوان المجلس الوزراء، بغداد، رقم الملف ٣١١/٨١٩، سري، الرقم ١٩٢٢، الى وزارة الخارجية، مايس ١٩٣١، رقم الوثيقة (١٢)، ص ١٦.

[4]– ئەحمەد خواجە، چیم دی، ل ١٢٥.

کاروباری سەربازیی جۆربەجۆری پێ سپێردراوە و ماوەیەکیش بەرپرسیارێتیی بەرەی (غازی عەنتاب)ی لە ئەستۆ گرتووە کە لە تەوەری وڵاتی شامەوە دژی فەرەنسییەکان جەنگاون. جگە لەوەش، لە کاتی خۆیدا پلەی قائیمقامی فەخریی وەرگرتبوو. لە کاتێکدا کە شەڕی نێوان تورکەکان و فەرەنسییەکان براوەتەوە، ئیدی ئەمیش لەو ناوچانەدا کاروبارێکی ئەوتۆی نەماوە و لە بەر ئەوە بە خۆی و هێزەکەیەوە، کە زۆربەیان لە کوردەکانی ناوچەی کەرکوک و هەولێر بوون، دەنێردرێتە بەرەی ناوچەی ڕەواندز و دەبێتە فەرماندەی هەموو هێزەکانی تورک لەم سنوورەدا کە پێشتر کەسایەتییەک بە ناوی (محیدین بەگ)ەوە کاروباری بەڕێوە بردبوو.[١] بەڵام لە ڕووی ڕەسەنایەتی و ڕەگەزەوە لە چەرکەسییە (شرکس)کانی وڵاتی میسر بووە و پاش شکستهێنانی وڵاتانی ناوەند و دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر بە وڵاتانی هاوپەیمان، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئۆزدەمیر پاشا لە ساڵی (١٩١٩)دا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی کەمالییەوە کردووە و نازناوی ئۆزدەمیر (Euz Demir)ی بە بەردا براوە. ئەمەش بۆ خۆی دەلالەتی لە لێهاتوویی، بەتوانایی و هێزی ئۆزدەمیر پاشا کردووە لەو دەمانەدا، کە بە زمانی تورکیی عوسمانلی بە واتای خوێی ئاسن یان (گیان پۆلێ) یان ڕۆبیتەنی کوردی هاتووە.[٢] هاوکات هاملتۆنیش وەک کەسایەتییەکی سەرکێش، واتە (مغامر) باسی کردووە.[٣] بە یەک دوو ساڵێک، دوای پەیوەندیکردنی بە بزووتنەوەی کەمالییەوە، لە لایەن سەرکردایەتی و کاربەدەستانی باڵای تورکەکانەوە ڕاسپێردراوە بەوەی کە بە هێزێکی سەربازییەوە بەرەو باشووری کوردستان و شاری ڕەواندز بێتەوە و دەستی بەسەردا بگرێت و لەوێشەوە بکەوێتە ڕاوەدوونان و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا، وەک ئەوەی لە (٩ی مارتی ١٩٢٢)دا بە هێزێکی تۆکمەی سەربازییەوە، هەرچەندە ژمارەشیان کەم بووە، توانیویەتی لە شاری

---

[1]- ئەحمەدی تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی، ل ٦٢.
[2]- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، چ٣، ل ١٥١.
[3]- ا. م. هاملتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: دکتۆر عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری، (هەولێر: ٢٠١٣)، ل ٨١.

ئەنقەرەوە بەرەو ڕەواندز بکەوێتە ڕێ و لە (٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢٢)دا گەیشتووەتە جێ.[1] تەنانەت یەکێک بووە لەو ئەفسەرە گەورە و لێهاتوانەی ماوەی عوسمانی و دواتری تورکە کەمالییەکانی شارەزا لە کاروباری ناوچە کوردنشینەکان و چۆنێتیی پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرۆکهۆزەکانی شار و ناوچەکانی: ڕەواندز، کۆیە، هەولێر، ڕانیە، کەرکوک و سلێمانی.[2] لە ڕووی سەربازی و توانای سەربازییشەوە، شارەزاییەکی گەورەی هەبووە، هەروەها لە بواری کاروباری خێڵەکاندا بە گشتی وەک کەسایەتییەکی بێهاوتا باسی کراوە و شانبەشانی هەموو ئەوانەش: "پیاوێکی چالاک و زیرەک و خوێندەوارێکی باش بووە، شارەزاییەکی تەواوی لە ڕەوشت و خووی کوردەکاندا هەبووە و لە دەستووری عەشایەردا کەسێکی شارەزا و قسەخۆش و قسەزان و وریا بووە، توانیویەتی بە شێوازێکی زۆر ئاقڵانە لەگەڵ هۆزە کوردییەکاندا بجووڵێتەوە و بە پێچەوانەی حاکمە ئینگلیزییەکان، هەموویانی کردووەتە ئەمووستیلە و کردوونی بە پەنجەی خۆیەوە."[3] هەر ئەمەش وای لێ کردبوو کە بە ئاسانی بتوانێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و پرۆسە جەنگییەکانی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکاندا، سەرکەوتنی گەورە بە دەست بهێنێت.

هاوکات توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لە هەموو ئەو کەسایەتی و نەیارە کوردییانەی کە لەگەڵ کاربەدەستان و فەرمانڕەوایانی بەریتانیادا لە ناوچەکەدا نەدەگونجان، لە دەوری ڕێکخستنە سەربازی و ئیدارییەکانی خۆی کۆیان بکاتەوە و بە بەردەوامی لە ڕووی چالاکیی سەربازییەوە سوودیان لێ وەربگرێت، سەرەڕای پەیوەندیی بەردەوام و نامەگۆڕینەوە و سەردانەکانی بۆ لای شێخ مەحموود و پێشوازیکردنی لە ڕێوڕەسمی فەرمی و بە سروودی سوپایی و نیشتمانییەوە.[4] هەر لەو دەمانەشەوە کە هاتبووە باشووری کوردستان، بە قەولی مامۆستایان ئەحمەد خواجە و ڕەفیق حیلمی، بۆ چەواشەکردنی کۆمەڵانی خەڵک شەو و ڕۆژ لە سەر بەرماڵی نوێژ بووە کە بە لای کوردەکانەوە زۆر پەسەند

---

[1]- عبدالرحمن ادریس صالح البیاتي، الشیخ محمود الحفید، ص ٢٦٢.

[2]- كمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقیة، ص ١٥٤.

[3]- ئەحمەدی تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی، ل ٦٢-٦٣.

[4]- ئەحمەد خواجە، چیم دی، چ٣، ل ١٢٥.

بووه.[1] بەڵام لە کۆتاییدا هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا دوای ئەوەی کە توانییان لە ڕووی پرۆسەی سەربازییەوە لە ناوچەکەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنن و فەرمانڕەوایەتیی سەربازیی ڕاستەوخۆیان لە کوردستاندا جێگەی تەواوی خۆی بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە بەسەر تورکەکان و نفوزی تورکەکانیشدا، چ لە ڕووی دیبلۆماسی و لە چوارچێوەی چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ و چ لە ڕووی پرۆسەی سەربازییەوە، سەرکەوتن بە دەست بهێنن و لە هەمان کاتیشدا توانیویانە لە ڕێکەوتی (٢٤ی نیسانی ١٩٢٣)دا بە یەکجاری دەست بەسەر شاری ڕەواندزدا بگرنەوە و ئۆزدەمیر پاشا و هێزەکانی تورک لە ناوچەکەدا دەرپەڕێنن و دووبارە لە ڕێگەی وڵاتی ئێرانەوە خۆی گەیاندووەتەوە تورکیا.[2]

### درێژەی بارودۆخی ناوچەکە و هەلومەرجی ڕووداوەکان

لە سەروبەندی دوورخستنەوەی شێخ مەحموودی حەفید و شێخ محەمەد غەریبی زاوایدا بۆ دوورگەی ئەندامانی وڵاتی هیندستان و دەسەڵاتگرتنەدەستی ڕاستەوخۆی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لە باشووری کوردستان، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش، مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی سیڤەر (treaty of sèvre) لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ و بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی ڕێککەوتننامەی ناوبراو کە پەیوەست بوون بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردەوە و دوایی شتێکی ئەوتۆیان لێ جێبەجێ نەکرا، هەموو ئەمانە بەسەر یەکەوە نەبوونە مایەی ئەوەی کە جۆرێک لە ئارامی و هێمنی باڵ بەسەر ناوچەکانی باشووری کوردستاندا بکێشێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، تا دەهات ناوچەکە نائارامی و پشێوی و ڕاپەڕینی زیاتری بە خۆوە دەبینی، هەر لە ڕەواندز، زاخۆ، بارزان، ئاکرێ، سلێمانی، کفری و دەوروبەری... لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەریەک لە هۆزەکانی سورچی، زێباری و تەنانەت خۆشناوەکانیش لەوانە بوون کە نەیاندەویست ملکەچی سیاسەتی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا بن. کەچی لەولاشەوە سەرهەڵدان و چالاکیی بەردەوامی تورکە کەمالییەکان و قۆرخکردنی بارودۆخەکە وای کردبوو کە زیاتر لە ڕووی چەک و

[1]– ئەحمەد خواجە، چیم دی، چ٣، ل ٦٥.

[2]– عبدالرحمن ادريس البياتي، الشيخ محمود الحفيد، ص ١٩٦.

تەقەمەنییەوە بکەونە یارمەتی و دەستگیرۆییکردنی هێزە ڕاپەڕیوەکان دژ بە نفوزی بەریتانیا لە باشووری کوردستان و میسۆپۆتامیای عەرەبیدا.[1] هەروەها دوابەدوای بڕیاردان لەسەر دانانی میر فەیسەڵی کوڕی شەریف حسێنی مەککە بە مەلیکی عێراق لە سەروبەندی کۆنگرەی قاهیرە (١٢- ٣٠ مارتی ١٩٢١) و داواکاریی بەردەوامی حکومەتی تورکیا بۆ ویلایەتی موسڵ، ئەوە بوو لەم ماوەیە بەدواوە ئەفسەرێکی تورک بە ناوی (فازیل ئەفەندی)یەوە بە هێزێکی سەربازییەوە توانیی لە وڵاتی تورکیاوە و بە تایبەتی بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیسماعیل ئاغای سمکۆدا خۆی بگەیەنێتە شاری ڕەواندز. هەروەها فەرمانڕەوایانی بەریتانیاش لای خۆیانەوە کەوتوونەتە گەڕان و تاقیبی ئەوەی کە چۆن لە ڕێگەی هێزە ئاسمانییەکانیانەوە، کە لەو دەمانەدا لە لایەن جێگری مارشاڵی بەریتانی (سێر جۆن سالمۆند-Sir Johon Salmon)ەوە سەرکردایەتی دەکرا، بکەونە سۆسەکردن و بۆمبابارانکردنی شارەکە و ئەو هێز و مەفرەزە تورکانەی کە توانیبوویان دزە بکەنە ناوچەکەوە.[2] هەروەها لە لایەکی تریشەوە و هەر لە نزیکی شاری ڕەواندز هۆزێکی گەورەی وەک سورچییەکان بە سەرۆکایەتیی شێخ عوبێدوڵڵای سورچی و بە پاڵپشتیی هێزێکی وەک ئۆزدەمیر[3] بەرانبەر بە هێزەکانی حکومەتی بەریتانیا ڕاپەڕیون و بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەمەش لە (ڕۆژی لەدایکبوونی ١٩٢١)دا بە هێزێکی (١٠٠٠) کەسیی لیڤیی بەریتانی و بە هاوکاریکردنی بەردەوامی هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا هێرشێکی چڕوپڕ و بەرفراوانیان کردووەتە سەر هێزە ڕاپەڕیوەکانی شێخ عوبێدوڵڵای سورچی. ئەوە بوو دوای بەرپابوونی شەڕێکی خوێناوی و سووتاندنی ژمارەیەک گوند و دێهاتەکانی هۆزی سورچی و هەروەها کوژرانی دوو ئەفسەری بەریتانی، سورچییەکان بە ناچاری بەرەو ناوچە شاخاوییەکان کشاونەتەوە و وەکتریش کاربەدەستان و فەرمانڕەوایانی بەریتانیا فەرەنسییەکانیان تاوانبار کردووە

---

[1]- سعد بشير اسكندر، من التخطيط الي التجزئة، سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥-١٩٢٣، (السليمانية: ٢٠٠٧)، ص ٢٦٥.

[2]- ا. م. هاملتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، س. پ، ل ٨٢.

[3]- ا. م. هاملتن، س. پ، ل ٨١.

بەوەی کە ئەوان پشتگیری لە هێرش و داواکاریی تورکەکان دەکەن سەبارەت بە موسڵ و نەوتی ویلایەتی موسڵ.[1] چونکە تورکە کەمالییەکان لای خۆیانەوە بەردەوام تینووی داهاتی چاوەڕوانکراوی نەوتی ویلایەتی موسڵ بوون بۆ ئەوەی ڕۆژێک زووتر بتوانن وڵاتەکەی خۆیانی پێ ببوژێننەوە.[2] هەروەها لە لایەکی دیشەوە ڕاپەڕین و ناڕەزایی زۆرێک لە دانیشتوانی کوردستان و ناوچەکە دژ بە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی بەریتانیا و شێوازی ناڕەزاییدەربڕینیان بەرانبەر بە دوورخستنەوەی شێخ مەحموودی ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستاندا دەستی پێ کردووە، بۆ نموونە هەریەک لە: تایەر ئەفەندی باوێڵ ئاغا، حەمەشینی سەرچیا و خدر ئاغای کوڕی لەگەڵ شێخانی بجێلی ناوچەی ئاکرێ و عەشیرەتی سورچی و شێخ کاکە ئەمینی سندۆڵان هێرش دەکەنە سەر ڕەواندز و داگیری دەکەن. ئەمەش وا لە حاکمی سیاسیی شار و ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی[3] دەکات کە لە ڕێگەی ناودەشتەوە خۆیان بگەیەننە شاری هەولێر. هەر لەو دەمانەشدا غەفوور خانی ناودەشت[4] کە لە دەست بابەکر ئاغای کوڕی سەلیم ئاغای

---

[1] - ایوب بارزانی، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤- ١٩٥٨، دار نشر حقائق المشرق، (جنيف: ٢٠٠٢)، ص ٣٠- ٣١.

[2] - فاضل حسين، مشكلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية-الانكليزية-التركية وفي الراي العام (بغداد: ١٩٥٥)، ص٣٠١- ٣١١، کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب ٢، ل ٨٥.

[3] - ئیسماعیل بەگی ڕەواندزی (١٩٠٠-١٩٣٣): کوڕی سەعید بەگی کوڕی عەبدوڵڵا پاشای کوڕی بەکر بەگی کوڕی بایز بەگی باپشتییە، بەکر بەگ مامی میرمحەمەد پاشای ڕەواندزە، ئیسماعیل بەگ ساڵی (١٩٠٠) هەر لە ڕەواندز لەدایک بووە و لە تەمەنی (١٩) ساڵییەوە کراوەتە حاکمی شاری ڕەواندز و ماوەیەکیش لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە. لە (٨ی حوزەیرانی ١٩٣٣) بە هۆی دوژمندارییەوە لە لایەن بنەماڵەی باوێل ئاغاوە دەکوژرێت. بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین، ڕەواندز، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، س. پ، ل ٤٥- ٤٦.

[4] - غەفوور خانی ناودەشت (١٨٩٠- ١٩٥٣): کوڕی ئیسماعیل ئاغای کوڕی ڕەسوڵ ئاغایە، ساڵی (١٨٩٠) لە گوندی (لێوژێ)ی بناری قەندیل لەدایک بووە. زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبیی زانیوە. لە یەکەم حکومداریەتی شێخ مەحمووددا کراوەتە بەڕێوەبەری ناحیەی (ناودەشت) و ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە گۆڕانە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، لە (١٩٥٣)دا کۆچی دوایی کردووە.

پشدەری و حاکمی شاری ڕەواندز هەڵاتبوو، دووبارە دەگەڕێتەوە شاری ڕەواندز و پەیوەندییان بە هێزەکانی تورکەوە کردووە.[1] هەرچەندە لەولاشەوە، واتە لە تەوەری باکوورەوە، فەرمانڕەوایانی تورکیای کەمالی هێشتا زۆر نەبووە کە هاتبوونە گۆڕەپانی سیاسیی ناوچەکە و بووبوونە میراتگری دەسەڵاتی هەرەسبردووی دەوڵەتی عوسمانی. بۆیە ئەمانیش لای خۆیانەوە بارودۆخی لاوازی باشووری کوردستان و تەنانەت ئینگلیزەکانیان بە هەل زانیوە بۆ دەستتێوەردان، بە هۆی ڕاپەڕین و شۆڕشی بەردەوامی کوردەکانەوە بە ماوەیەک و پێش هاتنی هێزەکەی ئۆزدەمیر پاشای تورک و پێکەوەنانی دەسەڵاتەکەی لە شاری ڕەواندز و دەوروبەریدا، هاوکات هەر لە ڕێگەی هێز و دەستەیەکی تری سەربازیی گەورەیانەوە، لە ڕێکەوتی (٢-٣ی ئابی ١٩٢١)دا، بەپێی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکانی بەریتانیا خۆیان ژمارەیان لەو دەمانەدا خۆی داوە لە نزیکەی (٦٠-٣٠٠) ئەفسەر و سەربازی تورک و ڕاستەوخۆش توانیویانە دەست بەسەر شاری ڕەواندزی ئەو کاتەدا بگرن و داگیری بکەن. لەمەشیاندا و وەک لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی بەریتانیای گەورەدا هاتووە، هەمیسان هۆز و خێڵە ڕاپەڕیوەکانی ئەو ناوچەیە، بە تایبەتی هۆزی گەورە و بەناوبانگی سورچی و دواتر میرانییەکانیش لەگەڵیاندا، ڕۆڵێکی کارا و بەرچاویان هەبووە لە هاوکاری و ڕێخۆشکردنیاندا، تەنانەت تورکەکانیش دەستگیرۆیی و هاوکاریی بەردەوامیان کردوون بۆ دژایەتیکردنی فراوانخوازیی نفوزی هێزەکانی بەریتانیا و سەپاندنی دەسەڵاتی بەردەوامیان بەسەر ناوچەکەدا.[2]

ئەم هێرشکردن و داگیرکارییەی تورکەکان وای لە هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانیدا کردووە کە ئەمانیش لە (١٢ی ئابی ١٩٢١)ەوە بە هێزێکەوە بەرەو شاری ڕانیە ببنەوە، تەنانەت گۆڵدسمیسی حاکمی

---

بڕوانە: دارا تۆفیق کاکەئەمین، ناوچەی پشدەر لە سەردەمی پاشایەتی دا ١٩٢١- ١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، (سلێمانی: ٢٠١١)، ل ٣٩.

[1]- ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی، ل ٤٢- ٤٣.

[2]- العراق في سجلات الوثائق البريطانية ١٩١٤-١٩٦٦، المجلد الثاني، ١٩١٨ -١٩٢١، المحرر الاستشاري: الف دي ل. رش، محرر البحوث: جين بريشو، ترجمة: كاظم سعد الدين، (بغداد: ٢٠١٣)، ص ٦٩٦.

بەریتانی لە شاری سلێمانی خۆیشی گەیشتووەتە شوێنی مەبەست بۆ ئەوەی بتوانن هێزێکی ئەوتۆ لە خێڵ و هۆزەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی بڵباس و پشدەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تورکەکان پێکەوە بنێن. تەنانەت لەم ماوەیەشدا هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا بە بەردەوامی کەوتوونەتە بۆمبابارانکردنی بەردەوامی ناوچەکە، وەک ئەوەی لە (١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١)دا سێر پێرسی کۆکسی نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عێراق لە ڕاگەیەنراوێکی تایبەتی خۆیدا، کە بۆ وینستۆن چەرچڵی وەزیری وڵاتانی داگیرکراو (مستعمرات)ی بەریتانیا بەرزی کردووەتەوە، نووسیویەتی: "هێزی ئاسمانیی بەریتانیا لەسەر ئۆردوگاکانی تورک لە ڕانیە و ڕەواندز کارێکی باشی هەبووە، فەرماندەی تورک عەلی شەفیقی میسری ناسراو بە ئۆزدەمیر پاشا ناچار بووە لە ١٧ی تشرینی یەکەمدا ڕانیە و قەڵادزێ چۆڵ بکات و کۆیەش داگیر کراوەتەوە..."[١] سەرەڕای هەموو ئەوانە، کەچی هێزەکانی تورک بەوەشەوە نەوەستاون و بە بەردەوامی لە ڕێگەی نێردراوی تایبەتی خۆیانەوە هاتوونەتە ناوچەکە و قاوی ئەوەیان بە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو کردووەتەوە کە هێزەکانی تورک بەم نزیکانە دەگەن، ئەمەش بۆ ئەوەی وا لە خێڵ و هۆزەکانی ناوچەکە بکەن پشتگیرییان بکەن و هاوکاریان بن دژ بە دەسەڵاتی داگیرکارانەی بەریتانیا لە ناوچەکەدا. بۆ نموونە، پێش گەیشتنی ئۆزدەمیر پاشا، کەمالییەکان بۆ ئەوەی جێپێی خۆیان لە شاری ڕەواندزدا بە تەواوی و زیاتر بەهێز بکەن، لە (١٧ی مارتی ١٩٢٢)ەوە هاوکارێکی خۆیان بە ناوی ڕەمزی بەگ ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندیی ئەوان کار بکات و هاوکات لە هەمان ماوەشدا لە لایەن حکومەتی ئەنقەرە و ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی (بویوک میللەت مجلسی - المجلس الوطني الكبير) تورکەوە فەرمانی ئەوەیان بۆ دەرکردووە کە وەک قائیمقامی شاری ڕەواندز دایبمەزرێنن.[٢] هەرچەندە ڕەمزی بەگ وەک نێردراوێکی تورکەکان لە

---

[1]- ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، کوردستان ١٨٨٠- ١٩٢٥، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ٢، ل ١١٥.

[2]- عثمان علي، دراسات في الحركة الكردية المعاصرة ١٨٣٣-١٩٤٦، (اربيل: ٢٠٠٣)، ص ٣٨٨، بيار مصطفي سيف الدين، السياسة البريطانية تجاه تركيا واثرها في كوردستان ١٩٢٣- ١٩٢٦، مطبعة وزارة التربية، (اربيل: ٢٠٠٤)، ص ٨٣، قادر سليم شمو، موقف الكرد، ص ١١٢.

کۆتاییەکانی مانگی ئایاری ساڵی (١٩٢٢)دا گەیشتووەتە شاری ڕەواندز و لە هەمان کاتیشدا وەک قاو و پڕوپاگەندەیەکی پێشوەخت کەوتووەتە ئەوەی کە وا لە هۆز و سەرۆکهۆزەکانی ناوچەکە بکات پشتگیری لە هێزەکانی تورک بکەن و هاوکات وای بە کۆمەڵانی خەڵکیش ڕاگەیاندووە کە هێزێکی سەربازیی تورکە کەمالییەکان لەم نزیکانەدا دەگەنە ناوچەکە و لەوێشەوە هێرش دەکەنە سەر شارەکانی کەرکوک و هەولێر و سلێمانی و داگیریان دەکەن.[١]

کەچی لە لایەکی تریشەوە والیی شاری (دیاربەکر)ی ئەو کاتەش، بە هەمان تەرزی ڕێبەرانی تورکە کەمالییەکان، پەیوەندی بە کەسایەتییە ناسراوەکانی باشووری کوردستانەوە دەکات و لە درێژەی نامەیەکیدا کە بۆ هەریەک لە: شێخ عەبدولسەمەد زادە و کەسایەتیی ناسراوی دۆڵی ئاکۆیان شێخ عەبدولڕەحمانی سەرانی[٢]ی نووسیوە، داوای ئەوەی لێ کردوون کە هێزێکی تورکەکان بە ڕێبەرایەتیی ئۆزدەمیر هاتوونەتە ناوچەکە و تکایان لێ دەکات بۆ سەرخستنی موسڵمانان بەسەر خاچپەرستەکاندا هاوکاریان بن، وەک ئەوەی دەنووسێت: بزانن بە زانینێکی یەقین کە سەرکەوتنی کۆتایی هەر بۆ موسوڵمانان دەبێت و لە سەلیبییەکان و بەکرێگیراوە تێکشکاوەکانیان ڕزگارتان دەبێت. لەپێناوی ئەوەدا ئۆزدەمیر بەگی قائیمقام و ئەوانەی کە لەگەڵیدان، دەنێرین بۆ لاتان و لە دواییشدا هێزی تریش ڕەوانە دەکەین، بۆ ئەوەی بەشداریتان بکەن و تەنسیقی لەگەڵدا بکەن. لە خودای بەرز دەپاڕێمەوە سەرتان بخات.[٣]

هەروەها بەماوەیەکی دواتر و دوای کشانەوەی تەواوی هێزەکانی بەریتانیا

---

[1]- تلار علي امين، موقف تركيا من القضية الكردية في العراق ١٩٣٧- ١٩٧٥، (السليمانية: ٢٠١١)، ص ٧١- ٧٢، عبدالرحمن ادريس صالح البياتي، الشيخ محمود، ص ٢٦٢، ڕەفیق حیلمی، یاداشت، ض٣، ل ٣٠٣.

[2]- شێخ عەبدولڕەحمانی سەرانی (١٨٨٠-١٩٦٠): ساڵی (١٨٨٠) لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی دۆڵی ئاکۆیان لەدایک بووە، بەشداریی ئەو شەڕانەی کردووە کە لە لایەن ڕووسەکان و دواتریش ئینگلیزەکانەوە لە ناوچەکەدا کراون و لە ساڵی (١٩٦٠)دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین، س.پ، ل ٦٧.

[3]- ئەحمەد حەمەدئەمین، س.پ، ل ٦٧- ٦٨.

لە شاری ڕەواندز و لە ساڵی (١٩٢٠)دا، کە بە زۆری لەو دەمانەدا ئەفسەری سەربازیی لیڤی ناسراو کاپتن لتڵ دیڵ (Captain C. E. Little Dale) ڕێبەرایەتیی کردوون، تورکەکان: (بە سەرکردایەتیی ئۆزدەمیری سەرکێش) و بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری هێزەکانی بەریتانیا، کەوتوونەتە ئەوەی کە هێزێکی سەربازیی زیاتری خۆیان بنێرنە سەر شاری ڕەواندز و بە یەکجاری داگیری بکەن.[1] بەو مەبەستەی لەوێوە بتوانن بنکەیەکی سەربازیی تۆکمەی خۆیان لە ناوچەکەدا دابمەزرێنن و هاوکات تەواوی ویلایەتی موسڵ، کە ئەوان خۆیان بە میراتگری ڕەوا و شەرعی دەزانن، بکرێتەوە بە ویلایەتێکی تورکی و بخرێتەوە سەر وڵاتی تورکیا. هەروەها ئەو داگیرکردنەش زیاتر لەو لایەنەوە نزیکیان دەکاتەوە و ویست و ئاواتەکانیان زووتر بۆ دەهێنێتە دی. هەرچەندە بەریتانییەکانیش تووشی کۆمەڵێک بەرەنگاربوونەوەی سەربازیی تورکەکان بوونەتەوە، بە تایبەتی لە دۆڵی باتاسەوە، بەڵام لەم ماوەیەدا هیچ هەوڵێکی ئەوتۆیان نەداوە بۆ دەرپەڕاندنی تورکەکان لە ڕەواندز تا ئەو کاتەی هەریەک لە شێخ مەحموود و نووری باوێڵ ئاغا[2] بوونەتە هاوکاریان بۆ دژایەتیکردن و دەرپەڕاندنی تورکەکان لەم ناوچەیەدا.[3] بە ڕادەیەک، ئەم هەوڵ و جموجووڵەی هێزەکانی تورکیای کەمالی لەم هەلومەرجە و لەم کاتەدا زیاتر حکومەتی بەریتانیا و دەسەڵاتدارانی بەریتانیای دەترساند و کەوتوونەتە ئەوەی کە بە هەر جۆرێک بووە، بتوانن دەروازە و ڕێگەچارەیەکی خێرا بدۆزنەوە. بۆ ئەوەی بتوانن جێپێی تەواوی خۆیان لە باشووری کوردستاندا بهێڵنەوە و لە نزیکەوە لە بارودۆخی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا بڕوانن. هەرچەندە شارێکی وەک ڕەواندز لەو هەلومەرجەدا و بە چەند ساڵێک پێشتریش: "بە هۆی

---

[1] - ا. م. هاملتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، س. پ، ل ٨١.

[2] - نووری باوێڵ ئاغا (١٨٩٢-١٩٦٣): کوڕی باوێڵ ئاغای کوڕی مەلا عەزیزە، ساڵی (١٨٩٢) لە ڕەواندز لەدایک بووە، ماوەیەک لە حوجرە و دواتر لە ڕوشدیەی ڕەواندز دەستی بە خوێندن کردووە، لەگەڵ داگیرکردنی شاری ڕەواندز لە لایەن ئینگلیزەکانەوە کراوەتە بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەم شارە، بەڵام دواتر نێوانی لەگەڵیاندا تێک دەچێت و لە (١٩٦٣)دا هەر لە ڕەواندز کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین، س.پ، ل ٤١.

[3] - ا. م. هاملتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، س. پ، ل ٨١.

داگیرکردن و هاتنەپێشەوەی ڕووس و تورکەوە کە وڵاتی کردبووە چۆڵەوانییەکی زۆر بەرچاو، لە حاڵ و بارێکی پڕمەترسی و برسێتیدا بوو، لە کاتێکدا ناو شاری ڕەواندز لە کۆی (٢٠٠٠) خانوو تەنها (٦٠) خانووی بە پێوە مابوو، کشتوکاڵ بە تەواوی وەستابوو، دانیشتوان بە ڕێژەی (٧٥%) کەمی کردبوو، قاتوقڕییەکە ئەوەندە خراپ بوو، بە ڕادەیەک دانیشتوانەکەی لەسەر گژوگیا و چەند بەڕوویەکی بەجێماو دەژیان و لە برساندا زۆر بە ناچاری پشیلە و سەگ، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا گۆشتی لاشەی مردووشیان خواردبوو..."[1] ئەوە بوو لە دوای هەلومەرجێکی ئەوتۆ و وەک قۆناغیکی سەرەتایی، تورکەکان بە ڕێبەرایەتیی ئۆزدەمیر پاشا بە نزیکەی (سەد سەرباز و چوار پێنچ ئەفسەر و جبەخانە)ی پێویستەوە گەیشتبوونە شار و ناوچەکە.[2] هەروەها دواتر ئۆزدەمیر پاشا توانیویەتی ژمارەی هێزەکانی خۆی زۆر لەوە زیاتر بکات کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی وەک ئەوەی هەندێک سەرچاوە ژمارەیانیان بە نزیکەی (٨٠) هەزار کەس خەملاندووە. جگە لەوەش، چەند کەسایەتییەکی کوردی ئەو دەمانەش کە وایان زانیوە تورکەکان لە داهاتوودا پشتگیریکەر و دۆستی بەردەوامی کورد دەبن، بۆ ئەم مەبەستە ئەوانیش لەگەڵ هێزەکانی تورکدا هاتوونەتە شاری ڕەواندزەوە و خستوویانەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. دوایی کەوتوونەتە ئەوەی سەرنجی گەلێک کەسایەتی و سەرۆکخێڵی تری کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و وردەوردە کردوونیان بە دۆست و هاوپەیمانی تورک لە ناوچەکەدا. هەرچەندە ئینگلیزەکانیش لای خۆیانەوە بە هاتن و ئەم داگیرکارییەی تورک ڕازی نەبوون و کەوتوونەتە دژایەتیکردنیان. بەڵام دوای ئەوەی کە تورکەکان و سەرلەشکری هێزی تورک کەوتنە سیاسەتی زەبروزەنگ و بۆمبابارانکردنی هەموو ئەوانەی کە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، ناچاریان کردوون کە واز لە شارەکە بهێنن و بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی تورکەوە. هەر کە تەواوی هێزەکەشیان گەیشتە شاری ڕەواندزی ئەو دەمانە و جێپێی خۆیان بە تەواوی بەهێز کرد، بەپێی دەستووری ئەو کاتەی تورکە کەمالییەکان، حکومەتێک یاخود بڵێین:

---

[1]- ئی. جەی. ئاڕ، پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنوبی، س. پ، ل ٤٩.

[2]- ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی، ل ٥١.

ئەنجومەنێکی میللییان لە شاری ڕەواندزی ئەو کاتەدا پێک هێنا بە سەرۆکایەتیی شێخ ڕەقیبی سورچی کە دواتریش لە لایەن تورکەکانەوە و بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری شار کرایە حاکمی ناوچەی هەریر و بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

| | |
|---|---|
| **شێخ ڕەقیبی سورچی** | **سەرۆکی ئەنجومەن** |
| **ئەحمەد تەقی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەن** |
| **شێخ ئەمینی سەلان** | **ئەندامی ئەنجومەن** |
| **شێخ جەوادی سەلان** | **ئەندامی ئەنجومەن** |
| **غەفوور خانی سەرچیا** | **ئەندامی ئەنجومەن** |
| **خدر ئاغای سەرچیا** | **ئەندامی ئەنجومەن** |
| **ئەحمەد بەگی بگۆگ** | **قائمقامی ڕەواندز** |
| **نووری باوێڵ ئاغا** | **قوماندانی ژاندرمە** |
| **شەوکەت ئەفەندی** | **سەرۆکی شارەوانی** |

هاوکات هەموو تەشکیلاتی هێزی میللی ڕێکخراو، چەک و جبەخانەشیان بەسەردا دابەش کراوە.[١] هەرچەندە لە هەمان ماوەشدا چەند کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە، وەک: شێخ محەمەدی باڵەک و محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی بە هاندانی ئینگلیزەکان لەسەر ئەم هاتنەی تورک بۆ ناوچەکە ڕازی نەبوون.[٢] بەڵام دواتر ئەمانیش شتێکی ئەوتۆیان پێ نەکراوە و تورکەکانیش بە زۆری و بۆ پشتگیریکردن و بەردەوامبوونی کارەکانیان، پشتیان بە دانیشتوانی ناوچەکە بەستووە، بە ڕادەیەک، هەر لەم ماوەیە بەدواوە ئینگلیزەکان بە تەواوی کەوتوونەتە ترسەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانی تورک پەیوەندییان بە زۆر کەسایەتیی ئەو دەمەی کوردەوە کردووە و تا ڕادەیەکی باش پشتگیرییان بۆ دروست بووە. لەمە بەدواوە کەوتنە سیاسەتی فراوانخوازی و تەنها بە داگیرکردنی شاری ڕەواندز نەوەستان، بەڵکو دەسەڵاتیان گەیشتە دەوروبەری هەریر و باتاس. سەرەڕای ئەوەش،

[1]– ئەحمەد تەقی، خەباتلی گەلی کود لە یاداشتەکانی، ل ٥٥–٥٦.
[2]– ئەحمەد تەقی، س. پ، ل ٥٥.

زۆرێک لەو سەرۆکی هۆز و خێڵە کوردانەشی کە لای ئینگلیزەکان جێیان نەدەبووەوە، یاخود خۆیان بە نەیاری ئەوان دەزانی، پەنایان دەهێنایە بەر شاری ڕەواندز و لێرەوە و لە پەنای تورکەکاندا دەکەوتنە دژایەتیکردنی فەرمانڕەوایانی ئینگلیز، بە تایبەتی بەشێک لەو کەسایەتییانەی کە پاش لەناوچوونی حکومداریەتی یەکەمی شێخ مەحموود، لە تاو ڕاوەدوونانی ئینگلیزەکان شاری ڕەواندز بووبووە مەڵبەندی نیشتەجێبوون و گیرسانەوەیان. ئینگلیزەکانیش بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەم سیاسەتە ترسناکەی تورکەکان بدەنەوە و بەردەوام جێپێی خۆیان لە ناوچەکەدا بهێڵنەوە، کەوتنە ئەوەی کە چۆن کۆمەڵانی خەڵک ڕازی بکەن بەوەی کە ئەوان دەیانەوێت بۆ جارێکی تر ڕێگە بە شێخ مەحموودی حەفید بدەن بۆ ئەوەی لە شوێنی تاراوگە و ژیانی دوورخراوەیی لە وڵاتی هیندستانەوە بیگەڕێننەوە کوردستان و حوکمداریەتێکی دی لە شاری سلێمانیدا پێک بهێنێتەوە.[1] چونکە لەم ماوەیە بەدواوە تورکەکان ڕۆژبەڕۆژ و بە تەواوی دەسەڵاتیان زیاتر برەوی پەیدا دەکرد و زۆر کەسایەتیی تری کوردیش دەیاندایە پاڵیان. بەوەی ماوەیەک بوو سەرکردەی تورکەکان، کە عەلی شەفیق بوو، لە مانگی حوزەیرانی (١٩٢٢)دا بە نازناوی ئۆزدەمیرەوە هاتبووە کوردستانەوە و بە بەردەوامی سەرگەرمی دروستکردنی پەیوەندی بوون و جێپێی خۆیان زیاتر بەهێزتر دەکرد،[2] بە ڕادەیەک، لێرە بەدواوە بوونی ئۆزدەمیر و "پڕوپاگەندەکانی ئۆزدەمیر تەنها لە کوردستاندا نەبوو، بەڵکو زۆر بە گەرمی کەوتە ناو عەرەبستان، بە تایبەتی شارەکانی موسڵ و بەغدادیش."[3] هەروەها لەو دەمانەشدا کەسایەتییەکی وەک کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، کە لەو کاتەدا لەگەڵ ئینگلیزەکاندا نێوانی تێک چووبوو، پاش ئەوەی توانیبووی زۆر بوێرانە فەرماندەی دەرەکی و حاکمی سیاسیی بەریتانی لە شاری چەمچەماڵ (کاپتن بۆند-L. Bond) و ئەفسەرێکی تریان کە جێگری حاکمی سیاسیی هەمان شار بوو بە ناوی

---

[1]- بيار مصطفى سيف الدين، السياسة البريطانية تجاه تركيا واثرها في كوردستان ١٩٢٣-١٩٢٦، ص ٨٤.

[2]- السيد عبد الرزاق الحسني، تأريخ العراق السياسي الحديث، ج٢، (بغداد: ١٩٨٩)، ص ٣٠٦.

[3]- ئەحمەد خواجە، چیم دی، ل ١٠٨.

(کاپتن ماکانت-R.K.Makant)[١] بکوژێت و دواتر لەگەڵ کەسایەتیی ناسراوی کورد سەید محەمەدی جەباری[٢] و فەقێ محەمەد ناوێکدا، پێکەوە لە ڕێگەی هەریرەوە و بە نزیکەی (٣٠٠) سوارەوە توانیویانە هەڵبێن و خۆیان بگەیەننە لای ئۆزدەمیر پاشای فەرماندەی هێزەکانی تورک لە شاری ڕەواندز، [٣] بە جۆرێک، هەڵاتن و ڕۆیشتنی ئەمانە سەرەڕای ئەوەی کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبووە لە تەواوی ناوچەکە و تەنانەت لە وڵاتانی دەرەوەشدا، هاوکات بووەتە هۆی پاڵپشتی و پەرەسەندنێکی گەورە بۆ دەسەڵاتی ئۆزدەمیر پاشا و هێزەکانی تورک لە ڕەواندز و ناوچەکەدا.[٤]

هەندێک سەرچاوەش وای دەگێڕنەوە کە گوایە کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند بە هاوکاریی کوڕەکانی، واتە سابیر و عەبدوڵلا، توانیویانە لای گوندی (مۆرتکە)ی ناوچەی چەمچەماڵ، هەریەک لە (کاپتن بۆند) و (ماکانت) بکوژن، ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە هەریەک لە کاپتن بۆند و ماکانت بە شێوازی سوارە و بە سەر پشتی ئەسپەکانیانەوە بوون، کاتێک کوڕانی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند لەسەر ڕاسپاردەی باوکیان لە پشتەوە تەقەیان لێ کردوون.[٥] دواتریش هەر بەپێی لێکدانەوەی ئینگلیزەکان خۆیان، لە (٩ی

[1]- ئەحمەد خواجە، چیم دی، ل ٦٦، سعد بشیر اسکندر، من التخطیط الي التجزئة.. ص ٢٦٩، قادر سلیم شمو، موقف الکرد من الجرب الاستقلال الترکیة ١٩١٩-١٩٢٢، ص ١١٣.

[2]- سەید محەمەدی جەباری (١٨٧٨- ١٩٣٥): ساڵی (١٨٧٨) لە گوندی مەحموود پەریزای ناوچەی جەباری لەدایک بووە. خوێندنگە ئایینییەکانی شاری کەرکوکی تەواو کردووە. جگە لە زمانی کوردی، عەرەبی و فارسیی بە باشی زانیوە و یەکێک بووە لە هاوڕێ نزیکەکانی شێخ مەحموود و لە شەڕی شوعێبەی (١٩١٥)، شەڕی تاسڵوجەی (١٩١٩) و ئاوباریکی (١٩٣١)دا بەشداریی کردووە، ئەندامی کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان بووە و لە ساڵی (١٩٣٥)دا وەفاتی کردووە. بڕوانە: محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی لە کوردستانی باشوور، (هەولێر: ٢٠١٤)، ل ٤١٥-٤١٦.

[3]- ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە، ل ٦٣، عثمان علي، دراسات في الحرکة الکردیة، ص ٣٩٠.

[4]- ڕەفیق حیلمی، یادداشت، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، بەشی یەکەم، (هەولێر: ١٩٨٨)، ب٢، ل ٢٦، ستیفن همسلی لونکریک، العراق الحدیث، من سنة ١٩٠٠-١٩٥٠، تاریخ سیاسي، اجتماعي واقتصادي، ترجمة: سلیم طه التکریتي، ج١،(بغداد: ١٩٨٨)، ص ٢٣٨.

[5]- جي. کیلبرت براون، قوات اللیفي العراقیة ١٩١٥- ١٩٣٢، الترجمة والتحقیق: مؤید ابراهیم الونداوي، مراجعة: رفیق صالح، (السلیمانیة: ٢٠٠٦)، ص ٩٥.

ئابی ١٩٢٢)ەوە کەریم بەگی هەمەوەند توانیویەتی لە ناوچەی کۆیەوە، نەک هەریر، هەڵبێ و خۆی بگەیەنێتە شاری ڕەواندزی ژێر دەسەڵاتی ئۆزدەمیر پاشا، [1] بە ڕادەیەک، فەرمانڕەوایانی بەریتانیا و بە تایبەتی حاکمی سیاسیی ئەو کاتەی شاری سلێمانی، گۆڵدسمیس، پارەیەکی خەیاڵییان تەرخان کردووە بۆ هەر کەسێک کە بتوانێت شوێنیان بدۆزێتەوە یان ئاشکرایان بکات، وەک ئەوەی لە دەقی بەیاننامەکەیاندا هاتووە:

"شەخسێک وەیان چەند شەخسێک ئەگەر خەبەر و ئیتلاع بدەن، ئەو خەبەر و ئیتلاعە ببێت بە سەبەبی تەوقیف و گرتنی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، لە لایەن حکومەتەوە دەهەزار ڕوپیە ئینعام وە بەخشیشی ئەدرێتێ، دیسان هەروەها ئیتلاع بدرێت و ببێت بە سەبەبی گرتنی سەید محەمەدی جەباری، بۆ ئەمەش دووهەزار ڕوپیە ئینعام و بەخشش ئەدرێت - ئیمزا حاکمی سیاسی گولْد سمیس."[2]

هەروەها هەموو ئەوانەشی کە نەیانتوانیوە لەگەڵ ئینگلیزدا بگونجێن و (چارەی ئینگلیزیان نەدەویست) یان "تووشی داوی جاسووسەکانی ئینگلیز دەبوون و دەکەوتنە تەنگ و چەڵەمەوە لە سلێمانی، لە کەرکوک و هەولێر و کفری و شارەکانی ترەوە، تەنانەت لە موسڵ و بەغداوە هەڵدەهاتن و ڕوویان دەکردە ڕەواندز و لای ئۆزدەمیر دەحەسانەوە..."[3] جگە لە هەموو ئەوانەشی کە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا و عێراق، بە تایبەتی کەسێکی وەک: (مێجەر سۆن ڕقی لێیان دەبووەوە)، بەرەو لای ئۆزدمیر و ڕەواندز هەڵدەهاتن و ئەوێیان کردووەتە: (پەنا و.. هێلانەی هیوا...) لەوانە: ماجید مستەفا، قالەی ئایشە خان.[4] هەموو ئەمانەش وایان کردبوو تا دەهات دەسەڵاتی ئۆزدەمیر پاشا بەهێزتر بێت، بەوەی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر خەڵکی لە دەور کۆ دەبووەوە، هەرچەندە خۆشی تا بڵێی کەسایەتییەکی "زیرەک و خوێندەوارێکی وریا بوو، تەبیات و سروشتی کوردەکانی دەزانی و لە دەستووری عەشایەردا ئاگاداریی هەبوو.

---

[1]- جی. کیلبرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥- ١٩٣، ص ٩٦.

[2]- دارا ئەحمەد کەریم بەگ، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، ل ١٣٨.

[3]- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، چ٣، ل ٣٠٢.

[4]- ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد، ل ٥٧.

کابرایەکی باڵا نزیک بە کەڵەگەت و بەشەوکەت بوو، بە بەرگی عەسکەرییەوە بە وێنەیەکی مومتازی زابتی تورک و بە دوان و گفتوگۆی ئەدیبانە یان بە چەشنی خوێندەوارە بەرزەکان دەهاتە بەرچاو..."[1] سەرەڕای ئەوەش، لە سیاسەت و هەڵسوڕانی کاروباری عەشایەردا گەلێک لە حاکمە سیاسییەکانی ئینگلیز باشتر و سەرکەوتووتر بوو. بە تەواوی لە تەبیعەت و میزاجی سەرۆکعەشیرەتەکان تێگەیشتبوو، بە زۆری هەموو ئەو سەرۆکانەی کردبوو بە "ئەنگوستیلەی دەستی... هاوکات وەک ئەوەی کە کەسایەتییەکی زۆر شارەزای کاروباری ئیداری بووە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی بە ئاسانی کارێکی وا بکات، دوور لە دەسەڵاتی تورکەکان خۆیان کۆمەک و ئازوخە و جبەخانە و پارەی پێویست بۆ هێزەکانی خۆی کۆ بکاتەوە."[2]

### فراوانبوونی دەسەڵاتی تورك و
### نامەکانی ئۆزدەمیر بۆ سەرۆکهۆزەکانی کورد

دوای گەیشتنی بە ناوچەکە، زۆری پێ نەچوو ئۆزدەمیر پاشا توانیی پشتیوانیی بەشێکی گرنگی هۆز و سەرۆکی خێڵ و هۆزە گەورەکانی کورد و ناوچەکەی بە دەست بێنێت، بە تایبەتی هۆزەکانی وەک: سورچی، خۆشناو، هەمەوەند و پشدەر، هەروەها لە ناوچەکانی هەولێر و کەرکوک، سلێمانی و دەوروبەری تا ڕادەیەک نفوزێکی زۆری پەیدا کرد و بە زۆری هۆزەکان حوکمی بەریتانیایان پشتگوێ خست و سەرەتا تورکەکانیش بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوتۆ شاری ڕانیەیان داگیر کرد و هەڕەشەیان لە ئاکرێ کرد. بەوەی کاروانێکی ئینگلیزەکان کە بۆ هاوکاریی ڕانیە ڕەوانە کرابوون، بەبێ ئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست، زیانێکی زۆریان بەرکەوت و لەوێشەوە ئۆزدەمیر پاشا خۆی بۆ داگیرکردنی کۆیە ئامادە کرد.[3] ئەوە بوو بە ماوەیەک دواتریش کەسایەتییەکی وەک سمکۆ ئاغای شکاکی ڕێبەری

---

[1]- ڕەفیق حیلمی، بەشی یەکەم، چ٢، ل ٢٦.

[2]- ڕەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٢٦.

[3]- دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ب١، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، (سلێمانی: ٢٠١٢)، ل ٢٩٦.

کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری ڕانیە پەیوەندیی بە ئۆزدەمیر پاشاوە کرد.[1] بەڵام وەک پێشتریش قسەمان لەسەر کرد، ئۆزدەمیر بە ڕەگەز و بە ڕەسەن تورک نەبوو، بەڵکو وەک دکتۆر کەمال مەزهەر لەبارەیەوە نووسیویەتی: ئۆزدەمیر پاشا ئەفسەرێکی گەورە و لێهاتووی تورک و لایەنگیری مستەفا کەمال ئەتاتورک[2] بوو. ئۆزدەمیر نازناوی بوو، ئەگینا خۆی

---

[1]- دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، ب١، ٣٤١.

[2]- مستەفا کەمال ئەتاتورک (١٨٨١- ١٩٣٨): ساڵی (١٨٨١) لە شاری سالۆنیک لەدایک بووە، عەلی ڕەزای باوکی ماوەیەک فەرمانبەر بووە لە یەکێک لە فەرمانگەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا و دواتر دەستی کردووە بە بازرگانیی تەختەفرۆشی. ئارەزووی لەوەش هەبووە کوڕەکەی هەمان پیشەی ئەو بگرێتە دەست، بەڵام زوبێدەی دایکی، بەوەی ئافرەتێکی خواناس بووە، لەگەڵ ئەوەدا بووە ببێتە وتاردەر و پیاوێکی ئایینی، ئەوە بوو سەرەتا ئارەزووی دایکی سەرکەوت و پەیوەندیی بە قوتابخانەیەکی ئایینییەوە کرد. بەڵام دواتر و لە تەمەنی (٩) ساڵیدا، کە باوکی وەفاتی کرد، دایکی ناچار بوو بە کوڕ و کچەکەیەوە پەنا ببنە بەر گوندێکی نزیکی سالۆنیک کە ماڵی برایەکی جووتیاری لێ بوو. لەوێ ماوەیەک دەستی کرد بە شوانی، تا ئەو کاتەی لە (١٨٩٣)دا لە قوتابخانەی سەربازیی سالۆنیک وەرگیرا و وەک خوێندکارێکی سەرکەوتوو هاتە پێشچاو، بە تایبەتی لە بابەتی بیرکاریدا، بە ڕادەیەک بووە جێی سەرنجی مامۆستاکانی و لەبەر لێهاتوویی نازناوی کەمالیان بۆ ناوەکەی زیاد کرد، لەو کاتەوە بە (مستەفا کەمال) ناسرا. لە (١٨٩٥) لە ئامادەیی سەربازیی موناستیر وەرگیرا و دوای سێ ساڵ و تەواوکردنی، لە کۆلێژی سەربازیی ئەستەمبووڵ وەرگیرا و لە (١٩٠٥)دا ئەم قۆناغەشی بە پلەی (یوزباشی-نقیب) تەواو کرد. لێرە بەدواوە کەوتە ناو کاروباری سیاسییەوە و لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا کۆمەڵەیەکی نهێنییان پێکەوە نا بە ناوی: (نیشتمان)ەوە. هەر کە لە لایەن شۆفارەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە ئاشکرا بوون، بۆ ماوەی سی مانگ لەژێر چاودێریدا هێڵرانەوە و پاشان دوورخرایەوە بۆ دیمەشق و دواتر نەقڵی (سالۆنیک) کرا. لێرەوە پەیوەندیی کرد بە ڕیزەکانی کۆمەڵەی: (یەکێتی و سەرکەوتن)ەوە و لە (١٩١٠)ەوە لەگەڵ نێرژەیەکی سەربازیدا، بە سەرۆکایەتیی عەلی ڕەزا نێردرایە فەڕەنسا بۆ بینینی ئەو مانۆڕە سەربازییەی کە سوپای فەڕەنسا لە (بیکاردی) ئەنجامیان دا. دوای هاتنەوەی گواسترایەوە بۆ لیبیا و لەو ماوەیەوە کە وڵاتانی بەلقان شەڕیان دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند، مستەفا کەمال گەڕایەوە ئەستەمیوڵ و کرایە سەرۆکی ئەرکانی فەیلەقی (بولایر) و لە ئازادکردنی ئەدرنەدا بەشداریی کرد، هەروەها لە (١٩١٦)دا کرایە فەرماندەی تیپی شازدەیەمی ئەم شارە و لە (١٩١٧)دا کرایە فەرماندەی سوپای حەوتەم لە بەرەی سینا و لە (١٩١٨)دا سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیی تورکی کرد تا ڕاگەیاندنی سیستەمی کۆماری لە (١٩٢٣)دا و وەک سەرۆک مایەوە تا ئەو کاتەی لە (١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٨)

ناوی عەلی شەفیقە و بە ڕەگەز میسری بوو. لە حوزەیرانی (١٩٢٢)دا کەمالییەکان لەگەڵ سەربازەکانیاندا ناردیانە ڕەواندز. ئۆزدەمیر توانیی لە نزیکەوە پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەردارانی کورد دابمەزرێنی و هەزارویەک گفتی شیرینی درۆی دانێ، چالاکییەکانی ئۆزدەمیر و هاریکاری لەگەڵ سەردارانی کورددا، بە تایبەتی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفیددا، بە تەواوی ئینگلیزەکانی بێزار کردبوو.[١] بەو واتایەی ئۆزدەمیر پاشا یەکێک بووە لەو ئەفسەر و کەسایەتییە سیاسییە بەفڕوفێڵانەی نێو کەمالییەکان و هێزە سەربازییەکانی بزووتنەوەی کەمالی کە تەنانەت مامۆستا ڕەفیق حیلمییش لە یاداشتەکانی خۆیدا و لەبارەیەوە دەنووسێت: (پێنج فەرزە بە بەرچاوی خەڵکەوە) قامەتی نوێژی دەبەست و نوێژی دەکرد یان "گەلێک ئایەت و حەدیسی لەبەر کردبوو و لە ناو گفتوگۆدا بەکاری دەهێنان، هەروەها بە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگەڕا و ئەوانەی جەوهەرێکیان تیا بوایە، لە خۆی نزیکی دەخستنەوە..." هەر بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە بێدەرەتانە بە لای خۆی و تورکەکاندا پەلکێش بکات و بۆ مەرامی خۆیان و خزمەتی تورکە کەمالییەکان هەڵیانبخەڵەتێنێت و دەسەڵاتی داگیرکارانەی خۆیانی پێ فراوان و پتەوتر بکات لە ناوچەکەدا، تەنانەت بە حوکمی ئەوەی لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیشدا ئەفسەر بووە و قوتابخانەی جەنگیی ئەستەمبوولی تەواو کردبوو، ئەوە بووبووە مایەی ئەوەی کە زۆرێک لەو ئەفسەرانەی کورد بناسێت کە لەودەمانەدا لەگەڵیدا بوون، بۆ نموونە ئاشنایەتی و ناسیاریی نزیکی لەگەڵ (عیزەت تۆپچی)ی کوردی شاری سلێمانیدا دەگەڕایەوە بۆ ئەو دەمانەی کە لە ئەستەمبووڵ پێکەوە هاوکار و هاوپۆلی یەکدی بوون لە خوێندنی سەربازییدا.[٢]

ئۆزدەمیر بە ڕادەیەک هێندە کەسێکی لێزان و سەرنجڕاکێش بووە، لە کاتی خۆیدا بووە بە مایەی ئەوەی تەنانەت ڕەفیق حیلمی خۆیشی لە نزیکەوە پێی

---

لە کۆشکی دۆڵمە باخچە (Dolmabahce) کۆچی دوایی کرد. بڕوانە: منصور عبد الحکیم، مصطفی کمال اتاتورک الذئب الطورانیة الاغبر، (القاهرة: ٢٠١٠)، ص ٤٠٤– ٤٠٦.

[1]– کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب١، (بەغدا: ١٩٨٥) ل ١٢٠.

[2]– ئەحمەد خواجە، چیم دی، چ٢، ل ١٢٥.

سەرسام بووە و لەم بارەیەوە دەنووسێت: "کە چاوم بە ئۆزدەمیر کەوت، خۆمانم بیرکەوتەوە، داخی ئەوەم تازە بووەوە کە لە سلێمانیدا سەرکردەیەکی وەکو ئۆزدەمیرمان پێویست بوو و دەستمان نەدەکەوت..." کەسایەتییەک کە ئاوا بێت، ئیدی چۆن نابێتە مایەی ئەوەی کاتێک شاندی دانووستانکاری کورد و بە ڕاسپاردەی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردان، کە دەچنە شاری ڕەواندز بۆ بینینی ئۆزدەمیر پاشا لە لایەن "ماڵی شێخ مەحموودەوە و بۆ خانمی ژنی ئۆزدەمیر دیاری زێڕینی بۆ دەبرێت و... تەنانەت لە لایەن مەلیک خۆشیەوە و بۆ ناودارەکانی ئەو کاتەی ڕەواندز تۆپە تاقە و چەفتەی سورمەیی نایابیان..." بۆ دەنێرێت. هەروەها پێش هاتن و گەیشتنی ئۆزدەمیر پاشا بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان و لە درێژەی نامەیەکیدا، کە لە ڕێکەوتی (٥ی حوزەیرانی ١٩٢٢)دا کە بە ناوی فەرماندەیی بزووتنەوە نیشتمانییەکانی عوسمانی لە سوریا و فەلەستین (قیادة الحرکات الوطنیة العثمانیة فی سوریا وفلسطین)، بۆ ئەحمەد شاکر ئاغای سەرۆکی (دارهینی) باکووری کوردستانی نووسیوە، بە هەمان شێوە، وەک کەسێکی موسوڵمان و لەخواترس خۆی دەخاتە بەرچاو و (بە ناوی یەزدانەوە - باسم الله)ەوە دەست پێ دەکات و پڕوپاگەندە و قاوی ئەوەی بۆ لێ دەدات کە ئەو کەسێکە لەپێناوی خوا و بە ناوی جیهادکردنەوە هاتووەتە کوردستان و دەیەوێت ئەو هەموو ناوچانەی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیی پێشوو لە وڵاتانی بیانی و داگیرکەرانی وەربگرێتەوە.

وەک لە دەقی نامەکەیدا دەنووسێت: "بۆ خزمەتی نیشتمانپەروەری بەغیرەت و بەڕێز ئەحمەد شاکر ئاغای سەرۆکی دارهینی: دوای سڵاو و ڕێز، بە جەنابت ڕادەگەیەنم کە ئێمە بە مەبەستی جیهاد لە ڕێگەی خودا و وتەکانی بەرگری لە خۆمان و وەدەستخستنەوەی چەند ناوچەیەک لە خاکی عوسمانی، کە ئێستا بە دەست بێگانەوەیە، بۆ ئێرە هاتووین. خودا دەفەرموێت: (ان الدین عند الله اسلام) سەرکەوتن و پشتگیری لە لایەن خوا و پێغەمبەری ئەوە و ئیماندار پشتئەستوورە (ئەی پێغەمبەر، موسڵمانان بۆ جیهاد بانگ بکە).. (گفتەکانی خودا ڕاستن و خوداوەند موجاهدین بەسەر خەڵکیدا زاڵ دەکات). من هەموو ڕێگەکانی ئامادەکردنی نەتەوەپەروەر و بزووتنەوە نەتەوەییەکانم

بۆ عومەر ئاغای سەرۆکی هۆزی جەلیان ڕوون کردووەتەوە، تکایە سەردانی بکەن، ئەو شتە پێویستەکانت پێ دەڵێت. خودا بەسەر دوژمندا سەرکەوتووت دەکات...ئۆزدەمیر...سەرۆکی تەشکیلاتی نیشتمانی."[1]

دوابەدوای ئەوەش، لە دەقی نامەیەکی تریدا کە دواتر و لە (١٦ی حوزەیرانی ١٩٢٢)دا (لە کتێبەکەی ڕۆبەرت ئۆڵسندا و لە ٢٦ی حوزەیراندا هاتووە. نووسەر)[2] بۆ ڕەسوڵ ئاغای سەرۆکی بەناوبانگی هۆزی دزەیی لە باشووری کوردستانی نووسیوە، بەڵام ئەم نامەیانی لە کاتێکدا نووسیوە کە هێشتا خۆی و هێزەکەی تورک ماوەیەکە گەیشتوونەتە ناوچەکە و بە تایبەتی شاری ڕەواندزی ئەو کاتە، بە جۆرێک، لەو سەروبەندەدا ئۆزدەمیر پاشا وەکو خۆی لە دەقی نامەکەیدا بە وردی ئاماژەی بۆ کردووە، پلەی سەربازی و لێپرسراوێتیی بریتی بووە لە: (فەرماندەی گشتیی ناوچەی جەزیرە و عێراق و حەرەکاتی گشتی)، وەک لە دەقە عەرەبییەکەیدا نووسراوە (قائد منطقة الجزيرة والعراق والحركات العامة - اوزدمير)، هاوکات لە بەشێکی تری نامەکەیدا زۆر بە ڕقەوە باس لە بەریتانیای داگیرکەر و شێوازی دەستدرێژی و داگیرکارییان بۆ ناوچەکە بە تایبەتی دەکات، کە چۆن شاری ئەستەمبوولی پیرۆزی پایتەختی خەلافەتی ئیسلامییان داگیر کردووە و (خەلیفەی فەخری بەشەریەتیان) لێ دوور خستووەتەوە. هەروەها چۆن بە زۆر وایان لێ کردووە کە ملکەچی فەرمانە گڵاوەکانیان بێت و دواتریش کەوتوونەتە ئەوەی کە چۆن تۆوی دووبەرەکایەتی و دوژمنایەتی لە نێوان برا موسڵمانەکاندا بچێنن، جگە لەوەش، لە بەشێکی تری نامەکەیدا دەکەوێتە تانەلێدان و زەمکردنی تەواوی فەرمانڕەوایەتییەکەی شا فەیسەڵی یەکەم (١٩٢١- ١٩٣٣) لە عێراق و لەبارەیەوە دەنووسێت: "کەسێک نییە حەقیقەتی حکومەتەکەی فەیسەڵ نەزانێت کە چۆن ئامێرێکە بە دەستی فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە." بەڵام وەکتر و بە پێچەوانەوە، دەکەوێتە پیاهەڵدان و ستایشکردنی بزووتنەوەی کەمالییەکان، بە تایبەتی مستەفا کەمال ئەتاتورکی باوکی تورکان

[1] - احمد عثمان ابوبكر، صحيفة (خەبات)، العدد (٨٢٤)،١٩٩٧/٧/٢٥، ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، کوردستان ١٨٨٠- ١٩٢٥، ل ٢٨٢.

[2] - احمد عثمان ابوبكر، صحيفة (خەبات)، المصدر السابق.

و دواتر دەنووسێت: "ئەو داگیرکەرانەی کە بەشێکی گرنگی وڵاتەکەمانیان داگیر کردووە، پشت بە خوا وڵات سەربەخۆیی خۆی بە دەست دەهێنێتەوە و هەر ئەم هۆکارەش بووە کە وا لە حکومەتی کەمالی بکات کە نەتوانێت دەستگیرۆیی و یارمەتیی (باشووری کوردستان) و ویلایەتی موسڵ بدات. بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خوا وا ئێمە هاتووین بۆ ئەم ناوچەیە و لەپێناوی ئەوەی لاقی ئەو داگیرکەرانە بشکێنین کە حوکمی ئێرە دەکەن..." لە کۆتایی نامەکەشیدا دەکەوێتە ڕێنمایی و تەمێکردنی (انصحک..) ڕەسول ئاغای دزەیی، کە ئەو دەبێت لەمە بەدوا بە خۆی و ئەندامانی هۆزەکەیەوە لە پرۆسە سەربازییەکانیاندا هاوکارییان بکات و بە خۆی و ئەندامانی هۆزەکەیەوە هێرش بکەنە سەر دوژمنان..."[1] بە هەموو ئەمانەشیدا و بە ناوی داگیرکاری و داکۆکیکردن لە ئیسلام و یارمەتیدانی ناوچە کوردنشینەکان کە بە دەق نووسیویەتی: (باشووری کوردستان- کردستان الجنوبیة)، کە دەقی تەواوی نامەکەی بەم شێوەیە:

(بۆ ڕەسوڵ ئاغا، سەرۆکی هۆزی دزەیی، سەرۆکی خۆشەویست: هیچ موسوڵمانێک نییە کە گەورەیی و توندیی ئەو کارەساتەی لە شەڕی گەورەوە و هەروەها لە ماوەی دوای شەڕڕاوەستان بەسەر وڵاتەکەماندا تێدەپەڕێت، درک نەکردبێت. موسوڵمانێک نییە کە لەو ئامانج و مەبەستە ڕاستەقینەیەی بەریتانیا نەگەیشتبێت کە بووە هۆی داگیرکردنی شاری ئەستەمبووڵی پیرۆز و پایتەختی خەلافەت لە لایەن بەکرێگیراوانی دوژمنی ئیسلام و لادانی خەلیەفەکەی کە فەخری بەشەریەتە (سڵاوی خوای لێ بێت)، ملکەچ و بەند کردووە. بەریتانیاش بە ئامرازی ڕەزیلانەی ئەوی ناچار کردووە سەر بۆ فەرمانەکانی کەچ بکات و سەرئەنجام بۆ چاندنی دووبەرەکایەتی و دوژمنایەتی لە نێوان موسڵمانان. لە کۆتاییدا و بە مەبەستی دووبەرەکی و لێکجوداکردنەوەیان، ئەم بارودۆخەی لە باشووری کوردستاندا خوڵقاندووە. هەتا کەسێک نییە کە لە گەوهەری حکومەتی فەیسەڵ، ئەم ئامرازە بێزراوەی دەستی بەریتانیا نەگەیشتبێت. بەڵام ئەم بارە نالەبارە تووڕەیی خودای

[1]- احمد عثمان ابوبکر، صحیفة (خەبات)، العدد (٨٢٤)، ١٩٩٧/٧/٢٥، تلار علی امین، موقف ترکیا من القضیة الکردیة في العراق، ص ٧٢- ٧٣.

ورووژاندووه و بۆ سەلماندنی موعجیزەکانی پێغەمبەر لە قورئانی پیرۆزدا فەرمووی کە ئیسلام تا ڕۆژی قیامەت دەمێنێتەوە، مستەفا کەمالی هێنایە مەیدانی خەبات تا سەرزەوییەکانی عوسمانی لە چەنگاڵی دوژمنان ئازاد بکات و ئەوان لە بێحورمەتی ڕزگار بکات و بێگانەکان لەو بەشە زۆرانەی خاکی وڵاتەکەمان کە چنگیان لێ گیر کردبوو. دەربکات، سوپاس بۆ خودا، وڵات سەربەخۆیی خۆی بە دەست دەهێنێتەوە. لەبەر هەندێ، حکومەتی کەمالی نەیدەتوانی یارمەتییەکی وا پێشکەش بە باشووری کوردستان و ویلایەتی موسڵ بکات. بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خوا کە ئێمە هاتووینەتەوە بۆ ئەم ناوچەیە، لەپێناوی ئەوەی لاقی ئەو بێگانانە بشکێنین کە لێرە حوکم دەکەن، لەپێناوی ئەوەی وڵاتە پیرۆزەکەمان بە پشتیوانیی خودا بپارێزین. ئێمەش لەم نزیکانەدا دەکەوینە ڕێکخستنەوەی خەڵک و بۆ بەشداریکردن لەڕاپەڕینێکی گشتیدا. ئێستاش ئێوە ڕادەسپێرم (بە ڕەسوڵ ئاغا دەڵێ) هەر کە ئێمە پرۆسە سەربازییەکانمان لای باکوورەوە دەست پێ کرد، ئێوەش لە ناوەوە و لەگەڵ هۆزەکەتاندا هێرش بکەنە سەر دوژمن. مادام کە ئێوەش هەر سەرۆکی هۆز بن، ئەوا بەبێ هیچ ڕاڕایی و دواکەوتنێک، ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ڕزگارکردنی ویلایەتی موسڵ. من وای بۆ دەچم کە ئێوە هاوکارمان بن لە پرۆسەکەماندا و لە کاتێکی گونجاودا، یارمەتییەکیش لە کاتی خۆیدا نەبێت، سوودێکی ئەوتۆی نابێ و منیش لەم بارەیەوە هیچ بەڵێنێکم لە ئێوە ناوێت.

پێشنیازیش دەکەم لەگەڵ نێراوماندا، کە ڕاسپێردراوە بێتە خزمەتتان، لە هەر شوێنێک کە ئێوە دەتانەوێت و ئارەزووی دەکەن، یەکتر ببینن، بۆ ئەوەی ئامانج و پلانەکانمان ڕاشکاوانە و بە ڕوونی بۆتان باس بکات... ئۆزدەمیر... فەرماندەی ناوچەی جەزیرە و عێراق وحەرەکاتی گشتی."[١]

ناوچەی جەزیرەش وەک دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر[٢] باسی

---

[1]- احمد عثمان ابوبکر، المصدر السابق، ڕۆبەرت ئۆڵسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، ل ٢٨٣-٢٨٤.

[2]- دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر (١٩٣٠-٢٠١٤/١/٢١): لە (١٩٣٠) و بەپێی ناسنامەی باری کەسێتی، لە گوندی (پیرداود)ی سەر بە شاری هەولێر لەدایک بووە و دایکی ناوی (عائیشە جەرجیس)ە، بە ڕەسەن دەچنەوە سەر بنەماڵەی (پیرەباب)ی بەناوبانگ. قۆناغەکانی

کردووە، بریتییە لە جەزیرەی ئیبن عومەر و ناوچەی بۆتان و جەزیرەی فورات، جگە لەوەش، فەرماندەیی بزووتنەوەکەی لە عێراق و ناوچەی ڕەواندز و باشووری کوردستان هەموو لە چوارچێوەی بەر پرسیارێتییەکەیدا بوون.[١]

کەچی لە درێژەی نامەیەکی تریشیدا کە ئۆزدەمیر پاشا لە شاری ڕەواندزەوە بۆ سەید محەمەدی جەباریی ناردووە و مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ڕێکەوتی (١ی جەمادی یەکەمی ساڵی ١٣٤١ کۆچی) بەرانبەر بە (٢٠ کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ زایینی) و بە ناوی (قوماندانی حەرەکاتی ڕۆژهەڵاتی جەزیرە و عێراق)ەوە نووسیویەتی و تیایدا باسی لەوە

---

خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری هەولێر و هەروەها قۆناغی زانکۆی لە (زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت)ی وڵاتی لوبنان لە ساڵی (١٩٥٥)دا تەواو کردووە. پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا چووەتە یەکێتیی سۆڤیێتی پێشوو و قۆناغی دکتۆرای لە (ئەکادیمیای علومی سۆڤیێتی لە مۆسکۆ)، لە ساڵی (١٩٦٥)دا تەواو کردووە و ماوەیەکی زۆریش لە (کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، بەشی مێژوو) مامۆستا بووە. بە زۆری بابەتی (تێکستی مێژوویی) بە زمانی ئینگلیزی دەوتەوە، سەرەڕای هاوکاریکردنی بەردەوامی خوێندکارانی خوێندنی باڵای ماستەر و دکتۆرا لە ڕووی کاری وەرگێڕان و سەرپەرشتیکردنەوە، بە یەک دوو ساڵێک دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە شاری بەغداوە گەڕایەوە کوردستان و لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین بوو بە مامۆستا و لەم قۆناغەشدا چ وەک وانەوتنەوە و چ وەک سەرپەرشتیکردن لە کاروباری خوێندنی باڵادا بەردەوام بوو، جگە لەوەش، لە زۆربەی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عێراقییەکاندا نووسینێکی زۆری بە: زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو کردووەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک بەرهەمی وەرگێڕان و چاپکراوی دانسقەی هەیە، سەرەڕای هەندێ دەستنووس و بابەتی تایبەت کە لای نووسەری ئەم کتێبە پارێزراون و لە دەرفەتێکدا وەک کتێبێکی سەربەخۆ بڵاویان دەکەینەوە. بە داخەوە تا لە ژیاندا بوو، بە ڕەبەنی ژیا و ژیانی هاوسەریی پێکەوە نەنا. بۆ دواکاتیش لە تەمەنی (٨٤) ساڵیدا و لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١/٢١)، لە شاری هەولێر زۆر بە بێدەنگی وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی ڕێگەی (مەخموور) ئەسپەردەی خاک کرا. دیارترین بەرهەمە چاپکراوەکانی بریتین لە: اكراد الملى وابراهيم باشا، الصراع على كوردستان (وەرگێڕان لە ڕووسییەوە)، كوردستان في عهد السلام بعد الحرب العالمية الاولى (بە زنجیرە لە گۆڤاری (الثقافة)ی سەلاح خالیسدا بڵاوی کردەوە)، الانسان الجديد-العاقل (بە زمانی ئینگلیزی)، هەروەها لەم ساڵانەی دواییشدا دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح زۆربەی زۆری بەرهەمەکانی بەسەر یەکەوە و لە (دوو بەرگ)ی سەربەخۆدا بە ناونیشانی: (الاثار الكاملة للدكتور احمد عثمان ابوبكر) بەدوای یەکدا و لە ساڵانی (٢٠٠٩) و (٢٠١٠)دا بڵاو کردەوە.

[1]- احمد عثمان ابوبكر، المصدر السابق.

کردووە کە ئەو نیگەرانە سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەی سلێمانی و ئەو مەترسییانەی لەسەر شێخ مەحموود هەن و هاوکات جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە و بۆ سەید محەمەد جەباری دەنووسێت هەواڵی سەلامەتیی بارودۆخی ئەو ناوچەیەم بۆ بنووسن وەک ئەوەی لە دەقی نووسراوەکەیدا هاتووە: "جەنابی خاوەن گەورەیی، سەید محەمەد ئەفەندی جەباری، دوای سڵاو، ئەگەر هەواڵمان دەپرسی شوکر بۆ خوا سەلامەتی هەیە. وەزعی ئێرە شتێکی شایانی باس و گوتن کە گرنگ بێ نییە. بەڵام لە دەوروبەری سلێمانییەوە، بە داخەوە بەعزە ڕووداوێک لە ڕووداندایە و بەر گوێ دەکەوێت، ئەگەر ئەو جۆرە پیاوخراپ و دڵپیسانە بەسەر ئارەزوویان بە کردەوە سەرکەون، دیارە بەرژەوەندیی جەنابی شێخ مەحموود ئەفەندی دەخەنە مەترسی و هەم ئێمەش لە چاوپێکەوتن و دیتنی ئێوە بێبەش دەکات. لەم دوو خاڵە زۆر بەداخم. تکا دەکەم لە حقووقی پیرۆزی شێخ تا ئەوپەڕی توانات داشداری و پارێزگاری بفەرموون، چونکە نیازی پاک و هەقی هۆزایەتیی جەنابی ناوبراو لەلام ئاشکرایە. خوا موفسیدان نابووت بکات کە بە موقەدەراتی میللەتی کورد یاری دەکەن و قازانجی حەرام و گڵاوی خۆیان دابین دەکەن، زیاتر لەوە هەواڵی سەلامەتیی خۆتان و ئەولا مەپچڕن گەورەم.. قومانداری حەرەکاتی ڕۆژهەڵاتی جەزیرە و عێراق ئۆزدەمیر."[1]

دوابەدوای هەموو ئەوانەش، لە بەشێکی تری نامەیەکیدا کە بۆ شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانی ناردووە، بە تایبەتی دوای گەڕانەوەی لە تاراوگە و تیایدا چالاکانە ڕووی کردووەتە شێخ مەحموود و ئاییندەی ڕووناکی تورکەکان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کوردی بۆ دەنووسێت تا ئەو ئاستەی بە ناوی مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە بەڵێن بە شێخ مەحموود دەدات کە وەک سەردەمی محەمەد عەلی پاشا (١٧٦٩-١٨٤٩)ی گەورەی میسر، دەکرێتە خدێویی کوردستان و وەک والییەکی سەربەخۆ دادەنرێت.[2] جگە لەوەش، لە کورتەی نامەیەکی تریدا بۆی دەنووسێت: (دەستان ماچ

[1]- عەبولڕەقیب یوسف، لە کەلەپووری بەڵگەنامەی کوردی، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژمارە (١١٢)، ساڵی ١٩٨٦، ل ٢٨٥.

[2]- مەحموود مەلا عززەت، حکومەتی کوردستان لە ناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیادا ١٩١٨-١٩٢٤، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسییە، بنکەی ژین (سلێمانی: ٢٠٠٦)، ل ٢٤٢.

دەکەم، ئارەزووی بینینتانم هەیە چاوەڕوانی فەرمانتانم.)[١] وێڕای ناردنی نامە و نوێنەری تایبەت بۆ لای شێخ مەحموود، چەند جارێکیش چ لە شاری سلێمانی و چ لە کاتی چۆڵکردنی سلێمانیدا و لە (شێخ باخ، نووسەر) نەک سێ باخ[٢]ی ناوچەی سورداش و (ئەشکەوتی جاسەنە)ش لەگەڵ شاندی تورکی و دەستوپێوەندەکانیدا سەردانی شێخ مەحموودی کردووە و بە ستایشەوە و بە (سرودی سوپایی و نیشتمانییەوە خۆشهاتنی لێ کراوە) و بیروڕای لەگەڵدا گۆڕیوەتەوە سەبارەت بە ڕەوش و بارودۆخی ناوچەکە و نفوزی هێزەکانی بەریتانیا لە باشووری کوردستاندا.[٣] هاوکات زۆر چاک لەوەیش گەیشتووە کە کورد گەلێکی موسوڵمانە و چۆن و بە چ جۆرێک زیاتر سەرنجیان ڕادەکێشرێ و خاڵی وەرچەرخان و دەستەمۆکردنیان لە کوێدایە. هەروەها پێش گەڕانەوەی شێخ مەحموود لە تاراوگە و ژیانی دوورخراوەیی، ئۆزدەمیر نامەیەک بۆ شێخ قادری حەفید دەنووسێت و تیایدا بە زۆری ئامانجی خۆیانی بۆ گرتنەوەی ویلایەتی موسڵ و هۆشیارکردنەوەی براکوردە موسڵمانەکان تا نەبنە قوربانیی ئینگلیزە خائینەکان... جگە لەوەش، دەقی نامەکە ستایشێکی زۆری شێخ مەحموود و جەوری ئینگلیز لێی و بەدیلگرتنی، بەرزبوونەوەی ناوی شێخ مەحموود لە عالەمی ئیسلامدا و پێخۆشبوونیان بۆ ڕزگارکردن و گەڕانەوەی تیایە.. سەرەڕای هێرشکرنە سەر (نەمرود) کە مەبەستی لە کەسایەتی و ئەفسەری ناسراوی کورد، مستەفا پاشای یامولکی بووە.[٤]

سەبارەت بە شێوازی پەیوەندی و ئەو نامەگۆڕینەوانەش کە بە زۆری لە نێوان مەلیکی کوردان شێخ مەحموود و ئۆزدەمیر پاشادا ئاڵوگۆڕ کراون، شێخ ڕەئوفی کوڕی شێخ مەحموودی حەفید لە یاداشتە دەستنووسەکانی خۆیدا، کە تا ئێستا چاپ نەکراون و بە زۆری مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار[٥] سوودی زۆری لێ وەرگرتوون، نووسیویەتی: "لە کاتی شەڕی

---

1- ئەحمەد خواجە، چیم دی، چ٢، ل ١٢٤.

2- مەحموود مەلا عززەت، حکومەتی کوردستان، س. پ، ل ٢٤٢.

3- ئەحمەد خواجە، چ٢، ل ١٢٥.

4- مەحموود مەلا عیزەت، حکومەتی کوردستان، س. پ، ل ٢٤٥- ٢٤٦.

5- محەمەد ڕەسوڵ هاوار ((١٩٢٤-٢٠٠٦)): ساڵی (١٩٢٤) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی هەر لە شاری سلێمانی و کۆلێژی

دووەمی جیهانیدا کە کاپتن لاین[1] مودیری ئیستخباراتی بەریتانیا بوو لە شیمالی عێراق، ڕۆژێک لە سلێمانی بۆی گێڕامەوە، ئەو نامانەی کە وەختی خۆی لە نێوان باوکت و ئۆزدەمیردا ئاڵوگۆڕ دەکران، ئێستا کۆپیی ئەو نامانە لە شەریکەی نەوتی کەرکوکدا هەیە و پارێزراوە... هەروەها نووسیویەتی: پێی وتم ئەو نامانەمان بە هۆی ئەو پۆستەچییەوە دەستدەکەوت کە لە پێشدا نامەکانی دەهێنا بۆ ئێمە و ئێمەش کۆپیمان دەکرد، ئەوسا پۆستەچییەکە دەیبرد بۆ لای ئۆزدەمیر کە هەموو جارێک بۆ هەر نامەیەک (٥٠) ڕوپیەمان دەدایە و بەو جۆرە ئاگاداری پەیوەندی و کاروباری باوکت و ئۆزدەمیر

---

(یاسا)ی لە شاری بەغدا تەواو کردووە. لە ماوەی ژیانیدا هاوعەسری زۆربەی ڕووداوەکانی کوردستان بووە و ماوەیەکی زۆریش لە شاری بەغدا ژیاوە. دواتر و لە ساڵی (١٩٧٤)ەوە، پەیوەندیی بە شۆڕشی کوردستانەوە کردووە. لە (١٩٨٠) بە ماڵەوە بە یەکجاری چووەتە شاری (لەندەن) و لەوێ ژیاوە، ئەدیب و نووسەرێکی چالاکی کوردە و کۆمەڵێک بەرهەمی چاپکراوی لە بوارەکانی: شیعر، مێژوو، بیرەوەری و ڕووناکبیریی کوردیدا بڵاو کردووەتەوە. ساڵی (٢٠٠٦) لە شاری لەندەن وەفاتی کردووە. بڕوانە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، (لەندەن: ١٩٩١)، دوالاپەڕە.

[1]– کاپتن لاین W.A. Lyon (١٨٩٢– ١٩٧٧): والاس لاین لە بنەماڵەیەکی ئاینیی سکۆتلەندی لە ئێرلەندە هاتووەتە دونیاوە. کوڕی ناوەنجیی باوکیەتی، خوێندن و نووسینی لە قوتابخانەی کڵێسایی لە (دوبلن)ەوە دەست پێ کردووە و پاشان چووەتە زانکۆی نیشتمانی، بەڵام لەبەر باری دارایی هەر لە سەرەتاوە وازی هێناوە. ساڵی (١٩١٢) چووەتە هیند و لەوێ بووە بە بەڕێوەبەری لقێکی کۆمپانیای توتنی (بەریتانی–ئەمەریکی) و لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهاندا خۆبەخشانە چووەتە ڕیزەکانی سوپای بەریتانییەوە لە هیند و بووە بە ئەفسەر، ماوەیەک لە بەرەکانی جەنگدا لە وڵاتی فەڕەنسا جەنگاوە و تەنانەت برا بچووکەکەشی هەر لە ڕیزی سوپای بەریتانیدا بووە و لەوێ کوژراوە. لە ساڵی (١٩١٨)ەوە ڕەوانەی میسۆپۆتامیا کراوە و لە ڕێگەی ئاسنی نێوان (بەسرە–بەغدا) دانراوە. کاپتن لاین یەکێکە لەو ئەفسەرانەی بەریتانیا کە زۆرترین ماوە لەم ناوچەیەدا ماوەتەوە، تا کۆتایی (١٩٤٤)، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک پلە و پۆستی جیاوازی خراوەتە ئەستۆ، لەوانە: ئەفسەری سیاسی، موفەتیشی ئیداری، ئەفسەری یەکالاکردنەوەی موڵکایەتی، ڕاوێژکاری سیاسیی لەشکر... لە ساڵی (١٩٤٤) بەدواوە قونسوڵی بەریتانیا بووە لە ئەسیوبیا و لە ساڵی (١٩٤٩)ەوە بە پلەی (کۆلۆنیل–مقدم) خانەنشین کراوە. بڕوانە: کاپتن لاین، کورد و عەرەب و بەریتانییەکان، بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩– ١٩٢٩، وەرگێڕانی: یاسین سەردەشتی، (سلێمانی: ٢٠٠٧)، ل ١٤–١٥.

بووین..."[1] هاوکات شێخ ڕەئوفی کوڕی شێخ مەحموود گومان لەو قسانەی کاپتن لاین دەکات و دەنووسێت: "ئۆزدەمیر خۆی وێنەی ئەو نامانەی باوکمی ناردووە بۆ ئینگلیزەکان، بۆ ئەوەی زۆرتر لە بەرچاوی ئینگلیزەکانی بخەن.." تورکەکانیش وایان لێک داوەتەوە هاندانی ئینگلیزە کە وا لە شێخ مەحموود دەکات شەڕی تورکەکان بکات.[2] بەڵکو شێخ مەحموود هەر زوو لەوە گەیشتبوو کە ئەو کەوتووەتە نێوان دوو بەرداشی ئینگلیز و تورکەوە و هەریەکەشیان بە جۆرێک لە پیلان و نەخشەی ئەوەدا بوون کە چۆن شێخ مەحموود تەفرە بدەن و بیکەنە داشی بردنەوەی ململانێکەیان لە ناوچەکەدا، تا ئەو کاتەی لە چوارچێوەی دانیشتنەکانیاندا، چارەنووسی کێشەی ویلایەتی موسڵ و دەرئەنجامەکانی بە کویَ دەگات. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە خەڵکی باشووری کوردستان یاخود بڵێین: ئەوانەی کە بە زۆری قاوی ئەوەیان بۆ تورکەکان بڵاو دەکردەوە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا لەبارەی: "گەیشتنی هێزی تورکییەوە لەم نزیکانەدا و پێکەوەگرێدانی ویلایەتی موسڵ بە تورکیاوە."[3] بە زۆری ئەمانەش لە ناو کورد و کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە (جلخوارەکان) یان بە دەستوپێوەندی تورک ناسرابوون، بەڵام ئەم هاتنی تورکانەش بۆ شاری ڕەواندز و داگیرکردنی دەوروبەری، وەک بە تەماش بوون کە دەست بەسەر شاری سلێمانی و هەولێر وکەرکوکیشدا بگرن، سەرەتا یەک لایەنی زۆر باشی تیادا هەبوو، بە تایبەتی بۆ ئەو ڕۆژگارەی کورد کە جارێکی تر کەوتنەوە ڕاپەڕین و داواکاریی ئەوەی کە دەبێت: (شێخ مەحمودی حوکمداری کوردستان) لە بەندی و ژیانی دوورخراوەیی ئازاد بکرێت و بگەڕێتەوە کوردستان و شاری سلێمانی و هێزەکانی بەریتانیاش لە سەرەتاکانی مانگی ئەیلولی (١٩٢٢)دا لە شاری ڕانیە و دەوروبەری کشاونەتەوە و ئەوەشی کە زیاتر بووبێتە هۆی کشانەوە و هەڵاتنی ئینگلیزەکان لە شاری ڕانیە، هاوکاریکردنی بەشێک لە کۆمەڵانی خەڵک و هۆز

[1]- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب٢، (لەندەن: ١٩٩١)، ل ٤١٢.

[2]- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، س. پ، ل ٤١٢.

[3]- جليلى جليل، م. س حسرتيان و اخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة: عبد حاجى، (بيروت: ١٩٩٢) ، ص ١٢٦.

و خێڵەکانی ئەو ناوچەیە بووە لەگەڵ تورکەکاندا، بەوەی جێگری حاکمی شاری ڕانیە کاپتن کووک کە دواتریش کراوەتە حاکمی (دەربەند)، هەر لە ژوورەکەی خۆیدا و بە شێوازێکی زۆر ناشرین و ئاشکرا (فەتاح بەگ) کە کەسایەتیی ناسراو و لە خێزانێکی ناودار و بەقۆناغی ناوچەی ڕانیە بوو، کوشتووە و تەنانەت ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانی خۆیدا بە (فەتاح بەگی شەهید) و کەسێکی موعاریزی ئینگلیز و بابەکر ئاغای پشدەری باسی کردووە.[1] بەڵام سەبارەت بە شاری کۆیە، کە ماوەیەک بوو ئەویش لە لایەن تورکەکانەوە و بە ڕێخۆشکردنی بەشێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی شار و لایەنگیری و چاوساغییان بۆ هێزەکانی تورک دەستی بەسەردا گیراوە، لەوانە: کەریم ئاغای حەوێزی و حەوێز ئاغای غەفووری هەتا دەوروبەری (سەرخمە) و نزیکی (هەیبەت سوڵتان) بە پیریانەوە چوون، تەنانەت ڕەمزی بەگی قائیمقامی ڕەواندزیش وەک کاربەدەستێکی فەرمیی تورک سەردانی شار و ناوچەکەی کردووە و کاروباری شاریان ڕێکخستووەتەوە، هەر لە دانانی قائیمقام، مەئمووری مەرکەز و بەرپرسی جەندرمە بەسەر کەسایەتییە ناسراوەکانیدا دابەش کردووە و بەرپرسیارێتیان خستوونەتە ئەستۆ، دواتر هەر لە لایەن تورکەکانیشەوە عەبدولفەتاح ئاغای کوڕی عەبدوڵڵا ئاغایان بە بەڕێوەبەری ناحیەی (تەقتەق) دامەزراندووە.[2] بە جۆرێک، تا ئەو کاتەشی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە دووبارە دەستی بەسەردا گیراوەتەوە، ناوبەناو لە ڕێگەی هێزی ئاسمانییانەوە هێرشیان کردووەتە سەر و ژمارەیەک لە هاووڵاتیانی کوژران و بریندار بوون، تا ئەو کاتەی لە (١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢)دا لە ڕێگەی هێرشی بەردەوامی ئاسمانییەوە توانیویانە تەنگ بە تورکەکان و هاوکارەکانیان هەڵبچنن و تەنانەت لە شاری کۆیە و قەڵادزە و ڕانیەش دەریان کردوون و زۆرێک لە هۆز و ئەو کوردانەشی کە لایەنگیرییان

---

[1]- سروه اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤–١٩٢٦، دراسة تاريخية سياسية وثائقية، الطبعة الاولى، (اربيل: ٢٠٠١)، ص ٢٣٩، ئەحمەد خواجە، چیم دی، چ٣، ل ٦٧، ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد، ل ٤٢–٥٨.

[2]- تاهیر ئەحمەد حوێزی، مێژووی کۆیە، ب٢، بەشی یەکەم، چاپخانەی (نمیر)، (بەغدا: ١٩٨٤)، ل ١٤٩.

کردوون، شاریان بەجێ هێشتووە و بەرەو وڵاتی ئێران و تورکیا هەڵهاتوون.[1]

لە هەمان کاتیشدا ئەم هاتنەی تورکەکان بۆ شاری ڕەواندز و ناوچەکانی تری باشووری کوردستان وای لە فەرمانڕەوایانی ئینگلیز کرد کە خۆیان ڕاستەخۆ هەوڵی ئەوە بدەن بۆ جارێکی تر شێخ مەحموودی حکومداری کوردستان لە تاراوگەوە بگەڕێتەوە باشووری کوردستان و شاری سلێمانی. ئەمەشیان زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە بتوانن وا لە شێخ مەحموود بکەن کە دەمکوتی هێزەکەی تورکی پێ بکەن لە ناوچەکەدا، وەک ئەحمەد خواجە[2] لەم بارەیەوە دەنووسێت بۆ ئەوەی: "زۆر بە پەلە ئۆزدەمیر دەربکات و بە لەشکری کوردەوە جەنگ لەگەڵ تورکەکاندا دابمەزرێنێت." بە تایبەتی لە دەوروبەری ڕەواندز و هەریر و باتاس و هەموو ئەو شوێنانەی دی کە تا ئەو کاتانە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتیانەوە، بەڵام لەمەیاندا تورکەکان زۆر بە خێرایی دەستپێشخەرییان کرد و کەوتنە پێشکەوتنی بەردەوام بەرەو ناوچەکانی قووڵایی باشووری کوردستان و دەستیان بەسەر تەواوی شاری ڕەواندزدا گرت و دامودەزگای کارگێڕیی خۆیانیان تیادا دامەزراند، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی تورک کەوتنە تاڵانکردن و هەروەها بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە نێو دانیشتوانەکەیدا.[3] لە کاتێکیشدا زیاتر ئەم هەڵەیان قۆستەوە، بارودۆخی باشووری کوردستان و دەستپێکردنەوەی شۆڕشەکانی شێخ

---

[1]- جەمال فەتحوڵڵا تەیب، کۆیە ١٩١٨–١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، چ٢، (هەولێر: ٢٠٠٨)، ل ٨٥–٨٦.

[2]- ئەحمەد خواجە (١٩٠٣–١٩٩٧): کوڕی عەزیز عوسمان ئاغای ئەردەڵانییە کە باوکی لە نێوەندی پەروەردە و خوێندنا و لە باشووری کوردستاندا بە خواجە ئەفەندی ناسراوە. ساڵی (١٩٠٣) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە و سەرەتاکانی خوێندنی لای باوکیەوە دەست پێ کردووە و دواتر پلەکانی خوێندنی لە قوتابخانە فەرمییەکاندا درێژە پێ داوە و هاوچەرخی بزووتنەوەکانی شێخ مەحموودی حەفید بووە و تەنانەت وەک سکرتێر و نووسەری تایبەتی شێخ مەحموود کاری کردووە و زۆرێک لە نامەکانی ئەو گەیاندوونی بە بەرپرسانی ئێران و ڕووس و ماوەیەکیش سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال) بووە. لە کۆی چوار بەرگی سەربەخۆدا مێژووی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نووسیوەتەوە بە ناونیشانی: (چیم دی)یەوە و لە ساڵی (١٩٩٧) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: جمال بابان، اعلام الکرد، ج١، (اربیل: ٢٠١٢)، ص ٤٤.

[3]- جلیلی جلیل واخرون، المصدر السابق، ص ١٢٧.

مەحموود لە لایەک و باری ئاڵۆزی ئینگلیزەکانیان بە هەلی خۆیان زانی، وەک ئەوەی لە مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٢٢)دا بەرەتای هێزەکانیان گەیشتە دەوروبەری شاری سلێمانی و ئینگلیزەکانیش جێگەی خۆیان چۆڵ کرد و گەڕانەوە بۆ شارەکانی هەولێر و کەرکوک، هاوکات ئەمەش بۆ خۆی وەک جۆرە هەڵهاتنێک بوو کە ناوناوبانگی بەریتانیای گەورەی لەکەدار دەکرد، ئەمەش بەگوێرەی ئەو ددانپیانانەی کە مێجەر ئیدمۆنس[1] خۆی پێی لەسەر دادەگرت.[2]

---

[1]- سیسیل جۆن ئیدمۆندس C. j. Edmonds (١٨٨٩-١٩٧٩): ئەفسەری سەربازی و دیبلۆماتکار و ڕۆژهەڵاتناسێکی ناسراوی بەریتانیای گەورەیە. لە (٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٩)دا لە ئۆساکای وڵاتی یابان لەدایک بووە. هەر لەو دەمانەدا باوکی لەوێ کاربەدەست بووە، خاوەنی بڕوانامەی (بەکالۆریوس) بووە لە زمانەکانی: عەرەبی، تورکی و فارسیدا، لە (١٩١٠)ەوە بووە بە کۆنسوڵی بەریتانی لە شاری بوشەهری باشووری ئێرانی قاجاری و دواتر کار و بەرپرسیارێتیی گواستراوەتەوە بۆ ئەستەمبووڵ و لە (١٩١٣)دا بووە بە جێگری حاکمی سیاسی لە عێراق و لە (١٩١٩)ەوە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە باشووری کوردستاندا، بە تایبەتی لە کۆتاییهێنان و سەرکوتکردنی بزووتنەوەکانی شێخ مەحمووددا. هەروەها لە (١٩٢٢)ەوە، کراوەتە سەرپەرشتیاری کارگێڕیی پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی و لە (١٩٢٥)ەوە وەک ئەفسەری پەیوەندییەکانی بەریتانیا لەگەڵ ئەو لیژنە نێودەوڵەتییەدا کاری کردووە کە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی (کۆمەڵەی گەلان)ەوە پێک هێنرا. لەوەبەدوا، ماوەیەک ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بووە، پاشان کراوەتە کۆنسوڵی بەریتانی لە عێراقدا، هەروەها لە ساڵانی پێش و لە نێوان ساڵانی (١٩٣٥–١٩٤٥)دا ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق بووە و لە (١٩٣٧)دا ویسامی ڕافیدەینی دراوەتێ. لە (١٩٥٠)ەوە خانەنشین کراوە. لەو ماوەیەشیدا کە لە عێراق و کوردستاندا بووە، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر بارودۆخی دانیشتوانی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کردووە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ئەو کتێبە گرنگەی کە بە ناوی: (کورد، تورک و عەرەب)ەوە و لە (١٩٥٧)دا بڵاوی کردووەتەوە. سەرەڕای دانانی فەرهەنگی (کوردی–ئینگلیزی) لەگەڵ ڕووناکبیر و کەسایەتیی سیاسی کورد تۆفیق وەهبی بەگدا. جگە لە کۆمەڵێک نووسین و بڵاوکردنەوەی دی لەسەر بارودۆخی کورد و زمانی کوردی. بڕوانە: جلال زنگابادی، سیسیل جون ادموندز، ٢٦ تشرين الاول ١٨٨٩ - ١١ حزيران ١٩٧٩، العراق في رسائل المس بيل، ت: جعفر الخياط، دار حرية للطباعة والنشر، (بغداد: ١٩٧٧)، ص ٤٤٣.

[2]- جليلى جليل، المصدر السابق ، ص ١٢٧.

# بەشی سێیەم

# گەڕاندنەوەی شێخ مەحموود و شێوازی مەیدانخوازیی بەریتانیا و تورك لە باشووری کوردستان ۱۹۲۲-۱۹۲۳

دوابەدوای ئەوەی کە حکومەت و فەرمانڕەوایانی بەریتانیا ناچار بوون شێخ مەحموودی حوکمداری کوردستان لەگەڵ شێخ محەمەد غەریبی زاوایدا، وەک هەنگاوی یەکەم، لە ژیانی دوورخراوەیی وڵاتی هیندستانەوە بگوێزنەوە بۆ میرنشینی کوێت، دواتریش ڕەوشی ئەو دەمانەی کوردستان و تەشەکردنی نفوزی تورکەکان وای لە ئینگلیزەکان کردووە (کە بە پەلە شێخ مەحموود لە کوێتەوە بهێننەوە و وەک هەوڵێک بۆ ئەوەی بیکەنە دەسکەلای خۆیان لە کوردستان.)[١] وەک ئەوەی دواتر لە ڕێگەی گەڕانەوەشیدا لە کوێتەوە بۆ باشووری کوردستان و شاری سلێمانی چاوی بە نوێنەری باڵای بەریتانیا، سێر پێرسی کۆکس[٢] و شا فەیسەڵی یەکەمی عێراق لە شاری بەغدا کەوت،[١]

---

[1]– شێخ مەحموودی حەفیدزادە لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسی دا ۱۹۱۹-۱۹۳٤، وەگێڕانی لە فەرەنسیەوە: دکتۆر نەجاتی عەبدوڵڵا، یەکەم بەرگ، بنکەی ژین، (سلێمانی: ۲۰۰٦)، ل ٤٨.

[2]– پیرسی زەخریا کۆکس (١٨٦٤-١٩٣٧): کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازیی بەریتانییە لە ڕێکەوتی (٢٧ تشرینی یەکەمی ١٨٦٤) لەدایک و باوکێکی جوولەکە لەدایک بووە. خوێندنی سەربازیی لە ئەکادیمیای (ساند هیرستی سەربازی) بەریتانی تەواو کردووە. ماوەیەکی زۆر

به جۆرێک، لەو چاوپێکەوتن و دانیشتنەشیاندا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە شێخ مەحموود هەوڵی ئەوە بدات بارودۆخی ئاڵۆزی باشووری کوردستان بە هۆی مەترسی و دەستتێوەردانی بەردەوامی تورکەکانەوە بگەڕێنێتەوە بۆ سەر دۆخی پێشووتری خۆی، هەروەها بەربەرەکانیی هەموو فراوانخوازییەکیان لە ناوچەکەدا بکات. لە بەرامبەر ئەمەشدا، ئەوان هەوڵی ئەوەی بۆ دەدەن کە دووبارە بیکەنەوە بە حوکمداری باشووری کوردستان. بەهەرحاڵ، ئەوە بوو شێخ مەحموود دوای گەڕانەوەی لە شاری بەغدا و سێ ڕۆژ مانەوەی لە گەرمیان و شاری کفری، لە (٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢) و لە ڕێگەی کفرییەوە لەگەڵ مێجەر نۆئێلدا دووبارە گەیشتەوە شاری سلێمانی. دوای ئەوەی لە لایەن دانیشتوانی باشووری کوردستانەوە، هەر لە شاری سلێمانییەوە تا دەوروبەری کفری کە ئەو کاتە ڕێگەی هاتوچۆی کاروانی نێوان شاری (بەغدا-سلێمانی) بوو، دانیشتوان و سوارەی کورد پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد.[٢] پاش چەند ڕۆژێک لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و شاری سلێمانی، شێخ مەحموود بۆ جارێکی تر بە حوکمداری کوردستان ناسرایەوە

---

لە بوار و پیشەکەی خۆیدا کاری کردووە. جگە لەوەش، لە نێوان سالآنی (١٨٨٤- ١٨٩٠)دا خزمەتی سەربازیی خۆی لە نێو یەکە سەربازییەکانی بەریتانیادا لە وڵاتی هیندستان بەسەر بردووە و لە ماوەی سالآنی (١٨٩٣- ١٩١٤) چەند پلەیەکی سیاسی و سەربازیی تری لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی و ئێرای قاجاریدا پێ سپێردراوە. لە (١٩١٧)دا و لە سەروبەندی جەنگی یەکەمدا بە یاوەریی جەنەراڵ ستانلی مۆد هاتووەتە عێراقەوە و دواتریش لە (تاران) پلەی وەزیری ڕێپێدراوی بەریتانیی دراوەتێ، هەروەها لە سالآنی دواتر و بە تایبەتی لە (٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠)دا کراوەتە نوێنەری بالآی بەریتانیا لە عێراق و تا ساڵی (١٩٢٣) لەم پۆستەیدا ماوەتەوە. وەک سەرۆکی شاندی عێراقی و نوێنەری بالآی بەریتانیا لە عێراق لە کۆنگرەی قاهیرەی (١٢-١٩٢١/٣/٣٠)دا بەشداریی کردووە کە بە سەرۆکایەتی وەزیری وڵاتانی داگیرکراوی بەریتانی (وینستۆن چەرچڵ) بەڕێوە چووە بە مەبەستی دانان و دەستنیشانکردنی میر فەیسەڵی یەکەم وەک شای عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا. بۆ دواکاتیش لە (٢٠ی شوباتی ١٩٣٧)دا مردووە. بڕوانە: منتهى عذاب ذويب، بيرسي كوكس و دوره في السياسة العراقية ١٨٦٤-١٩٢٣، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، (جامعة بغداد: ١٩٩٥)، ويكيبيديا، تاريخ التسجيل، ٢٠١٢/٧/١٣.

[1]- جليلى جليل، المصدر السابق، ص ١٢٧.

[2]- سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد، تورک، عەرەب، و: حامید گەوهەری، چ٢ (هەولێر:٢٠٠٤)، ل ٣٤١.

و حکومداریەتی دووەمی خۆی لە باشووری کوردستان و شاری سلێمانیدا پێک هێنایەوە، بەم جۆرەش، ئازادکردن و دانانەوەی بە حاکمی ناوچەکە و بە لێکدانەوەی هاملتۆن: "سیاسەتێکی خراپ نەبووە، چونکە بە ڕاستی ئەم پیاوە لە ناو میللەتەکەیدا سەرکردەیەکی ئایینیی پیرۆز و ناوبانگی بە ئازایەتی ڕۆیشتبوو."[1] ئەوە بوو لەمە بەدواوە کەوتە ئەوەی ناوی دەستەی دامەزرێنەران و ئەندامانی وەزاریی حکومەتەکەشی ڕاگەیاند کە لە چەند کەسایەتییەکی ناسراوی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان و باشووری کوردستان پێک هاتبوون، وەک ئەوەی لە ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)[2]ی زمانحاڵی (جەمعیەتی کوردستان)دا و لە ژمارە (١٠)، (١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢)دا بڵاو کراوەتەوە. هەروەها وەک فەرمانی حوکمداریی ژمارە (٢) لە (١٩ی سەفەری ١٣٤١ی کۆچی) کە لە مەملەکەتی سلێمانیدا نووسراوە و لە یاداشتەکانی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود[3]دا بڵاو کراوەتەوە، لە درێژەی

---

[1]- ا. م. هاملتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، س. پ، ل ١٨١.

[2]- بانگی کوردستان: ڕۆژنامەیەکی زانستی، ویژەیی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و هەفتانەی سەربەخۆی ئازاد بووە و لە شاری سلێمانی بڵاو کراوەتەوە، خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بەرپرسی، ڕووناکبیری ناسراوی کورد مستەفا پاشای یاموڵکی بووە. بە زمانەکانی کوردی، فارسی و تورکی بڵاو کراوەتەوە، بەشە کوردی و فارسییەکەی هەریەک لە عەلی کەمال و شاعیری نوێخوازی کورد شێخ نووری شێخ ساڵح سەرپەرشتییان کردووە، هەروەها بەشە تورکییەکەشی ڕەفیق حیلمی بەڕێوەی بردووە. هەر لە سەرەتاوە تا ژمارە (١٠)ی زمانحاڵی (جەمعیەتی کوردستان) بووە، کە هەر خوالێخۆشبوو مستەفا پاشای یاموڵکی لە ڕێکەوتی (٢١ی تەمووزی ١٩٢١)دا، دایمەزراندووە، بەڵام لەوە بەدواوە بووە بە زمانحاڵی حکومداریەتی دووەمی شێخ مەحموود لە شاری سلێمانی و بەسەر یەکەوە تەنها (١٤) ژمارەی لێ دەرچووە، بە جۆرێک، ژمارەی یەکەمی (لە ٢ی ئابی ١٩٢٢) و دوازدەمارەشی لە (٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣)دا بڵاو کراوەتەوە. لە دیارترین نووسەرەکانی: مستەفا پاشا، عەلی کەمال، زێوەر، زەکی سائب، ڕەفیق حیلمی، م. نووری.. بۆ زیاتر بڕوانە: ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، (سلێمانی: ٢٠٠٣)، ل ٥.

[3]- شێخ لەتیفی حەفید (١٩١٧-١٩٧٢): کوڕی بچووکی شێخ مەحموودی حەفیدە، ساڵی (١٩١٧) لەدایک بووە و لەگەڵ باوکیدا لە (شەڕی ئاوباریک)ی ناوچەی گەرمیاندا لە (٥ی نیسانی ١٩٣١)دا بەشداریی کردووە. لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (برایەتی)یە، کە لە ساڵی (١٩٣٧)دا دامەزراوە. چەندین جار لە لایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە دەستگیر کراوە و دوورخراوەتەوە بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق، گەلێک نووسینی هەمەجۆری وەک: شیعر و

ناوەڕۆک و دەقەکەیدا هاتووە: "بۆ تەشکیلاتی حکوومەتی کوردستان، نەسب و تەعینی ئەم زاتانەم لە قابینەی حکوومەتدا، موناسیب دی:

| | |
|---|---|
| ١- شێخ قادری حەفید | سوپاە سالار |
| ٢- شێخ محەمەد غەریب | ڕەئیسی داخلیە |
| ٣- عەبدولکەریمی عەلەکە | ڕەئیسی مالیە |
| ٤- میر لیوا مستەفا پاشای یامولکی | ڕەئیسی مەعاریف |
| ٥- شێخ عەلی ئەفەندی قەرەداخی | ڕەئیسی شەرع و عەدل |
| ٦- ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ | ڕەئیسی گومرگ |
| ٧- سەیید ئەحمەدی بەرزنجی | ڕەئیسی ئەمنی عام |
| ٨- میر لیوا سدیق قادری | موفەتیشی گشتیی حکوومەتی کوردستان |

هەرکەسە مەقام و وەزیفەی خۆیم پێ سپاردن، ئیرادە دەکەم کە لە ئێستاوە دەست بە ئیش بکەن.

**ومن الله التوفيق**
**حوکمداری کوردستان**
**مەحموود."[١]**

بەو جۆرە، شێخ مەحموود بەیاننامەی حوکمداریەتی خۆی لە باشووری کوردستاندا بڵاو کردەوە و ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)یش کە پێشتر زمانحاڵی (جەمعیەتی کوردستان) بوو، کرایە زمانحاڵی ئەم حکومەتە و ئاڵای حکومداریەتی دووەمی کوردستان سەرلەنوێ بەرز کراوەتەوە کە ڕەنگێکی سەوز، بازنەیەکی سوور و لە نێو بازنەکەدا هەیڤۆکێکی (هلال) سپی هەبووە.[٢]

---

یادداشتنامە لە دوا بەجێ ماوە. ساڵی (١٩٧٢) لە خەستەخانەی (ڕاهیبات)ی شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە. دیارترین بەرهەمەکانی: گوڵی وەریو، گیاکەڵەی کۆمەڵایەتی و یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید.. بڕوانە: جمال بابان، اعلام الکرد، ج١، ص ٤٦٠.

[1]- جەمال حەزنەدار، بانگی کوردستان ١٩٢٢- ١٩٢٦، (بەغدا: ١٩٧٤)، ژمارە (١٠)، ل ٩٢، کەمال نوروی مەعرووف، یاداشتەکانی شێخ، ل ٩١.

[2]- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، و: حمەکەریم عارف، چ٣، (هەولێر: ٢٠٠٣)، ل ٧٧.

ئەم هەنگاوە گەورەی شێخ مەحموود بووە مایەی ئەوەی کە دەوڵەتێکی کوردی بێتە کایەوە و تەنانەت پولی پۆستەشی چاپ کرد کە ئەوەش بۆ خۆی شتێکی زۆر بەنرخ بوو.[1] هەروەها لەسەر ڕازیبوونی هەریەک لە حکومەتی عێراق و بەریتانیا کۆمەڵێک لەو ئەفسەرە کوردانەی کە لەو دەمانەدا لە سوپای عێراقی تازەدامەزراودا بوون، بۆ خزمەتی کوردستان و حکومداریەتەکەی شێخ مەحموود نێردرانەوە شاری سلێمانی، لەوانە: تۆفیق وەهبی[2]، ئەمین ڕەواندزی (١٨٦٥-١٩٤٣) و فایەق قەزاز...[3] بەڵام لەم سەروبەندەدا هەرچەندە کەسایەتییەکی وەک شێخ مەحموود هەردوو لایەنی بەریتانی و تورکەکانیش بەردەوام لە پەرێزدا درۆیان لەگەڵدا دەکرد و هەریەکەشیان بە جۆرێک هەوڵی ئەوەی دەدا کە کورد و دۆزی ڕەوای گەلی کورد وەک چەکێک بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان و فراوانخوازییان لە ناوچەکەدا بەکار بهێنن، کەچی بە داخەوە، خۆشی دوای ئەزموون و تەجرووبەیەکی زۆر تاڵ لەگەڵ ئینگلیزدا، ئەوە نەبوو بە تەواوی و بە لایەکدا خۆی ساغ بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، هەموو ئەوانەی کە لە دەوری شێخ

---

[1]- ا. م. هاملتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، س. پ، ل ١٨٣.

[2]- تۆفیق وەهبی (١٨٩٠-١٩٨٤):ساڵی (١٨٩١) لە چوارتا لەدایک بووە. پلەکانی خوێندنی لە شارەکانی سلێمانی و بەغدا و ئەستەمبووڵ تەواو کردووە. ماوەیەک لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەر بووە و لە (١٩١٩)دا گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و شاری سلێمانی. یەکێک بووە لە ئەفسەرە سەرەتاییەکانی سوپای عێراق، لە ساڵی (١٩٣٠)دا کراوەتە موتەسەریفی لیوای سلێمانی و لە پێش ڕاپەڕینی ئەیلولی هەمان ساڵدا دەستی پێ لە کار هەڵگیراوە و دوورخراوەتەوە بۆ وڵاتی لوبنان. دوای گەڕانەوەی چەند جارێک پلەی وەزاریی بینیوە، ماوەیەکیش ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، لە سەردەمی پاشایەتیدا، ڕووناکبیرێکی دیار و زمانزانێکی شارەزا بووە و گەلێک کتێب و نووسینی لە بوارەکانی مێژوو، زمان و ئەدەبیات و ڕووناکبیری گشتیدا بڵاو کردووەتەوە. ساڵی (١٩٥٨) چووەتە شاری لەندەن و لە (١٩٨٤/١/١٥) هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە، لەسەر وەسیەتنامەی خۆی تەرمەکەی هێنراوەتەوە باشووری کوردستان و لە سەر چیای (پیرەمەگرون) ئەسپەردەی خاک کراوە بڕوانە: هیوا حمید شریف، توفیق وهبی، حیاته و دوره السیاسي و الثقافي، (السلیمانیة: ٢٠٠٦)، رفیق صالح، توفیق وهبي، الآثار الکاملة، ج١، (السلیمانیة: ٢٠٠٦) ص ٦-١٠.

[3]- ڕەفیق حیلمی، چ٣، ل ٣٢٢، ستیفن همسلی لونکریک، العراق الحدیث، من سنه ١٩٠٠-١٩٥٠، ج١، گ١، ص ٢٣٩.

مەحموود کۆ بووبوونەوە، بە تایبەتی زۆرێک لە سەرۆکی خێڵ و هۆزە کوردییەکان، زیاتر بەرژەوەندیی خۆیان لا مەبەست بوو، نەوەک کاری جدی بۆ ئەوە بکەن کە وا لە مەلیکی کوردستان بکات ڕۆژبەڕۆژ دەسەڵاتەکەی بەرەو تۆکمەیی و بەهێزبوون ببات. واتە مەسەلەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی لە باشووری کوردستاندا زیاتر مۆرک و سیمایەکی خێڵەکی و عەشایەرییانەی گرتبووە خۆی، هاوکات دەستتێوەردانی دەرەکییش بە تەواوی لە کاروباری دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمووددا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ڕەنگی دەدایەوە و هەر لەخۆڕاش نەبووە ڕاپۆرتەکانی ئینگلیز خۆیان جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە و بە ڕاشکاوییەوە بنووسن: "لە هەندێ گەڕەکدا بە نهێنی دەوترا: خەڵکی سلێمانی لە سایەی حوکمی تورکدا تالاوی لە هیی کاربەدەستانی تورک زیاتر بە دەست خیانەتی سەرانی خۆیان و ساداتەوە چێشت..."[1] هەروەها یەکگرتن و هاوپشتیی هۆزایەتی بوو، نەک نەتەوایەتی.[2] بۆ نموونە، کەسایەتییەکی وەک شێخ مەحموود: "هەر لەبەر دڵڕاگرتن و ڕازیکردنی ئۆزدەمیر پاشای تورک، گەورەپیاوی ڕۆشنبیری کورد و وەزیری فەرهەنگ مستەفا پاشای یامولکی[3] دووردەخاتەوە و دواتریش جەمال عیرفان[1]

---

[1]- ئی. جەی. ئار، پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنوبی، س. پ، ل ٤٥.

[2]- جەرجیس فەتحوڵلا، وریابوونەوەی کورد، ب١، ل ٢٥٥.

[3]- مستەفا پاشای یامولکی (١٨٨٦-١٩٣٦): کوڕی عەزیز یامولکی کوڕی مەلا مستەفای کوری مەلا عەزیزی مەلا حەیدەری سەر بە هۆزی ناسراوی (بلْباس)ی ناحیەی خورماڵە، ساڵی (١٨٦٦) زاییني گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایک بووە و لە شاری بەغدا خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە، دوایی مەکتەبی حەربیەی ئەستەمبوولی تەواو کردووە و گەلێک پلە و پایەی سەربازی لە چوارچێوەی سوپای عوسمانی و بە تایبەتی لە ئەنقەرە و بەغدا و حیجاز وەرگرتووە. تەنانەت یەکێک بووە لەو ئەفسەرانەی کە لە شەڕەکانی بەلقان، دەردەنێڵ، لیبیا و ئەدرنەدا بەشداریی کردووە و فەرماندەی هێزی سوپایی بووە، ماوەیەکیش لە بواری دیبلۆماسیدا کاری کردووە و قونسوڵی دەوڵەتی عوسمانی بووە لە: خوی و سەلماس و سنە. تەنانەت سەرۆکی ئەو دادگا سەربازییەش بووە، کە بە شێوەیەکی غیابی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک دەرکردووە، دوای دەسەڵاتگرتنەدەستی کەمالییەکانی تورک و بە تایبەتی لە ساڵی (١٩٢١)ەوە گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و لە (٢١ی تەمووزی ١٩٢٢)دا، هەر لە شاری سلێمانی (جەمعیەتی کوردستان)ی دامەزراندووە و

دیزەبەدەرخۆنە دەکا و سەر بە پیرەمێرد[2]ی شاعیری گەورەی کورد شۆڕ دەکات. ئا لەو کاتانەدا شێخەکانی بەرزنجەش هەر لەبەر ئەوەی حوکمدار لە خۆیان بوو، لە سایەی حکومەتەکەی شێخ مەحموودا هەریەکە و لە لایەکەوە ئاغایەک بوو بۆ خۆی، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە..."[3] هەرچەندە زۆر جار قسە لەسەر ئەوەش دەکرێت کە کوشتنی ڕووناکبیر و کەسایەتییەکی وەک جەمال عیرفان بە پیلانی تورکەکان بووبێت، بەڵام وەکتر، کەسایەتییەکی

---

ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (بانگی کوردستان)ەوە بڵاو کردووەتەوە. لە دووەمین حوکمداریەتی شێخ مەحموودی حەفیددا وەزیری ڕۆشنبیری و فەرهەنگ بووە، بۆ دواکاتیش لە ساڵی (١٩٣٦) لە گەڕەکی (العیوازیة)ی شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە گردی سەیوان نێژراوە. بڕوانە: میر بصری، اعلام الكرد، (لندن: ١٩٩١)، ص ٧٠- ٧٢، محمد علی الصویرکی، معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامی و العصر الحديث في كردستان و خارجها، (السليمانية: ٢٠٠٦)، ص ٧١٣-٧١٤.

[1]- جەمال عیرفان (١٨٨١-١٩٢٢): کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ڕەسوڵی کاژاوییە، ئەفسەرێکی لێهاتوو و کوردێکی پێشکەوتنخواز بووە. ساڵی ١٨٨١ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. پلەکانی خوێندنی لە سلێمانی و بەغدا و ئەستەمبووڵ تەواو کردووە تا ئەو کاتەی بووەتە ئەفسەر لە فەیلەقی شەشەمی عوسمانیدا. دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق ماوەیەک بەڕێوەبەری ناحیەی مەرگە بووە. لە (١٩٢٠)دا ئەندامی ئیدارەی سلێمانی بووە و لە (١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢)دا لە پرۆسەیەکی (ناجوامێرانەدا کوژراوە). بڕوانە: سی. جی. ئیدمۆندس، کورد، تورک، عەرەب، و: حامید گەوهەری، (هەولێر: ٢٠٠٤)، ل ٣٧٠، یاسین صابر ساڵح، س. پ، ل ٣٧٥.

[2]- پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠): حاجی تۆفیق بەگ، کوڕی هەمزە ئاغای مەسرەفە، ساڵی (١٨٦٧) لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. لە حوجرەوە دەستی بە خوێندن کردووە و لە ساڵی (١٨٨٢) بەدواوە گەلێک وەزیفەی جۆربەجۆری بینیوە. لە ساڵی (١٨٩٩)دا بووە بە ئەندامی مەجلیسی عالی و دوایی خوێندنی (حقوق)ی تەواو کردووە. ماوەیەک لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کاری کردووە و لە دامەزرێنەرانی (جمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد) بووە، سەرەڕای ئەندامێتی لە (جەمعیەتی تەعالی کوردستان)دا. لە ساڵی (١٩٠٩) بەدواوە، ماوەیەک قائیمقام و دوایی بووە بە پارێزگاری ئوماسیە. لە (١٩٢٥)ەوە گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و ماوەیەک بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ژیان) بووە و پاشان خۆی بۆ ڕۆژنامەی (ژین) تەرخان کردووە و لە (١٩٥٠/٦/١٩) کۆچی دوایی کردووە: بڕوانە: سدیق ساڵح، ڕۆژنامەی ژیان، ب١، (سلێمانی: ٢٠٠٢)، ل ٣١، جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، (بەغدا: ١٩٧٣)، ل ١٣٩.

[3]- خەبات عەبدوڵڵا، ئامادە نەبوونی (ناوەوە) لە (دەرەوەی) سێ ئەزمونی دەسەڵاتدا، گۆڤاری ڕابوون، ژمارە (١٢)، (سوید: ١٩٩٤)، ل ٢٤.

وەک مستەفا پاشای یامولکی لێرە بەدواوە ترسێکی زۆری لێ دەنیشێت و بەپێی گێڕانەوەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی: "مستەفا پاشا لەم دەورەدا لەبەرچاو کەوتبوو. خۆم ئاگام لێ بوو چەند جارێک کە ئەهاتە دائیرەی شێخ مەحموود ڕێگەی نەئەدرا بچێتە ژوورەوە، سەرەڕای ئەمەش، خرایە ژێر چاودێریی ڕەسمییەوە و لە ماڵی خۆیدا چەند پۆلیسێکی بەسەرەوە دانرا و ڕێگەی هاتوچۆی لێ قەدەغە کرا..."[١] مستەفا پاشای یامولکی هەرچەندە خۆی ماوەیەکی زۆر ئەفسەر و بەرپرسێکی باڵای سەربازیی عوسمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی عورفی سەربازی بوو، تەنانەت یەکێک بوو لەوانەی کە لە ئەستەمبووڵ سەرۆکی ئەو دادگا سەربازییەش بوو کە بە شێوازێکی غیابی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک دەرکرد.[٢] کەچی لەم ماوەیەدا و لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ باشووری کوردستان و شاری سلێمانی و دواتر بوونی لە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمووددا، کە تاقمەکەی ئۆزدەمیر پاشا و تورکەکان زۆر بە تاسەوە بۆ دەسگیرکردنی کەسایەتییەکی وەک مستەفا پاشای یامولکی، کە خۆیان بە (مستەفا نەمروود) و لایەنگیری ئینگلیز و (دوژمنی جووڵانەوەی مستەفا کەمال ئەتاتورک... دەمڕاستی باڵی لایەنگرانی ئینگلیز..)[٣] ناویان دەبرد، کاریان دەکرد، بۆ ئەوەی ڕادەستی مستەفا کەمال ئەتاتورکی بکەنەوە، کەچی یەکێک لەو هەڵوێستە گەورانەی کە هێندەی دی شێخ مەحموودی حەفید گەورەتر دەکاتەوە، ئەمە دەبێت: "لەم وەختەدا کە شتێک بۆ شێخ مەحموود بە مەردایەتی بدرێتە قەڵەم و لە بیر نەچێتەوە ئەوەی بوو کە لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای ئۆزدەمیر و تورکەکان، مستەفا پاشای نەدا بە دەستیانەوە کە بیکەن بە دیاریی دەستیان بۆ مستەفا کەمال...)[٤]

وەک دەبینیت، شێخ مەحموود هەرچەندە دەبوو داخوازییەکانی بەریتانیا و

---

[1]- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، چ٣، ل ٣٤٨.

[2]- ئەحمەد خواجە، چیم دی، چ٣، ل ٧١، عبدالرحمن ادريس صالح البياتي، الشيخ محمود الحفيد البرزنجي، ص ٢٠٤، محمد امين زكي، تاريخ السليمانية وانحائها، ترجمه: محمد جميل بندى روزبياني، (بغداد: ١٩٥١)، ص ٢٩١- ٢٩٢.

[3]- محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان، ب٢، ل ٣٨٧، مامۆستا جەعفەر، شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠–١٩٢٠، (سلێمانی: ٢٠٠٦)، ل ١٢٨.

[4]- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، چ٣، ل ٣٤٩.

حکومەتی عێراق بێنێتە دی و بکەوێتە دەرکردن و کەمکردنەوەی نفوزی تورکەکان لە باشووری کوردستاندا، بەڵام وەکتر، ئەم هەنگاوەی بە ئاسانی بۆ نەنراوە و پێی وابووە کە ئەو بەو جۆرە شەڕی تورکی پێ ناکرێ و توانای دەرکردنیانی نییە، دەبێ ئەو ئەرکە بە شێوازێکی ڕاستەخۆ لە لایەن هێزەکانی بەریتانیاوە جێبەجێ بکرێت، نەک کورد، ئەم قسانەشی لە کاتێکدا بۆ ڕەفیق حیلمی گێڕاوەتەوە کە سمکۆی شکاک ئامادە بووە و هەر لەو کاتەشدا نوێنەری تورکەکان و بە تایبەتی نوێنەری ئۆزدەمیر پاشای تورک میوانی بوونە، هەر ئەوە بووە ئەوان، واتە تورکەکان، لە ژوورێکی تردا دانیشتوون و بە ڕاستەوخۆیی گوێیان لەم قسانەی نێوان شێخ مەحموود و ڕەفیق حیلمی بە ئامادەبوونی سمکۆی شکاک نەبووە، جگە لەوەش، وەفدەکەی ئۆزدەمیر بۆ لای شێخ مەحموود بۆ ئەوە بووە کە ڕازیی بکەن مامەڵە لەگەڵ تورکاندا بکات، گوایە ئەوان بەڵێنی ئەوەیان داوەتێ کە مەسەلەی موسڵ لە نێوان تورکەکان و هاوپەیماناندا کۆتایی هات و ویلایەتی موسڵ خرایەوە سەر تورکیا، ئەوا ئەوان مافی کورد دەسەلمێنن، وەک لە بەشێکی نامەیەکی ئۆزدەمیردا کە بۆ شێخ مەحموودی نووسیوە و داوای ئەوەی لێ دەکات کە شاندێکی خۆی بنێرێت بۆ شاری ئەنقەرە و بۆ بینینی گەورەبەرپرسانی تورک وەک لە بەشێکیدا هاتووە: "زۆر تکام وایە تا زووە و هەل لە دەست نەچووە، لەو کوردانەی کە باشن و خۆت متمانەیان پێ ئەکەیت، یەک دووکەس هەڵبژێرە بۆ گفتوگۆ لە بابەت ڕاستی و ناڕاستیی ئەم قسانەی منەوە، هەروەها لە بابەت ئەو ڕێوشوێنەی کە حکومەتی ئەنقەرە دایئەنێت بۆ دامەزراندنی موختاریەتی کورد..."[1] کەچی لە لایەکی تریشەوە و بە زۆری لە لایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە بۆ ئەوە ڕێگە درابوو بە شێخ مەحموود کە بگەڕێتەوە باشووری کوردستان تا هاوکاری تەواویان بێت و هەوڵی ئەوە بدات کە سنوورێک بۆ دەستتێوەردان و فراوانخوازیی تورک لە ناوچەکەدا دابنرێت؛ کەچی بە پێچەوانەوە، هێشتا یەک مانگی تەواو بەسەر دامەزراندن و پێکهێنانی حوکمداریەتەکەیدا تێنەپەڕیبوو دووبارە پەیوەندیی کردەوە بە تورکەکانەوە و شاندێکی خۆی نارد بۆ لای کەسێکی وەک ئۆزدمیر پاشا لە

[1] – ڕەفیق حیلمی، یاداشت، چ٣، ل ٣٥٤.

ڕەواندز بەو مەبەستەی کەمالییە تورکەکان پشتگیریی لێ بکەن لە پێکەوەنانی حکومەتێکی کوردیی سەربەخۆدا کە ناوەندەکەی شاری سلێمانی بێت.[1] بە زۆری، پەیوەندیگەلێکی لەو بابەتەش کە شێخ مەحموود بە جۆرێک لەو سەرکێشییانەی خۆی لەگەڵ تورکەکاندا دروستی دەکرد، هێشتا هەر بە ڕێگەوە بوو لە شاری بەغداوە بەرەو کوردستان و شاری سلێمانی و هەرچەندە بەردەوام لەوەش ئاگادار دەکرایەوە: (کە دەبێت لەژێر دەستی دەوڵەتدا بێت، عەرەب بێت یان نا، واز بهێنێت پلان بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ دابنێت.) بەڵام وەکتریش، شێخ مەحموود (زۆر بە ئەدەبەوە وەڵامی ئەوە بوو کە ئەو خزمەتکارێکی بەوەفای بەریتانیایە. لە هەمان کاتدا بەرپەرچی فەرمانەکانی وەزیرانی بەغدادی دەدایەوە و گوێی لە ئامۆژگارییەکانی ئەفسەری سیاسی نەدەگرت...)[2]

کەچی بە زۆری ئەوانەشی کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە گرێدانی پەیوەندییەکانی نێوان شێخ مەحموود و تورکەکاندا، سەرەڕای ئۆزدەمیر پاشا، بریتی بوون لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەو کاتەی کوردستان، وەک: ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد تەقی ئەفەندی کە لەو بوارەدا دەوری گەورەیان بینی، جگە لە غەفوور خانی ناودەشتی شاری ڕانیە و عەبدوڵڵا ئاغای کوڕی حاجی تایەر ئاغای حەوێزی کۆیە لەگەڵ سیتۆ ناوێکی خەڵکی شاری ئامێدی. ئەمەش بە تەواوی بووە بە جێی نارەزایی و قەڵسبوونی ئینگلیزەکان و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون سنوورێک بۆ ئەم پەیوەندییانە دابنێن و تەنانەت هەوڵی دەستگیرکردنی هەموو ئەوانەش بدەن کە لایەنگیری شێخ مەحموودن و دەستیان لە گرێدانی ئەم پەیوەندییانەدا هەیە.[3] وەک ئەوەی جگە لە ناردنی شاندی بەردەوام بۆ لای تورکەکانی کەمالییەکان، هاوکات لەگەڵ ئۆزدەمیر پاشادا کەوتووەتە نامە و نامەکاری و تەنانەت وتوویەتی کە ئەو (ئامادەیە

---

[1]- قاسم خلف عاصي الجميلي، تطورات واتجاهات السياسية الداخلية التركية ١٩٢٣- ١٩٢٨، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الي مجلس كلية الاداب، جامعة بغداد، (بغداد: ١٩٨٥)، ص ١٢٠-١٢١، محمد مظفر الادهمي، المجلس التاسيسي العراقي، ج٢، ص ٣٢، جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد،ل ٢٨٥.

[2]- ا. م. هاملتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، س. پ، ل ١٨٤.

[3]- بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە، ب٢، ل ٨٦- ٨٧.

لەپێناوی سوپای تورکیەدا گیانی خۆی بەخت بکات) و ڕای گەیاندووە کە ئەو ئامادەیە ئەم سەربەخۆییەی ئێستای بە ئۆتۆنۆمی (Autonomy) لە سایەی تورکیادا بگۆڕێتەوە.[1] سەرەڕای ئەم پەیوەندی و نامەگۆڕینانەوەی نێوان شێخ مەحموود و ئۆزدەمیر پاشا و هەوڵدان بۆ ئەوەی بتوانێت لە سایەی تورکە کەمالییەکاندا جۆرە دەستەبەرێکی زیاتری لە ڕووی دەسەڵاتەوە بۆ بێتە دی، بەڵام ئۆزدەمیر زۆر بێباکانە هەموو نهێنییەکانی ئاشکرا دەکرد و دەیگوت: خۆی لە قەرەی ئەوە نەدات کە وتەیەک بدات سەبارەت بە قبوڵکردنی حوکمی زاتی بۆ کوردەکان. تەنانەت لە نامەیەکیشیدا کە بۆ لیژنەیەکی تورکی ڕەوانە دەکات، کە وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە لە شاری کەرکوکدا پێک هێنراوە، زۆر سوور بووە لەسەر ئەوەی کە وای دەرببڕێت حکومەتەکەی نیازی ئەوەی نییە پشتی داواکارییەکانی شێخ مەحموود بگرێت و پڕوپاگەندەکانی بڵاو بکاتەوە، بەڵکو ئەو شێخ مەحموود وەکو سەربازێک (جندی) بەکار دەهێنێت لە یاریی شەترەنجدا.[2] کەچی دواتر و بە تایبەتی لە (٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣)ەوە، چەند ئەفسەرێکی تورک دەگەنە شاری سلێمانی و پلان بۆ ئەوە دادەنێن کە چۆن دەست بەسەر شارەکانی هەولێر و کەرکوک و کۆیەدا بگرن و لەمەشیاندا: (کۆمەڵەی تورکی) کەرکوک کە بە زۆری بنەماڵەی (نەفتچییەکان) و هەندێک تورکمانی یاخیی کەرکوک لە پشتی دامەزراندنیەوە بوون،[3] دەست دەکەن بە پڕوپاگەندە. بەڵام وەکتر، داڕێژەری سەرەکیی ئەم پلانەش ئۆزدەمیر خۆی بووە، سەرەڕای پەیوەندیکردنی بە زانایانی شیعەی کەربەلا و وڵاتی ئێرانەوە بۆ ئەوەی هاوکاریان بن. بۆیە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا و حکومەتی عێراق دوای پێنج مانگ لە گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ کوردستان، لە چوارچێوەی پلانێکی هاوبەشیاندا دەکەونە خۆیان، بە تایبەتی هێزکۆکردنەوەیەکی تەواو و دوای پلاندارشتنێکی ئەوتۆ کە چۆن کۆتایی بە حکومەتی شێخ مەحموود بهێنن و ڕاستەوخۆ خۆیان دەست بەسەر شاری

---

[1] – کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، ل ٨٠.

[2] – جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد، ب١، ل ٢٨٥.

[3] – ستیفن هیمسلی لونکریک، العراق الحدیث، ج١، ص٢٣٩، کمال مظهر احمد، کرکوک وتوابعها حکم التاریخ والضمیر، ص ١٧٤.

سلێمانیدا بگرنەوە و هەروەها شێخ مەحموودیش ئاگادار بکەنەوە بە بەجێهێشتنی شار،[1] بە جۆرێک، ئەم هەموو ناهاوسەنگی و هەرجارە و بەلایەکداچوونەی شێخ مەحموود و دەستتێوەردانانەی تورک و ئینگلیز لە تەواوی وردەکارییەکانی دەسەڵاتیدا، کە نەهێڵێت شێخ مەحموود ڕەوت و بۆچوونێکی سیاسیی ئەوتۆی هەبێت کە گەلی کوردیش وەک گەلانی تری ناوچەکە بکاتە خاوەن کیان و قەڵەمڕەوێکی سەربەخۆ، لە دەرئەنجامی هەموو ئەو گۆڕانکاری و دەرهاویشتانەی کە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨/١١/١١) بەدوای خۆیدا هێنای، کەچی سەرەڕای ئەوەش، چ بەریتانیا و چ تورکەکان، هەریەکەیان بە جۆرێک لە شێخ مەحموود هەڵدەگەڕانەوە، واتە لەبری ئەوەی حیسابێک بۆ دواڕۆژی کورد و ویست و ئیرادەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بکەن، کەچی هەریەکەیان لە لایەکەوە و بە فێڵوفەرەج و ساختەیەکی سیاسی یان بە ناوی گفتوگۆ و لێکگەیشتنەوە، پەلاماری حکومداریەتی کوردستانیان دەدا و هاوکات ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان بۆمبابارن دەکرد و خەڵکەکەیان ئاوارە و دەربەدەر دەکرد، وەک ئەوەی کە چۆن جارێکی تر شاری سلێمانی لە (١٦ی ئابی ١٩٢٣)دا کەوتە بەر هێرشی بۆمبابارانکردنی هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا و لە دەرئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە ژن و مناڵ و پیر تێدا چوون.[2] کەچی پێشتریش هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراق و کەسایەتییەکی وەک شا فەیسەڵی یەکەم[3]

---

[1] - جەرجیس فەتحوڵلا، س. پ، ل ٢٩٣، ایوب بارزانی، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩٥٨، ص ٥٣.

[2] - جليلی جليل واخرون، المصدر السابق، ص ١٣٠-١٣١.

[3] - شا فەیسەڵی یەکەم (١٨٨٣-١٩٣٣): سێیەمین کوڕی شەریف حسێنی مەککەیە و یەکەمین شای شانشینی عێراق بووە لە ماوەی (٢٣ ئابی ١٩٢١-١٩٣٣)دا، لە (١٨٨٣/٦/٢٠)دا لە شاری تائیف لەدایک بووە و ساڵی (١٨٩٦) لەگەڵ شەریف حسێنی باوکیدا و لەسەر داوەتنامەیەکی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی (١٨٧٦-١٠٩) عوسمانی سەردانی ئەستەمبوولی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانییان کردووە و هەر لەوێ و لە ماوەی چەند ساڵێکی مانەوەیدا، بە باشی فێری زمانی تورکی و ئینگلیزی و تا ڕادەیەک فەڕەنسی بووە، لە (١٩٠٥)دا و هەر لە ئەستەمبووڵ لەگەڵ (حوزەیمە)ی کچی میرناسری ئامۆزایدا، ژیانی هاوسەرییان پێکەوە ناوە، لە بەری ئەم هاوسەرگیرییەشی بووە بە خاوەنی سێ کچ بە ناوەکانی: (عیزەت، ڕاجیحە و ڕەئیفە) و تەنها کوڕێک کە ئەویش میر غازی (١٩١٢- ١٩٣٩) بووە، کە دواتر لە نێوان ساڵانی

بەڵێنی ئەوەیان دابوو کە ئەوان جۆرە سەربەخۆییەک بۆ گەلی کورد دەستەبەر بکەن. لەم بارەیەوە و لە درێژەی بەیاننامەیەکی هاوبەشیاندا کە لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی (١٩٢٢)دا بڵاو کراوەتەوە، تیایدا بەڵێنی ئەوەیان داوە و بە ڕاشکاوییەوە وتوویانە: "هەردوو حکومەتی خاوەنشکۆی

---

(١٩٣٣- ١٩٣٩)دا بوو بە شای عێراق، لە (١٩٠٩)دا لەگەڵ خێزانەکەیدا گەڕاونەتەوە شاری مەککە، واتە لەو سەروبەندەیدا کە باوکی وەک شەریفی مەککە دەستنیشان کراوە، بە تایبەتی لەو کاتەوە کە ڕێکخراوی (یەکێتی و سەرکەوتن-الاتحاد والترقی) دەسەلاتیان کەوتووەتە دەست و باوکی میر فەیسەڵیان وەک سەرۆکی ئەو هێزە عەرەبییانە دەستنیشان کردووە، بۆ ئەوەی سەرکوتی ئەو خێڵ و هۆزە عەرەبییانە بکات کە یاخیبوونی خۆیان دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاندبوو. هاوکات هەر لەو ماوەیەشدا میر فەیسەڵ وەک نوێنەری شاری (نەجد) کرایە ئەندامی پەرلەمانی عوسمانی و ئەمەش بۆ خۆی بووە مایەی ئەوەی کە ئەزموونێکی زیاتر پەیدا بکات، بە تایبەتی لە بواری سیاسیدا. لە ساڵی (١٩١٦) بەدواوە، کە شەریف حسێنی باوکی بە پاڵپشتی هێزەکانی بەریتانیا ڕاپەڕینی خۆی دژی فەرمانڕەوایانی عوسمانی ڕاگەیاند و هەموو سوپای عوسمانییان لە شارەکانی: مەککە، مەدینە، تائیف، یەنبەع و عەقبە دەرپەڕاند، دواتریش میر فەیسەڵ و هێزە عەرەبییەکان توانییان بە هێزێکی گەورەوە بەرەو وڵاتی شام ببنەوە و دەست بەسەر شاری دیمەشقی ناوەندی وڵاتی شامدا بگرن و هەموو هێزەکانی عوسمانیی لێ بکەنە دەرەوە و دانیشتوانی ناوچەکەش پێشوازییەکی گەورەیان لە میر فەیسەڵ و سوپای عەرەبی کرد. لێرەش بەدواوە میر فەیسەڵ توانیی لە نێوان ساڵانی (١٩١٨- ١٩٢٠) حکومەتێکی عەرەبی لە دیمەشق دابمەزرێنێ و لە (٨ی مارتی ١٩٢٠)ەوە، وەک شای شانشینی عەرەبیی سوریا کاروباری گرتە دەست، بەڵام بەپێی بنەماکانی ڕێککەوتنامەی (سایکس-پیکۆ) کە لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسادا مۆر کرابوو سوپای فەرەنسا بە سەرۆکایەتی (جەنەراڵ گۆرۆ) لە دەرئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازیدا، دەستیان بەسەر تەواوی وڵاتی سوریادا گرت و شا فەیسەڵیان لە دەسەلات دوورخستەوە. بەڵام دواتر لە دەرئەنجامی گرێدانی کۆنگرەی قاهیرە لە (١٢-١٩٢١/٣/٣٠)دا کە بە سەرۆکایەتیی وەزیری وڵاتانی داگیرکراوی بەریتانیا (ونستۆن چەرچڵ) و ئەندامێتیی ژمارەیەکی زۆر لە گەورەپیاوانی سیاسی و سەربازیی بەریتانیا و هەریەک لە ساسۆن حەسقیلی وەزیری دارایی و جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگریی عێراق، بە سیفەتی چاودێر کە لە ئوتێلی (سەمیر ئەمیس)ی شاری قاهیرە بەڕێوە چوو، میر فەیسەڵ وەک شای عێراق دەستنیشان کرا و دواتر لە (٢٣ی ئابی ١٩٢١)دا تاجی شاهانەی لە سەر نرا. تا ئەو کاتەی لە ئەنجامی نەخۆشی و لە (١ی ئەیلولی ١٩٣٣)دا سەردانی شاری بێرنی وڵاتی سویسرای کرد و لە (٨ی ئەیلولی ١٩٣٣)دا وەفاتی کرد، دوای چەند ڕۆژێک لە گەڕانەوەی تەرمەکەی، لە ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلولی هەمان ساڵدا لە گۆڕستانی شاهانەی عێراقی لە ناوچەی (ئەعزەمیە)ی شاری بەغدا نێژراوە. بڕوانە: وکیبیدیا، الموسوعة الحرة، ٢٠١٥/٤/٢٢.

بەریتانیا و عێراق ددان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێت کە لە ناو سنووری عێراقدا دەژین، بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا و ئاواتیشیان وایە کە هەموو کوردەکان لە نێوان خۆیاندا و بەپێی توانا ڕێکبکەون لەسەر شێوەی ئەو حکومەتەی کە پێکی دەهێنن و نوێنەری خۆیان بنێرنە شاری بەغدا بە مەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە شێوازی ئەو پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەی کە لەگەڵ هەردوو حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و عێراقدا دەیانبێت."[1] کەچی لەولاشەوە تورکەکان وایان دەگەیاند کە گوایە تا ئێستا: "چارەنووسی ویلایەتی موسڵ بڕیاری لەسەر نەدراوە"[2] و تا ئەو کاتەش خۆیان بە میراتگری تەواوی ویلایەتی موسڵ دەزانی. بەو ئاواتەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی تورکەکان و ئەوان حوکمڕانیی بکەن و لەژێر دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتیی ئەواندا بێت، واتە هەوڵ و تەقەللای تورکە کەمالییەکان، بە تایبەتی لە سەردەمی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا، لەوەدا نەبوو کە ئەوان بۆ پشتگیریکردنی کورد ئەو هێزە سەربازییەی خۆیان بە ڕێبەرایەتیی عەلی شەفیق، واتە (ئۆزدەمیر پاشا)، ناردبێتە شاری ڕەواندز، بەڵکو ویست و ئارەزووی ئەوان لەوەوە سەرچاوەی دەگرت دەسەڵاتیان زیاتر لەسەر سنوورەکانەوە نزیک بێت و توانای ئەوەشیان هەبێت بە هاوکاری و یارمەتیی خەڵکی ناوچەکە و لە ڕێگەی چەند وردەبەڵێنێکی خۆیانەوە دژایەتی و بەربەرەکانێی سیاسەتی فراوانخوازیی بەریتانیا بکەن. لەو کاتەشەوە کە ئۆزدەمیر پاشا دەستی بەسەر شارەکانی ڕانیە و کۆیە و دەوروبەریدا گرتبوو، هاوکات "کوردەکانیشی هان دەدا بۆ شۆڕشکردن و نوێنەرێکی خۆشی، کە عەباسی مەحموود ئاغای پشدەری بوو، ناردبوو بۆ وتووێژکردن لەگەڵ کوردەکانی سلێمانیدا."[3] بەڵام لەمەیاندا تورکەکان بە نیەتێکی پاکەوە نەهاتنە پێشەوە، چونکە تورکەکان وەک

[1]- وليد حمدي، الكرد وكردستان في الثائق البريطانية، دراسة تاريخية وثائقية، مطابع سجل العرب، ١٩٩٢، ص ١٦٠، منتشاشفلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة: الدكتور هاشم صالح التكريتي، جامعة بغداد، (بغداد: ١٩٧٨)، ص ٣٢٤، زنار سلوپي، في سبيل كردستان، ص ٧٨.

[2]- منتشاشفلی، العراق في سنوات الانتداب البريطانی، ص ٣١٨.

[3]- منتشاشفلی، العراق... المصدر السابق، ص ٣١٨.

ئەوەی دکتۆر کەمال مەزهەر لەبارەیانەوە دەنووسێت: "کەمالییەکان لەگەڵ شێخ مەحمووددا دەستپاک نەبوون. بەڵکو دەیانویست بیکەنە داشی دامەی جێبەجێکردنی مەبەستی خۆیان."[1] کەچی لەولاشەوە و لە ماوەی ساڵانی (١٩٢٢-١٩٢٣)دا ئەوەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی بەریتانیا لە ڕقی شێخ مەحموود و کەمالییەکان بە دانیشتوانی بێوەیی کوردستانیان دەکرد، بڕوا ناکرێت لەو ڕۆژگارەدا و لە هیچ قوژبنێکی وڵاتە ژێردەستە فراوانەکانیاندا ئینگلیز بە ڕادەی کوردستان چەکی هەمەجۆر و بە تایبەتی فڕۆکەیان بەکار هێنابێت.. هاوکات ئەو کارەی لەندەن و فەرمانڕەوایانی بەریتانیا وەک ڕووداوێکی ئاسایی لە ڕاپۆرتە تایبەتییەکانی خۆیاندا دەیانخستە بەردەم دەزگاکانی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی گەلان) و ئەندامەکانی.[2]

**قووڵبوونەوەی ڕووداوەکانی نێوان**
**بەریتانیا و تورکەکان و کۆتایی ئۆزدەمیر**

هەموو ئەو ڕاپەڕینانەی کورد و شیروتیر لەیەکهەڵکێشانەی ئینگلیز و تورکەکان لە کاتێکدا بوو کە هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراقی تازەدامەزراو لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە یەکەم ڕێککەوتنامەی نێوانیان بە فەرمی مۆر بکەن و بەو جۆرەی کە دەیانەوێت، وڵاتی عێراق، بە باشووری کوردستانیشەوە، گرێ بدرێت بە سیاسەت و مانەوەی فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە لە عێراق و ناوچەکەدا. هەر لەو کاتەیشەوە مەسەلەی هەڵبژاردن لە عێراقدا هاتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی (ئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق) هەموو ناوچە و بەشەکانی وڵاتی عێراق بە تەواوی بگرێتەوە بە ناوچەی کوردنشینەکانیشەوە. بەڵام لەمەیاندا بە زۆری دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون دەنگ بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن بدەن و ملکەچی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا و عێراق و یاساکانیان بن، بەڵکو ئەوان لەسەر هەڵوێست و داواکارییەکانی خۆیان پێیان دادەگرت و بەرگرییان لێ دەکرد، لێرەش بەدواوە حکومەتی بەریتانیا زۆر چاک لەوە تێگەیشتبوو کە بە هیچ جۆرێک ئەوان

1- کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی، ب١، ل ١٢٠.
2- کەمال مەزهەر ئەحمەد، س.پ، ب١، ل ١٢٠.

ناتوانن مەسەلەی هەڵبژاردن بەسەر دانیشتوان و ناوچەکەدا بسەپێنن. بۆیە بە ناچاری وەزیری وڵاتانی داگیرکراوی (مستعمرات) بەریتانیا وینستۆن چەرچڵ[1] ڕای گەیاند کە ئەوان ئامادە نین هێزی سوپایی خۆیان لە ناوچە کوردنیشینەکاندا بەکار بهێنن. دوابەدوای ئەوەش وەزیری وڵاتانی داگیرکراوی بەریتانی لە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی بەریتانی (المجلس العموم البريطانى)دا ئەوەی ڕاگەیاند کە: "ئەو بەیاننامەی کە قائیمقامەکان لە قەزا کوردییەکاندا بڵاوی دەکەنەوە، پێویست دەکات بە ئاشکرا سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و شا فەیسەڵی یەکەمیش ڕوون بکەنەوە... بەوەی هەردوو حکومەتی بەریتانیا و عێراق بە نیاز نین کە بە زۆر وا لە گەلی باشووری کوردستان بکەن کە دەبێت ملکەچی حکومەتی عێراق بن یان بە زۆر لە دەرەوەی حوکمەکەیدا بن. بەڵکو ئەوان ئازادن بە چ شێوەیەک بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکەن..."[2] بۆچوونێکی واش بۆ خۆی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە حکومەت و فەرمانڕەوایانی بەریتانیا ترسی دەستتێوەردانی

---

[1]- وینستۆن چەرچڵ Winston Churchil (١٨٧٤- ١٩٦٥): لە (٣٠ تشرینی دووەمی ١٨٧٤) لە کۆشکی (بەلنهایم) لە پارێزگای (ئۆکسفۆرد دشایر)ی بەریتانیا لەدایک بووە. دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی، لە ساڵی (١٨٨٨)دا پەیوەندیی کردووە بە قۆناغی ناوەندیی خوێندنەوە و دواتر کۆلێژی جەنگی تەواو کردووە. لە ساڵی (١٨٩٤)دا لەگەڵ یەکەیەکی سەربازیی بەریتانیدا و بۆ پاڵپشتیی ئیسپانییەکان چووەتە وڵاتی کوبا و لە ساڵی دواتریشەوە هاتووەتە هیندستان. لە (١٩٠١)دا لەسەر باڵی پارتی پارێزگاران بووە بە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی و لە ساڵانی جەنگی دووەمدا سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بووە. هەروەها پێشتر و لە ماوەی ساڵانی (١٩١٠- ١٩١١) وەزیری ناوخۆ و دواتر چەند پلەیەکی تری لە کاروباری وەزارەتدا وەرگرتووە سەرەڕای سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا. جگە لەوەی وەک کەسایەتییەکی سیاسی ناسراوە، لە بواری نووسین و داهێنانیشدا گەلێک کتێبی چاپکراوی هەیە، لەوانە: جەنگی دووەمی جیهانی، مێژووی ئەو گەلانەی بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن و لە (١٩٥٣)دا بۆ یەکەم جار خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێ بەخشراوە و لە (٢٤ ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥)دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: قادر سليم شمو، موقف الكرد من الحرب الاستقلال التركية، ص ٢٠٢.

[2]- محمد مظفر الادهمي، المجلس التأسيسي العراقي، دراسة وثائقية في التاريخ السياسي لمقدمات وانتخاب ومناقشات اول مؤسسة تشريعية في العراق، ج٢، الانتخابات والمناقشات ١٩٢٢-١٩٢٤، (بغداد: ١٩٨٩)، ص٣٠، وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص ١٥٤.

تورکەکانیان لە ناوچەکەدا ماوە و لە هەمان کاتیشدا هێندە پشتئەستوور نەبوون بە حکومەت و دەسەڵاتەکەی شا فەیسەڵ کە لەو قۆناغەدا لە توانایدا هەبێت هەموو داواکارییەکیان بۆ بهێنێتە دی و ئەوەی کە دەیانەوێت، بۆیانی جێبەجێ بکات. هەرچەندە کلیلی هەموو مەسەلەکان بە دەستی خۆیانەوە بوو. جا بۆیە بە بەردەوامی ئارەزووی ئەوەیان بوو کە مەیلی کوردەکان و ڕا و بۆچوونی کوردەکان بەرەو لای خۆیان بکەنەوە. بەڵام لێرەشدا وا دەردەکەوێت کەسایەتییەکی وەک شێخ مەحموود نەیتوانیوە بڕیارێکی وا بدات کە بە کامیان پشتئەستوورترە: فەرمانڕەوایان و دەسەڵاتدارانی بەریتانیا یان تورکە کەمالییەکان؟ هەرچەندە بەردەوام لە ڕێگەی کۆمەڵێک کەسایەتیی تایبەتەوە گفتوگۆ و نامەگۆڕینەوەی لەگەڵیاندا بەردەوام بوو، بە تایبەتی هەموو ئەو پەیوەندی و نامەگۆڕینەوانەی کە لەگەڵ ئۆزدەمیر پاشای بەفێڵ و دڕندە (متوحش)دا بەجێی دەهێنان.[1] دیارە هەڵوێستێکی لەم بابەتەش ئینگلیزەکانی زیاتر شێتگیر دەکرد بۆ گیانی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد. بە جۆرێک، ئەم پێشبڕکێ و بەربەرەکانێیەی ئینگلیز و تورک وای کردبوو هیچ ئاسوودەییەک لە باشووری کوردستاندا نەمێنێ و زیاتر کەسایەتییە کوردەکان و نیشتیمانپەروەران ڕەنجیدە بن لەوەی کە ڕووبەڕوویان ببنەوە وەک ئەوەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەم بارەیەوە دەنووسێت: "لە ڕووی ئەم جۆرە دەستوپێوەند و سیاسەتی ناهەموارەی ئینگلیز و لە لایەکی تریشەوە بە هۆی ئەو پڕوپاگەندە بەتین و بەهێزەوە لە ماوەی ساڵانی (١٩٢١-١٩٢٢)دا، کە لە لایەن ئۆزدەمیر و تاقمەکەیەوە دەکرا، لە هەموو لایەکی کوردستانی عێراقدا ئاسوودەیی نەما، ئاسایش تێک چوو، نیشتمانپەروەرەکان زۆر داخلەدڵ بوون و بە گەرمی لە ئینگلیز دەدوان."[2] پاش ئەمەش، نەک تەنها کەسایەتییەکی وەک شێخ مەحموود ڕاڕا بووبێت لەوەی کە خۆی یەکلایی بکاتەوە کە ئایا کام لایەن لەگەڵ کوردەکاندا ڕاست دەکەن، تورکەکان یان ئینگلیز، بەڵکو مەسەلەکە وەک یانسیبی لێ هاتبوو، بۆ نموونە، کەسایەتییەکی وەک ئەحمەد تەقی، کە یەکێک

---

[1]- ستيفن همسلى لونكريك، العراق الحديث، من سنة.. ج١، ص ٢٣٩.

[2]- ڕەفیق حیلمی، یادداشت، بەشی یەکەم، بەرگی دووەم، ل ٣٠.

بوو لە ناودارانی سەردەمی شۆڕشی کورد، کەچی لایەنگیری ئەو تورکانە بوو کە لەگەڵ هێزەکانی تورکدا هاتبوونە شاری ڕەواندزەوە. تەنانەت لە کاتی دامەزرانی (ئەنجومەنی میللی)ی شاری ڕەواندزیشدا لە لایەن تورکەکانەوە، ئەو (واتە ئەحمەد تەقی) پلەی جێگیری سەرۆکی ئەنجومەنی میللیی پێ درابوو. ئەمە لە کاتێکیشدا وا بڵاو دەبێتەوە کە جارێکی تر شێخ مەحموود نەگەڕێتەوە شاری سلێمانی، ئەو بە هاوەڵانی خۆی، لەوانە ماجید مستەفا[1] کە وەکو خۆی دەڵێت: "من بە ڕاستی و بە دڵ لەگەڵ ئەم حەرەکەتەدام (واتە حەرەکەتی تورکەکان. نووسەر) و لەگەڵیاندا دەمێنمەوە، ئێوەش لەگەڵ وەزعی ئەودا بڕۆن، ئەگەر ئینگلیز بە ڕاستی لەگەڵ کورد هاتە پێشەوە، ئەوا هیچ گومانی تیا نییە کە هەموو کوردیان لەگەڵدا دەبێت."[2] واتە ئەم جۆرە قەناعەت و بۆچوونە ساکار و سادەیەی کەسایەتی و سیاسەتمەدارانی ئەو ڕۆژگارەی کورد بۆ ئەوە بووە کە گوایە ئەوان دەتوانن ئینگلیز یان تورکەکان فریو بدەن. بەڵام مخابن، کوردەکان لەو ڕۆژگارەدا بە باشی لەوە نەگەیشتبوون کە بە تەواوی پشت بە خۆیان ببەستن و هەموو هێزەکانی خۆیان لە یەک بەرەو لە یەک تەوەرەوە ڕێکبخەن و یەک هەوڵ و تەقەلای یەکگرتوو بدەن بۆ ئەوەی بارودۆخی کورد و هەلومەرجی سیاسیی ئەو کاتەی کورد یەکلایی بکرێتەوە، هەرچەندە پشتگیریکردنیشی بۆ لایەنی وا لەوانەیە، وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، باری لاسەنگی کوردی وەک پێویست هاوسەنگ نەکردایەتەوە و "سیاسەتی هەردوو دەوڵەتە کە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد بۆ ئەو ڕۆژە لە

---

[1]- ماجید مستەفا (١٨٩٦-١٩٧٤): سەر بە بنەماڵەی (مراد لەلە)ی بەناوبانگی شاری سلێمانییە و لە (١٨٩٦)دا هەر لەم شارە لەدایک بووە، پلەکانی خوێندنی هەر لەم شارە تەواو کردووە، پاشان لە ئەستەمبووڵی پایەختی عوسمانی قوتابخانەی سەربازیی خوێندووە و بووە بە ئەفسەر لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا، لەو کاتەشەوە کە گەڕاوەتەوە وڵاتی عێراق و باشووری کوردستان، بە زۆری شاری سلێمانی و دەوروبەری لەژێر فەرمانڕەوایەتیی شێخ مەحموودا بووە، بۆیە پەیوەندیی بە کاروباری ئەم حکومەتەی کوردەوە کردووە، دواتریش لە حکومەتی تازەدامەزراوی عێراق و لە سەردەمی پاشایەتیدا گەلێک پۆستی لە ئەستۆ گرتووە، لەوانە: بەڕێوەبەری ناحیە، قائیمقام، موتەسەریف، لە (١٩٤٣)ەوە چەند جارێک پلەی وەزاریی پێ سپێردراوە و لە (١٩٧٤)دا لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: جمال بابان، اعلام الكرد، ج١، ص٤٦١.

[2]- جەلال تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی، ل ٥٨.

ژێر پەردەدا بوو یا نەخرابووە ژێر باسێکی پوخت و لێکۆڵینەوەیەکی تەواو، واتە خەتە پانەکانی سیاسەت بەرامبەر بەم مەسەلەیە جۆرێکی ڕاست و ڕەوان نەکێشرابوو و نەخرابووە ڕوو. لەبەر ئەمە، نوێنەرەکانی هەردوولا، واتە تورکەکان و ئینگلیز، لەوە زیاتر کە نوێنەری دەوڵەتەکەیان بن، تەمسیلی شەخسی خۆیان دەکرد."[1]

جا بۆیە سەیرت دەکرد یەکێکی وەک ئۆزدەمیر پاشا وا کەوتبووە چالاکییەوە و خەڵکانی دۆستی خۆی هان دەدا هەموو هەوڵ و تەقەللایەکیان بۆ سەرخستنی تورکەکان بخەنە کار و بەردەوام لەوە بگەڕێن کە خەڵکان و دانیشتوانی کوردستان پشتگیری لە تورکەکان بکەن. وەک دەبینیت، لەو سەروبەندەدا و بە دەسایسی خۆیان و ڕێگەخۆشکردنیان (کۆمەڵەیەکی تورکی) کەوتووەتە چالاکییەوە، بە تایبەتی لە شارێکی ئاوەدان و هەستیاری وەک کەرکوکی ئەو دەمانەدا و بەردەوام پڕوپاگەندەی بۆ تورک و دەسەڵاتی تورکەکان دەکرد. تەنانەت نامەگۆڕینەوە و یاداشتگۆڕینەوەشی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی کەرکوکدا، کە ناوی (کۆمەڵەی نهێنیی کەرکوک) یان (جەمعیەتی مودافەعەی حقوق) بوو. ئاڵوگۆڕ دەکرا و ئۆزدەمیر پاشا خۆیشی زۆر لە نزیکەوە دەیڕوانیە چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیە. هەر لە کاتێکیشەوە کە شێخ مەحموودی حەفید گەڕابووەوە باشووری کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی لە دەور کۆبووەوە، سەیر دەکەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیەش بۆ ئۆزدەمیر پاشا دەنووسن و داوای ئەوەی لێ دەکەن کە لەم ئانوساتەدا دەبێت ئەوان چی بکەن و چۆن لەو بارەیەوە بجووڵێنەوە، هەرچەندە بە بەردەوامی هەوڵی ئەوەشیان دەدا کە شێخ مەحموودیان لە دەست نەچێت و بەم جۆرە وەڵامیان دەداتەوە، لەژێر سەردێڕی: "نامەی نهێنیی ژمارە (٤٢)، مێژووی (٣٨/١/٢٣)تان وەرگیرا، ئەمە وەڵامەکەیەتی:

١- بەندی یەکەم وەڵامی نییە.

٢- بە بۆنەی گیرانی ڕێگەکان بە بەفر، ئەو تەلگرافە نهێنییانەی کە لە بەینی ئێمە و (جەبهە)کاندا ئاڵوگۆڕ ئەکرا، ئیمڕۆ بە هۆی زەلامەوە ئەنێرێ و وەڵامی دێتەوە. لەبەر ئەوە مەسەلەی مووسڵ بە چی گەیشتووە چ شکلێکی

---

[1]- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، ب٢، (هەولێر: ١٩٨٨)، ل ٦١٦.

وەرگرتووە، جارێک لە ئێمەشەوە دەرنەکەوتووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەتوانین بڵێین کە (جەبهەی جەزیرە) بۆ ئەوە لە کاتی پێویستدا بکەوێتە جووڵانەوە و کارێکیش کە پێی ئەسپێردرا بەجێی بهێنرێ، مشووری خواردووە و خۆی ئامادە کردووە لە کاتی جووڵانەوەی لەشکرەکانی جەبهە دیارە بە فرۆکە ئاگادارم ئەکەن، منیش دەستبەجێ دەنگ لە کۆمەڵە ئەگێڕمەوە.

٣- تا ئیمرۆ لەشکرەکانمان چاوەڕوانی ئەنجامی (کۆنگرەی ئاشتی) بوون، بێتو مووسڵ بە ئاشتی نەدرێتەوە بە ئێمە، پشت بە خوا بە جەنگ ئەیگێڕینەوە.

ئینگلیزەکانیش بە هیوای پووچکردنەوەی داواکاریی نێراوەکانی تورک بە تەمان لە مەسەلەی (مووسڵ)دا بیری پرسینەوەیەکی گشتی بخەنە پێشەوە، لەبەر ئەمە لە کوردستانی ئەمڕۆدا خەریکن حکومەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن و بەم جۆرە ژمارەی کوردەکان لە تورک زیاتر بنوێنن، واتە ئەیانەوێت لەبەر کەمیی ژمارەیان مافی تورک بەسەر موسڵەوە نەیەڵن و ئەندامانی کۆنگرەی ئاشتی بە سەربەخۆیی کوردستان و بەشی زۆربەی دانیشتوانی مووسڵ تەفرە بدەن، تورکیان لە بیر بەرنەوە، شێخ مەحموود، کە تا ئەم ڕۆژانەش لەگەڵ ئێمە بووە و لە ڕاستی و دۆستایەتی بەرامبەر بە تورک دوانەکەوتووە، هەندێ بێنیشتمانی خەڵکی سلێمانی خەریکن تەفرەی بدەن و بیخەنە سەر بیری دوژمنایەتی لەگەڵ تورک..."[1]

لە تەواوی دەقی ئەم وەڵامەی ئۆزدەمیر پاشادا بۆ کۆمەڵەی نهێنیی ئەو کاتەی کەرکوک زۆر بە ڕاشکاوییەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هەر گۆڕانکارییەک هەبێت لە سیاسەتی تورکدا، ئەو (واتە ئۆزدەمیر پاشا) ئاگادار کرایەوە لەو گۆڕانە، ئەوا ئەمیش ڕاستەوخۆ (دەنگ لە کۆمەڵەکە ئەگێڕێتەوە). یان سەیر دەکەی تورکەکان بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە دەبێت ئەوان لە پاشەڕۆژدا میراتگری ویلایەتی موسڵ بن و بکەوێتە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیی تورکیای میراتگری دەوڵەتی عوسمانییەوە؛ هەر بۆیە ڕەخنەش لەوە دەگرێت کە گوایە ئینگلیزەکان دەیانەوێت خۆیان دەستی بەسەردا بگرن و (مافی تورک بەسەر موسڵەوە نەهێڵن). دوابەدوای ئەمانە، لە دەقی وەڵامەکەیدا بۆ کۆمەڵەی نهێنیی کەرکوک، ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە

---

[1]- حیلمی، یادداشت، بەشی دووەم، ل ٦٠٩-٦١١.

گوایە شێخ مەحموود سەر بە تورکەکانە و بەگوێرەی ویست و بۆچوونی ئەوان هەڵسوکەوت دەکات. بەڵام هەندێک کەسی (خائین) بە تورک دەیانەوێت لەو ڕێڕەوەی لابەرن وەک نووسیویەتی: "شێخ مەحموودیش، کە تا ئەم ڕۆژانە لەگەڵ ئێمە بووە و لە ڕاستی و دۆستایەتی بەرامبەر بە تورک دوانەکەوتووە، هەندێ بێنیشتمانی خەڵکی شاری سلێمانی خەریکن تەفرەی بدەن و بیخەنە سەر بیری دوژمنایەتی لەگەڵ تورکدا." یان دووبارە لەسەری دەڕوا و دەیگێڕێتەوە: شێخ مەحموود کەسێکی وا نییە کە لە تورکەکان هەڵبگەڕێتەوە و دڵی گۆڕیبێت وەک ئەوەی دەنووسێت: "من لەگەڵ ئەوەشدا کە بە شێخ مەحموود خۆی متمانەم هەیە، باوەڕ ناکەم کە بیر لە خراپە بکاتەوە و یا بەرانبەر بە ئێمە دڵی گۆڕیبێت..."[1] بۆ ئەمانەش، ئۆزدەمیر پاشا نەک هەر جێی متمانەی کورد نەبووە و هەوڵ و تەقەللاکانیشی هەرچەندە زۆریان بە بۆچوون و (ئیجتیهاد)ی تایبەتی خۆی بەجێی هێناون و فڕوفێڵی خۆی زیاتر مەبەست بووە (بێ ئەوەی هەندێک جار سەرکردایەتیی باڵای تورکەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە)، جا بۆیە ئەمانە وای لێ کردوون کە لە زۆر شت بکەوێتە گومانەوە و زۆر بە ساردییەوە دەستیان بۆ ببات، لە هەمان کاتیشدا زۆرتر گەورەپیاوی سیاسیی کورد و ڕابەری کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی (ئێران)ی ئەو کاتە، کە ئیسماعیل ئاغای سمکۆ بووە، هەرچەندە کەسێکی وەک سمکۆی شکاک زیاتر لە تورک ڕقی لە ئینگلیز بووە و لەگەڵیاندا ناڕێک بووە، تەنانەت ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویەتی: جارێکیان لە سمکۆم پرسی بۆ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا ڕێک ناکەویت، وتی: "ئینگلیز درۆ ئەکات و لەگەڵ کورددا نیەتی باشەیان نییە. هەرچی بەڵێنێکیش بدەن هەمووی فڕوفێڵە و بۆ خەڵەتاندنە، لەبەر ئەوە بڕیارم داوە کە بە قسەی تورک بکەم و بچمەوە سەر سنووری وڵاتی خۆم و چاوەڕێی هەلێک بکەم، بەڵکو خەسرەویشم دەستبکەوێتەوە."[2]

دیارە ئەم قسەیەی ئیسمایل ئاغای سمکۆش دوای ئەو هەڵکوتانەسەرەی بووە کە تورکەکان کردوویانەتە سەر بارەگاکەی و بوو بە هۆی کوژرانی

---

[1] – ڕەفیق حیلمی، س. پ، ب٢، ل ٦١١.

[2] – ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە، س. پ ، ل ٧٠.

(جەواهێر خان)ی خێزانی و بەدیلگرتنی خەسرەوی کوڕی کە لەو کاتانەدا تەمەنی لە دەوروبەری (١٠-١٢) ساڵیدا بووە و نزیکەی دە هەزار لیرەی ئاڵتوونیشی لە لایەن تورکەکانەوە لێ زەوت کراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئۆزدەمیر پاشا گومانی لە سمکۆ ئاغای شکاکیش کردووە و حەق و حیسابی تایبەتی خۆیی بۆ کردووە. تەنانەت لەو نامەیەشیدا کە بۆ کۆمەڵەی نهێنیی کەرکوکی ناردووە، گوایە ئیسماعیل ئاغای سمکۆ هەڕەشەی لێ کردووە و وتوویەتی: "بەو هێزانەوە کە لە هەولێر و سلێمانی پێکەوەی ئەنێم، پەلاماری تورکەکانی ڕەواندز ئەدەم، ئێوەش، واتا ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە سمکۆ نامەکانی بۆ نووسیبوون، بە خۆیان و عەشایەرتانەوە بە ڕواڵەت بۆ کۆمەکی تورکەکان و یارمەتیدانی ئەوان بچنە لای ئۆزدەمیر پاشا بۆ ڕەواندز و هەر زابت و عەسکەرێکی کە لەوێ بێ، ئەیانکوژین و شارەکە لە تورکەکان پاک ئەکەینەوە."[١] بەڵام ئێمە وای بۆ دەچین ئەگەر ئیسماعیل ئاغای سمکۆ هەوڵی واشی دابێت بۆ لەناوبردنی تورک لە ڕەواندز، بەبێ پرسی شێخ مەحموود شتی وای نەکردووە. چونکە هەر دوابەدوای ئەمانە، ئۆزدەمیر پاشا بەردەوام لەوە گەڕاوە کە نوێنەرێکی خۆی بنێرێتە شاری سلێمانی و بۆ لای شێخ مەحموود بۆ مەسەلەی دابەشکردنی کاروباری ئیداری و هاوکاریکردنیان لەگەڵ یەکتر وەک ئەوەی لە کاتی ناردنی ئەو نوێنەرانەی خۆی، کە پێک هاتبوون لە هەر یەک لە: فەوزی بەگی یوزباشی و ڕەمزی بەگی قائیمقام و ئەحمەد تەقی ئەفەندی هاتنە شاری سلێمانی و لەگەڵ شێخ مەحمووددا نامە و بۆچوونەکانی ئۆزدەمیر پاشایان بۆ ڕوون کردەوە. ئەگینا پاش ئەوە بۆ ئۆزدەمیر پاشا جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە ئەگەر هاتوو شێخ مەحموود لەسەر فەرمانەکانمان ڕێک نەکەوت و بەگوێمانی نەکرد، ئەوا ئێمەش لە شێخ مەحموود و سلێمانی جیا دەبینەوە، واتە جێبەجێ نابێت.

ئەو ئەندامانی کۆمەڵەی کەرکوک ئاگادار دەکاتەوە و ئەوەشیان بۆ ڕوون دەکاتەوە تا سمکۆی شکاک لە سلێمانی و دەوروبەری سلێمانیدا بێت، هیچ شتێک سەرناگرێت و جێبەجێ نابێت؛ هەر بۆیە داوا لە ئەندامانی کۆمەڵەی کەرکوک دەکات و دەڵێت ئێوە "هەوڵی دوورخستنەوەی سمکۆ بدەن لە

---

[1] - ڕەفیق حیلمی، یاداشت، ب٢، ل ٦١٣.

سلێمانی و به هەر جۆرێک ئەبێت وابکەن کە شێخ مەحموود بەڵکو لە هەرێمی پشدەریشدا نەحەوێتەوە. جگە لەمە، پێویستە کە کۆمەڵە تەنانەت هات و سمکۆش دوورخرایەوە تاوەکو فەوزی بەگ لە سلێمانی ئەگەڕێتەوە و لە ئەنجامی گفتوگۆکە ئاگادارتان ئەکات، بەرانبەر بە تەشکیلاتەکەی شێخ مەحموود بە (ئا) یا (نەء) وەڵام نەدەنەوە و نەچنە ژێر هیچ بەڵێنێکەوە.[1] واتە بەپێی ئەم بۆچوون و فڕوفێڵە بەردەوامەی ئۆزدەمیر پاشا بێت، کۆمەڵەی تورکی کەرکوک بەبێ ئەوان ویستوویانە لە ڕێگەی وتووێژکردنەوە وا لە شێخ مەحموود بکەن کە سمکۆی شکاک کە لەو کاتەدا پەنای هێنابووە بەر باشووری کوردستان، دەربکات و نێوانیان تێک بدات، ئەگینا بۆ بە ڕاشکاوییەوە بڵێت: کە سمکۆش دوورخرایەوە ئێوە تا فەوزی بەگی یوزباشی، کە یەکێک بووە لە ئەندامانی وەفدی وتووێژ لەگەڵ شێخ مەحموود، نەگەڕێتەوە لاتان (نەچنە ژێر هیچ بەڵێنێکەوە). دیارە هەموو ئەمانەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە هەردوو داگیرکەری تورک و بەریتانیاش لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون و سیاسەتی خۆیان پەیڕەو دەکرد کە بە سیاسەتی (فرق تسد) واتە (پەرتکە و زاڵبە) ناسراوە، وەک چۆن زۆربەی زۆری وڵاتانی کۆلۆنیاڵی بەکاریان دەهێنا و کردبوویانە چەکێکی کاریگەر بۆ نانەوەی ئاژاوە و شەڕی تایەفەگەری و خێڵەکایەتی لە هەموو جێگەکاندا و دەستخستنەناو کاروباری وڵاتانەوە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە هەموو نەتەوە و وڵاتێک پێویستی بە سەربەخۆیی و ئازادیی کیان و دەسەڵات هەیە یان دەبێت بۆچی دوژمنێکی وەک ئۆزدەمیر پاشای بە ڕەگەز چەرکەسیی میسری بە ڕادەیەک لە کوردی خوێندبێ، هاوکات سەدان سەربازی سەر بە ڕەگەزەکانی تری غەیری تورکی خستبێتە دوای خۆی و بەردەوام لەوە گەڕابێت ئاژاوە بخاتە نێوان ئەو نەتەوانەی کە سەدان ساڵ بوو لەو هەرێمانەدا وەک برا دەژیان و هیچ مەترسی و دووبەرەکایەتییەکیان لە نێواندا نەبووە. وەک دەردەکەوێت، ئۆزدەمیر پاشا هەر لە سەرەتای هاتنیەوە بۆ ناوچەکە کۆمەڵێک سەربازی جەزائیریی خستبووە دوای خۆی و هێنابوونیە ڕەواندز و باشووری کوردستان، سەرەڕای ئەوەش، خەڵکێکی تریش لە دانیشتوانی ناوچەکە و

[1]- ڕەفیق حیلمی یاداشت، بەشی دووەم، ل ٦١٤.

دەوروبەری بوون بە پاڵپشت و داکۆکیکەری ئەو، تەنانەت "ئەو چەند عەسکەرەشی کە لەگەڵی بوون، بەشی زۆریان تورک نەبوون، بەڵکو هەندێ نەفەر بوون لە عەرەبەکانی جەزائیر، ئەمانەش بە بیری ژیان و بە جۆرێکی تایبەتی شوێن ئۆزدەمیر کەوتبوون و پەیوەندییان بە تورکیا و بە کوردستانەوە نەبوو و لە ورگی خۆیان بەولاوە شوێنی هیچ مەبەستێک نەکەوتبوون."[١]

لە کاتێکدا کە چەند سەربازێکی جەزائیری لەوانە لە ڕیزەکانی سوپای ئۆزدەمیر پاشا هەڵدێن و دەیانەوێت بچنە شاری ئاکرێ بۆ لای ئینگلیزەکان، ئۆزدەمیر پاشا هێز و سەربازێکی زۆریان بەدوادا دەنێرێت و چەند کەسێکیان لێ دەستگیر دەکاتەوە، دوان لەوانەش کە سەر بە ئینگلیزەکان دەبن، کاتێک دەیانهێننە ڕەواندز و بڕیاری ئەوەیان لەسەر دەدا و (هەندێکیشیان لە ڕەواندز لێ هەڵئەواسێ و ئەیانخنکێنێت).[٢] هەر ئەمەش وا لە ڕیزەکانی سوپای ئۆزدەمیر پاشا دەکات کەلێنی تێبکەوێت و یەکسەر داوای هێزی تر بکات بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو هێزە سەربازییەی کە لە ڕەواندز و دەوروبەری هەیبووە. وەک لە دەقی نامەکەشیدا کە بۆ بەرەی جەزیرەی ڕەوانە دەکات کە گوایە (مەسەلەی ڕاکردنی سەربازە جەزائیرییەکان ئێمەی خستە وەستانێکی گرنگەوە.) پاشان ئەوەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کەسانی وەک بابەکری سەلیم ئاغای پشدەر[٣] و شێخ محەمەد ئاغای باڵەک و "هەندێک لە پیاوەکانی

[1]- ڕەفیق حیلمی، یاداشت. ب٢ ، ل ٦١٥

[2]- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، ب٢،. ل ٥٩٠.

[3]- بابەکر ئاغای سەلیم ئاغای پشدەر (١٨٧٥- ١٨٩٣): ساڵی (١٨٧٥) لە گوندی (بادلیان)ی ناوچەی پشدەر لەدایک بووە، سەلیم ئاغای باوکی لە شەڕێکی دژ بە عوسمانییەکاندا کە لەگەڵ هۆزەکانی ناوچەی پشدەردا ئەنجامیان داوە، لە ساڵی (١٨٩٣)دا کوژراوە. کە جەنگی یەکەمی جیهانیش دەستی پێ کردووە، شانبەشانی عوسمانییەکان دژی سوپای ڕووسیا جەنگاوە و پاشان کراوەتە قائیمقامی پشدەر و لەو پۆستەی دا بۆ ماوەی (١٧) ساڵی تەواو ماوەتەوە، هەر کە سوپای بەریتانیاش ناوچەکەی داگیر کرد، لە لایەن ئەوانیشەوە کاروباری بەڕێوەبردنی ناوچەکەی پێ سپێردراوە و تا ساڵی ١٩٣٩، واتە تا ئەو کاتەی کاروباری بەڕێوەبردنی عێراق لە ناوچەکەدا ڕێکخراوەتەوە و پشدەریش وەک قەزایەک گرێ دراوە بە لیوای سلێمانیەوە. بڕوانە: میر بصری، اعلام الکرد (لندن: ١٩٩١)، ص ١٦٧- ١٦٨، جمال بابان، اعلام الکرد العراق، (السلیمانیە: ٢٠٠٦)، ص ١٥٠.

سمکۆی شکاکیش بەربەرەکانێیان لەگەڵ ئەکەن و بۆ سەرکەوتنی ئینگلیزەکان هەوڵ ئەدەن."[١] وەک چۆن هەموو هێز و دەسەڵاتێک کە بگاتە ڕادەی بێهێزی و لاوازی لە ڕووی دەسەڵاتەوە، هەڕەشەی زیاتر دەکات و بە تەماحی زیاترەوە دەیەوێت پەلاماری زیاتر بدات. لێرەشدا کە ئۆزدەمیر پاشا لە ئەوپەڕی کەنارگیری و لاوازیی دەسەڵاتیدا بوو لە کوردستاندا، کەچی لەولاشەوە هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە دەست بەسەر شارەکانی ئاکرێ، ئامێدی، دهۆک، زاخۆ، ڕانیە و تەنانەت شاری سلێمانی و کفریشدا بگرێت. یان جاری وابووە وا پێی داگرتووە کە دەسەڵاتی بگاتە عەرەبەکانی باقووبە و دەوروبەری چیای حەمرین و هەر هەمووشیانی بە موڵکی تورک و سەر بە ویلایەتی موسڵ زانیوە. وەک چۆن بۆ سەرکردەکانی تورکی نووسیوە و بە خۆیدا هەڵدەڵێت کە گوایە ئەو نیازی وابووە و بە ڕاشکاوییەوە وتوویەتی: "ئەمەوێت ئاژاوە بگەیەنمە هەرێمی دیالە و بەو جۆرە عەشیرەتەکانی عەرەب کە بە دۆستی تورک ناسراون و تێکەڵ بە شۆڕشگێڕەکانی کورد بکەم و ناوچەی هێزی خۆم بگوێزمەوە قەڵای دوین لە بابا جیجک."[٢]

بەڵام وەکتر، ئەحمەد تەقی، کە خۆیشی یەکێک بووە لەوانەی کە ماوەیەک وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، لەگەڵ هێزەکەی تورکدا بووە و دەنووسێت: هێزەکانی ئۆزدەمیر پاشا لە سەرەتاوە جگە لەوەی ڕەگەزی تریان لەگەڵدا بووە، لەگەڵ ئەوانەشدا: "کوردی کەرکوک و هەولێر بوون نێررایە ڕەواندز و بوو بە قوماندارى هەموو هێزەکەی ئەوێ."[٣] بەڵام لێرەدا پێویستە شتێک بوترێت، ئەویش وامان بۆ دەردەخات، کە ئەم کوردانەی بوونەتە هاوپەیمانی تورکەکان و لەگەڵیاندا و لە ڕیزی هێزی سەربازییاندا خزمەتیان بەوان کردووە، ناکرێت هەر هەموویان بە دەستوپێوەندی تورک باسیان بکرێت، یان تورکەکان هەڵیخەڵەتاندبن. بەڵکو زۆرێک لەمانە لە داخی ئینگلیزەکان و سیاسەتی ئەوان پاش ڕووخانی حکومداریەتی یەکەمی شێخ مەحموود لە باشووری کوردستانەوە چوونەتە ئەوێ و پشتگیرییان لێ کردوون، باشترین

---

[1]- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، س. پ، ب٢، ل ٥٩١.

[2]- ڕەفیق حیلمی، س.پ، ل ٥٩١.

[3]- ڕەفیق حیلمی، س. پ، ل ٥٩٣.

بەڵگەش بۆ ئەمە لەوەدا دەردەکەوێت کاتێک کە تورکەکان دەستیان کردووە بەوەی لە کوردستاندا دەست بە داگیرکاری و فراوانخوازیی خۆیان بکەن و زۆر شوێن و ناوچەی جۆربەجۆریان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لەم بارەیەوە ئەحمەد تەقی دەنووسێت: دانیشتوانی شارێکی وەک کۆیە خۆیان داوایان کرد شارەکەیان بکەوێتە دەست تورکەکانەوە. یان پاش داگیرکردنی ڕانیە و چوونیان بۆ دەوروبەری شاری کۆیە دەنووسێت: پاش دوو ڕۆژ لە کۆیەوە وەفدێک هات بۆ لامان بە زۆر مەفرەزەیەکی چل عەسکەریی تورکیان پێ ناردینە ئەوێ، بەڵام هەر کە ئینگلیزەکان کۆیەیان بۆردومان کرد، ئەهالیەکەی پەشیمان بوونەوە لەوەی کە ئەو مەفرەزەیان بردووەتە ئەوێ.[1] لە لایەکی ترەوە دەبینین خەڵکی سلێمانی ئەوەیان پێ خۆش بووە. (دوور نییە ئەمانە دەستی تورکخوازەکانیان تیادا بووبێت. نووسەر.) بەڵام تورکەکان لەتاو بەرفراوانبوونی بەرەکان و نەتوانینی بەرگریکردنیان ئەوەیان نەکردووە. چونکە لەم کاتەوە توانای سەربازیی ئینگلیزەکان گەلێک لاواز بووە لە کوردستاندا و لە هەمان کاتیشدا هێزێکی میللیی زۆریش بە ڕێبەرایەتیی سەرۆکی هۆز و خێڵە کوردەکان پشتگیریی تەواوی تورکەکان بوون وەک دەنووسێت: "هەر لە بارزانەوە تا سنووری ماوەت شەڕ بووە."[2] دەبێت لێرەوە پیاو قسەیەکیش بۆ کفندز بکات، واتە ئەگەر بە زۆری ئەو فشارەی تورکەکان و یاخیبوونی زۆرێک لە عەشایەری کورد نەبوایە، بەو زوانە و لەو دەمانەدا ئینگلیز هەوڵی گەڕانەوەی شێخ مەحموودی نەدەدا کە بگەڕێتەوە کوردستان و شاری سلێمانی. چونکە کەسایەتییە ئینگلیزەکان بە گاڵتە نەیانوتووە: "تا شێخ مەحموود لە کوردستاندا بێت، ئاژاوە هەر دەمێنێت." لەمە بەدواوە ئینگلیزەکان بە جۆرێک سەریان لێ شێوابوو، شاری سلێمانییان چۆڵ کردووە و لە هەمان کاتیشدا داهات و چەک و تەقەمەنییەکی زۆریان هەڵڕشتووە بۆ ئەوەی کەسێکی وا بتوانێت کاروباری شارەکەیان بۆ بەڕێوە ببات کە بتوانن لە ئاییندە و پاشەڕۆژدا، جارێکی تر دەستی بەسەردا بگرنەوە، بۆیە: پیاوە ئینگلیزەکانی دانیشتووی شاری سلێمانی بۆ ڕزگارکردنی خۆیان لە ترسی

---

[1]– ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ، ل ٦٢.

[2]– ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە، ل ٦٥.

بۆمبارانکردن هاتنه لای شێخ قادری حەفید[١]ی برای شێخ مەحموود و هەروەها بڕی سندوقێکی (٣٠٠٠٠) ڕوپیە و لیرەی ئیستەرلینیان دایە جگە لە ئەسباب و چەک و ئەسلیحەی شەڕی (٥٠٠) تفەنگی ئینگلیزی و (٥٠٠) تفەنگی تورکیان تەسلیم کرد، کە نەزم و ئەمری شار بە دەست بگرێت.[٢] ئەم ڕاوەدوونانەی ئینگلیز وا مەترسیی خستبووە دڵیانەوە، زۆر جار گومانیان لەوە دەکرد وەک جەنەڕاڵ فریزەر وای بۆ دەچوو: "کورد و تورکەکان لە لای دۆڵی زێی گەورەوە هێرش بۆ سەر مەڵبەندی ئاکرێ و هەولێر بەرن." لەولاشەوە کەسایەتییەکی وەک مێجەر نۆئێڵ کە لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفیددا هاتبووە شاری سلێمانی و دوایی هەر خۆشی شارەزاییەکی گەورە و بەرفراوانی لە بارودۆخی کوردستان و کورددا هەبوو، بەردەوام لەوە دەگەڕا کە کوردەکان بدات بە گژ تورکەکاندا و لەو ڕێگەیەوە تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، وەک کریس کۆچێرا نووسیویەتی: "مێجەر نۆئێڵی بەڕێوەبەری کاروباری ئینگلیز نەخشەی ئەوە بوو کە شێخ مەحموود و سمکۆی شکاک و سەید تەهای نەهری[٣] دژی تورکەکان بکاتە یەک و هانیان

[1]- شێخ قادری حەفید (١٨٩٥-١٩٥٠): کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی محەمەدی کوڕی کاک ئەحمەدی شێخ و برای شێخ مەحموودی حەفید و هاوسەری حەپسە خانی نەقیبە. ساڵی ١٨٩٥ لە سلێمانی لەدایک بووە و هەر لەم شارە خوێندنی ئایینیی دەست پێ کردووە. لە کاتی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی و بە هاوکاریی شێخ مەحموود لە شەڕی شوعێبەی (١٩١٥)دا، دژی هێزی سەربازیی بەریتانیا لە باشووری عێراق جەنگاوە و لە دووەمین حوکمداریەتی شێخ مەحمووددا پاش گەڕانەوەی لە تاراوگە دەبێتە سەرۆکی حکومەتی باشووری کوردستان، دوای هەڵوەشانەوەشی لە کاتی فەرمانڕەوایەتیی فەیسەڵی یەکەم لە عێراق و هاتنەکای ئەنجومەنی دامەزراندن (المجلس التاسیسی العراقی)، دەبێتە ئەندام و نوێنەری شاری سلێمانی لەو ئەنجومەنەدا، بەڵام بۆ ئەنجومەنی پیران بە هۆی کێشەی تەمەنیەوە ئەندامێتییەکەی هەڵدەوەشێنرێتەوە. کۆتاییەکانی ژیانی بە زۆری بە خزمەتی زەویوزار و موڵکەکانیەوە بەسەر بردووە لە ناوچەی (قەرەداغ)، بە تایبەتی گوندی (تەنگی سەر) و لە (١٩٥٠)دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: جمال بابان، اعلام الکرد، ج١، (اربیل: ٢٠١٢)، ص ٤١٨.

[2]- ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە، ل ٦٤.

[3]- سەید تەهای شەمزینی یان سەید تەهای نەهری (١٨٩٢-١٩٣٦): کوڕی شێخ محەمەد سدیقی کوڕی شێخ عوبێدڵڵای نەهرییە. ساڵی (١٨٩٢) هاتووەتە دونیاوە، بنەماڵەکەیان لە دێرزەمانەوە ڕۆڵی بەرچاویان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا هەبووە و ئەمەی

بدات." کەچی لەمەیاندا ئیسماعیل ئاغای سمکۆ نەیویستووە ئەو ویستەی ئینگلیز بهێنێتە دی، وەک لەسەری ڕۆیشتووە و وتوویەتی، کەچی "سەید تەهای نەهری لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هاوکاری خۆی دەربڕیوە و لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی (١٩٢٢)دا، بە خۆی و بە (١٥٠) چەکداری کوردەوە لەگەڵ سەربازەکانی عێراق ڕێککەوت و هەڵوێستی ئەوە بوو کە ئەفسەری تورکەکان، کە ئۆزدەمیر پاشا بوو لە شاری ڕەواندز، بکاتە دەرەوە."[١] لێرەش بەدواوە شێخ مەحموود کەوتە ئەوەی لەگەڵ تورکەکاندا هاوکاری بکات، کەوتە وتوویژ و ئەوەشی ڕاگەیاند کە دەیەوێت فیداکاری بۆ هێزی تورک بکات. کریس کۆچێراش وای بۆ دەچێت ئەم هەڵوێستەی شێخ مەحموود بۆ ئەوە بووە کە زیاتر ناکۆکیی نێوان ئینگلیز و تورکەکان زیاد بکات و خۆشیان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی یەکێکی وەک عەلی شەفیق، واتە ئۆزدەمیر پاشا بە خۆی ئەوە ڕابگەیەنێت و بڵێت: "ئێمە چ کارێکمان بەم شێخە نییە، زۆر فێڵبازە."[٢]

سەیر لەوەدایە کەسێکی وەک ئۆزدەمیر پاشا پێش ئەوەی شێخ مەحموود بۆ جاری دووەم بگەڕێتەوە شاری سلێمانی و هەواڵی پێکهێنانی حکومەت و مەملەکەتی کوردستان بڵاو بکاتەوە، زانیویەتی ئینگلیزەکان بە ناچاری و لەژێر فشار و بێدەسەڵاتییەکی بێئەندازەدا شێخ مەحموود دەگەڕێننەوە باشووری کوردستان و بە تایبەتی شاری سلێمانی و بۆ جارێکی دی حوکمداریەتی پێ دەسپێرنەوە، هەر بۆیە زۆر جار کەوتوونەتە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ ئەو ئەنجومەنە میللییەی کە پاش ڕووخانی یەکەم حوکمداریەتی شێخ

---

دواییش پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی دیاری لەگەڵ ئیسماعیل ئاغای سمکۆدا هەبووە، بە جۆرێک، ئەو پەیوەندییە لە خەبات و بزووتنەوەی کوردایەتییاندا ڕەنگی داوەتەوە و لە (٩ مایسی ١٩٢٣)دا دەبێتە قائیمقامی ڕەواندز و ماوەیەکیش لەسەر بانگهێشتی ڕەزاشای پەهلەوی دەچێتە تاران و لەوێ دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی لە (١٩٣٩)دا و لە کەشوهەوایەکی ئاڵۆز و نادیاردا لە تاران بە هۆی ژەهراوییبوونەوە دەمرێت. بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین، ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسی، (سلێمانی: ٢٠٠٦)، ل ٧٥، کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا، ل ٨٣.

[1] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.

[2] – کریس کۆچێرا، س.پ، ل ٨١.

مەحموود هاتە کایەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شاری سلێمانی، بە تایبەتی لەگەڵ شێخ قادر حەفیدی برای شێخ مەحمووددا کە سەرۆکی ئەو ئەنجومەنەکە بووە و بۆی دەنووسێت: "ئەبێ باش بزانین کە بستێ جێ لەو خاکانەی کە لە (میساقی میللی)ماندا دانراوە، لە ژێر چنگی بێگانەدا نابێت بمێنێتەوە، ئینجا من بۆ ئەوە هاتمە کوردستان کە ئەم حەقیقەتە لە برا خۆشەویستەکانی سەر بە ئێمەوە هاوپەیمانەکانمان تێبگەیەنم تاوەکو کوردەکانی برای دین و دۆستی دێرینمان نەبنە قوربانیی سیاسەتی ئینگلیزە خائینەکان و بە هاندانی ئەوان کۆسپ و تەگەرە نەهێنێتە ڕێگەمانەوە."[١]

شانبەشانی ئەوانەش، ئۆزدەمیر پاشا زۆر خۆشحاڵیی خۆی بەوە دەردەبڕێت کە شێخ مەحموود بگەڕێتەوە کوردستان و دەنووسێت: "ئەویش لە بیری ئینگلیزە (مەلعون)ەکان لە مەبەستیان بەرامبەر بە سیاسەتی ئەم حکومەتە (ملعون)ە ئازایانە ڕاست بووەوە و غەزای لەگەڵ کردن. بەڵام لە ئەنجامدا بە دیل گیرا و تووشی دەردی گران و سەغڵەتی بوو، بەڵام ناوی بەرز و بەڕێزی لە دڵی عالەمی ئیسلامیدا جێگیر بوو. لەبەر ئەوە ئێمە بە ڕزگاربوونی لە دیلی گەلێک دڵشادین و زۆرمان پێ خۆشە کە ئەو بگەڕێتەوە سلێمانی و ببێتەوە بە سەرۆکی حکومەتی ئەم ناوچەیە. بەڵام نەک وا بزانێت کە بەخشندەیی ئەم سەرۆکییەی ئینگلیزە و سەر لە ئاستی ئەواندا بچەمێنێتەوە."[٢]

بەڵام لە لایەکی تریشەوە ئۆزدەمیر پاشا وا سەری لێ تێک چووە، کە چۆن درێژە بە دەسەڵات و فراوانخوازیی خۆی بدات، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە دەیەوێت دەست بەسەر شاری ئاکرێدا بگرێت و هێزەکانیشی، بە قەناعەتی خۆی، توانای ئەنجامدانی کارێکی لەو بابەتەیان نییە و سوور دەزانێت ئەو کارانەی بەو شێوەیە بۆ ناڕواتە سەر، بۆیە زۆر بە نەهامەتییەوە دەیگێڕێتەوە: "بەم مستە عەسکەرەوە کە هەمە، چۆن بجووڵێمەوە نازانم؟ بە ڕاستی سەرم لێ شێواوە و ڕوو بۆ کام لابەرم؟ بە تایبەتی لەوە زۆر مەترسیم هەیە کە کوردەکان بە هۆی چەند کەسێکی (خاوەن تەماع و خائینەوە) کە بۆی ئەگەڕێت، لەم بێهێزییەمان بکەونە هیوا و لە ماوەیەکی کەمدا لەم ناوەدا بیری

---

[1]- ڕەفیق حیلمی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣.

[2]- ڕەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی دووەم، ل ٥٩٥.

کوردایەتی و سەربەخۆیی کوردستان، دووبارە دەست پێ بکات و بژێتەوە."[1]

جا نازانم ئەم بۆچوون و لێکدانەوانەی ئۆزدەمیر پاشا چەندیان بە چەند بووە بۆ ئەو ڕۆژگارە و لە لایەکی ترەوە بە ڕوونی وتوویەتی: "ئەم شێخەمان ناوێت، بەفرۆفێڵە." هەروەها لە لایەکی تریشەوە وتوویەتی: "ئێمە خۆشحاڵین بە هاتنەوە و گەڕانەوەی شێخ مەحموود بۆ شاری سلێمانی و دەسەلاتگرتنەدەستی." لێرەشدا زۆرێک لە کەسایەتییە کوردەکان بە (خائن) لە قەڵەم دەدا. بە تایبەتی ئەوانەی کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد تێدەکۆشن و دەیانەوێت دووبارە وڵاتی کوردستان بژێننەوە. ئەگەر بە وردی لێکی بدەینەوە، ئەوا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە وڵاتان هەر لە سەرەتاوە لەوە گەڕاون بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بهێنینە دی و دوای ئەوەش بە کەیفی خۆیان و چۆنیان بۆ بکرێت، هەڵدەنە کیانی کورد و قەڵەمڕەوی کوردی، وەک ئەوانەی کە بە هەوا و هەوەسی خۆیان کردیان و کەسایەتییەکی گەورەی وەک شێخ مەحموودیان بە خائین و گێرەشێوێن و تێکدەر لە قەڵەم داوە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، گەلی کورد لەو ماوەیەدا لە بارودۆخێکی هاوسەنگ و پێگەیشتنی کۆمەلایەتی و پێشکەوتنێکی ئەوتۆدا نەبووە تا بتوانێت بە وریایی و ژیرییەوە ڕووبەڕووی ڕووداو و مەسەلە چارەنووسسازەکان ببێتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەربارێکی تری نەهامەتییەکانی میللەتەکەمان بووە. جا توخوا تورک و ئینگلیزێک بەو هەموو تەڵەکەی سیاسی و فرۆفێڵەیانەوە، بەو هەموو هێز و جبەخانەیانەوە، بەو هەموو بەڵێنە سیحراوییانەیانەوە چۆن نەتوانن گەلی کورد و کەسایەتییەکی وەک شێخ مەحموود لە خشتە بەرن و ڕێگە و پێگە و فرۆفێڵی سیاسیی خۆیانی لێ بکەن و هاوکات هەریەکەشیان بە جۆرێک وەعد و بەڵێنی ئەوەی بدەنێ لە پاشەڕۆژدا سەربەخۆیی بە کورد دەدرێ و مافی کەسایەتیی کورد و هەموو داواکارییەکانی پارێزراو دەبێت. جا نازانم پیاو چی بکات لە دڵپاکی و ڕاستگۆیی و نیەتپاکیی کەسایەتییەکی وەک شێخ مەحموود کە بە ڕاشکاوییەوە بە تورکە کەمالییەکان بڵێت: "من موسڵمانم و خادیم و عەبدی دەوڵەتی عوسمانیم. ئەو جەور و حەقارەتەی ئینگلیز بە منی کردووە،

[1] – ڕەفیق حیلمی، یاداشت، ب٢، ل ٥٩٦.

قەت لە بیرم ناچێتەوە. من لە کاتێکدا چووم بەگژ ئینگلیزدا، کە زۆربەی هێزەکانیان لە عێراقدا بوو. بەڵام عەشایەری کورد، کە لە پێشا سەرپاکیان سوێندخۆری من بوون و شەڕیان بۆ کردم، لە دواییدا لێم تەکینەوە و لە مەیداندا بە تاقی تەنیا مامەوە و بوون بە هۆی ئەوەی کە ساڵەهای ساڵ لە وڵاتی بێگانەدا دەردی دیلی بچێژم."[١]

ئەو وتانەی سەرەوە هەر هەمووی دڵپاکی و نیەتپاکیی شێخ مەحموودن بەرامبەر بە تورکەکان، کەچی لەولاشەوە دەیان جار گۆڵی سیاسیی لێ کراوە و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەستوپێوەند و خزمەکانی خۆیشی دەیان هەڵەی تریان پێ کردووە و بێڕەحمانە لە خشتەیان بردووە، هەر تەنها لەبەر ئەوەی شێخانی بەرزنجە و مەلیک مەحموود بۆ سەر یەک بنەچەی بنەماڵەیی و خێڵەکایەتی دەگەڕانەوە. پاشان شێخ مەحموود زۆر بە وردی و بەبێ گرێوگۆڵ بۆچوونەکانی خۆی دەڵێت بەوەی کەسایەتییەکی وەک: فەوزی بەگی یوزباشی کە نوێنەری تورکەکان بووە لە کاتی وتووێژەکانی نێوان تورک و شێخ مەحمووددا، داوای ئەوەش لە فەوزی بەگی یوزباشی دەکات کە هەر قسە و ڕا و بۆچوونێک کە دەری دەبڕێت: تکام وایە: "بەبێ کەموزیاد بۆم بگەیەنن بە ئۆزدەمیر و گەورەکانی تر." هەروەها ئەوەش بە فەوزی بەگ دەڵێت: "ئینگلیزەکان، کەرکوک و هەولێر و تا ئاکرێ و هەموو ئەو جێگەیانەی کە لە ویلایەتی موسڵدایە و کوردزمانن، ئەیخەنە سەر کوردستان بەو مەرجەی منیش داوای ڕەواندزتان لێ بکەم و یان لە خۆتانەوە بۆم چۆڵ بکەن."[٢]

لێرە بەدواوە زۆر بە ڕوونی و ئاشکراییەوە مەبەست و بۆچوونەکانی شێخ مەحموود بۆ تورکە کەمالییەکان دەردەکەون و ئەوەشیان بۆ باس دەکات کە ئەم هەموو بەڵێن و پەیمانانەی ئینگلیز درۆن و "بۆ تەفرەدانی ئێمە و بۆ ئەوەیە کە دوژمنایەتی بخەنە نێوان کورد و تورکەوە و بمانکەن بەگژ یەکتردا."[٣] بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا: بەمانەدا وامان بۆ

---

[1]- ڕەفیق حیلمی، س. پ، ب٢، ل ٥٩٨.

[2]- ڕەفیق حیلمی، س. پ، ل ٦٠٠.

[3]- ڕەفیق حیلمی، س. پ، ل ٦٠١.

دەردەکەوێت کە زۆر بۆچوون و داواکاریی شێخ مەحموود خەیاڵی بوون و کەسایەتییەکی ژیر نەبووە و لە ژیانی سیاسیدا کەمئەزموون و کەمتەجروبە بووە. هەر بۆیەش کەسایەتییەکی وەک ڕەفیق حیلمی، کە یەکێک بووە لە کەسایەتییە زۆر نزیک و سیاسییەکانی ڕۆژگاری شێخ مەحموود، لە نزیکیشەوە ڕوانیویەتیە گۆڕانکارییەکانی سەردەمی مەلیک مەحموود و دەوروبەری، ڕۆژبەڕۆژ بە وردی و ژیرییەوە ڕووداوەکانی یاداشت کردووە و بە ڕاشکاوییەوە ڕەخنەی لێ دەگرێت و دەنووسێت: "شێخ مەحموود وا دەرئەکەوت بیرێکی ژیرانە و تایبەتی نەبوو، هەر ڕۆژە لەسەر بیروباوەڕێک ئەڕۆیشت بەڕێوە، ئەگینا لە وەختێکدا کە مەسەلەی کوردستان لە هەموو شتێک تووشی بەرهەڵستی تورکەکان، بە تایبەتی تورکە کەمالییەکان ئەبوو، تەنیا ئەوانیش بوون لە ڕێی ئامانجی میللی کوردا ئەوەستان و هەوڵی ئەوەیان ئەدا قەڵاچۆی کورد بکەن. شێخ مەحموود لە ژێرەوە دەستی ئەخستە دەستیان و لەگەڵیاندا ڕێکئەکەوت و لەولای تریشەوە بە ناوی (سەرۆکی ئەنجومەنی میللی) و دوای ئەوەش بە ناوی (حوکمداری کوردستان)ەوە، دانەئەمرکایەوە و ناوی (مەلیکی کوردستان)ی لە خۆی ئەنا."[1] واتە بەگوێرەی ئەم بۆچوونانەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی و ڕووناکبیرانی تری کورد بێت، شێخ مەحموود هێندە دوای شورەت و ناوبانگی کەوتووە، هێندە بە تەمای ئەوە نەبووە کە خۆی بە لایەکدا ساغ بکاتەوە و دۆست و دوژمنی خۆی بناسێت و لێکدییان جودا بکاتەوە. هەر جارەش ناوێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، لە کاتی حوکمداریشیدا بۆ جاری دووەم: ئینگلیزەکان بە بۆچوونی مامۆستا ڕەفیق حیلمی: "مێجەر نۆئێڵیان بە دیار شێخ مەحموودەوە دانابوو، نەیانئەویست تورکەکان لە ڕەواندز بکاتە دەرەوە."[2] وەک دەشبینی، لە شارێکی وەک سلێمانیی ئەو کاتەدا تەنها چەند قوتابخانەیەک هەبوون بۆ خوێندن و بە زۆری بە ناوی شێخ مەحموود و برا و کوڕەکانیەوە بوون، لەوانە: (قوتابخانەی ناوەندی مەحموودی)، (قوتابخانەی سەرەتایی قادری)،

---

[1]- ڕەفیق حیلمی، س. پ، ل ٦٠٢.

[2]- ڕەفیق حیلمی، یادداشت، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی، پاکیزە ڕەفیق حیلمی، بەشی سێیەم، (بەغدا: ١٩٩٢)، ل ٣٧.

(قوتابخانەی سەرەتایی ڕەئوفی) و (قوتابخانەی سەرەتایی لەتیفی).[1] بەمانەشدا وا دەردەکەوێت کە ئینگلیز و تورکەکان کورد و مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردیان وەک ئامێرێک بە دەستەوە بووە بۆ خزمەتکردنی سیاسەت و هاوسەنگیی هێزەکانیان لە ناوچەکەدا، لە دواییشدا هەر خۆیان لە ڕێگەی چەندین ڕێککەوتننامەوە، کە دەستی وڵاتانی کۆڵۆنیاڵیی تێدا بووە، هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیایان ڕێکخست و هەموو بەڵگەنامە و شەرعیەتێکی کوردیشیان خستە سەر ڕەفەی لەبیرکردن. وەک ئەوەی لە دەوروبەری مانگی: کانوونی دووەمی (١٩٢٣)دا، هێزێکی هاوبەشی هەردوو حکومەتی عێراق و بەریتانیا بەرەو ناوچەکانی موسڵ بوونەوە و هاوکات لە (٣ی مارتی ١٩٢٣)شدا لە ڕێگەی فڕۆکەوە کەوتنە بۆردومانکردنی شاری سلێمانی، بە تایبەتی گوندەکانی هۆزی شێخ بزێنیی بەناوبانگ کە هاوپەیمانی ئۆزدەمیر پاشا بوون.[2] شێخ مەحموودیش بۆ جارێکی تر بە ناچاری پەنای بردەوە بەر شاخەکان و هەر لەم کاتەشدا فەرمانڕەوایانی بەریتانیا دەستیان بەسەر جانتایەکی پۆستەدا گرتووە کە لە ڕەواندزەوە نێردراوە بۆ (جەزیرەی ئیبن عومەر)ی کوردستانی تورکیا، بە جۆرێک، نووسراوێکی شێخ مەحموودی تیدا بووە کە بۆ ئۆزدەمیری ناردبوو و تیایدا شێخ مەحموود بەڵێنی خۆی بۆ تورکەکان دووپات کردووەتەوە بەوەی کە بە هاوکاریی کەسایەتیی ناسراوی شاری کەرکوک، سەید ئەحمەدی خانەقا[3] و نازم بەگی نەفتچیزادە، هێرش

---

[1]- ئەحمەد خواجە، چیم دی، چ٣، ل ٩١.

[2]- جەرجیس فەتحوڵڵا، وریابوونەوەی کورد، ب١، ل ٢٩٤.

[3]- سەید ئەحمەدی خانەقا (١٨٦٧- ١٩٥٢): ناوی سەید ئەحمەدە و کوڕی شێخ حوسێنی کوڕی شێخ ئەحمەدی سەردارە، بە ڕەسەن دەچێتەوە سەر عەبدولسەمەدی باپیرەی شێخەکانی بەرزنجە و ساڵی (١٨٦٧) لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و دایکی ناوی (توحلە خان) بووە. سەرەتا و هەر لە منداڵییەوە لای باوکی قورئانی پیرۆزی خوێندووە و پاشان لە حوجرەوە و لای مەلا عەلی سیامەنسوورییەوە درێژەی بە خوێندن داوە و بە ڕەوانی زمانەکانی کوردی و عەرەبی تورکی و فارسیی زانیوە و لە زۆربەی عیلمەکانی ئەو ڕۆژگارەدا شارەزا بووە. بەردەوام ماڵ و تەکیەکەیان خەڵکانی زانا و شاعیر و خوێندەواری لێ نەبڕاوە و هاوکات پشتوپەنای خەڵکانی هەژار و لێقەوماوان بووە، بۆ دواکاتیش لە تەمەنی (٨٤) ساڵی و لە (١٩٥٢)دا کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: مەحموود ئەحمەد محەمەد، سەیید ئەحمەدی خانەقا لە مێژووی کورددا مافی خۆی نەدراوەتێ، هاوکاری (ڕۆژنامە)، ژمارە

دەکەنە سەر کەرکوک و کفری و کۆیە. هەر کە فەرمانڕەوایانی بەریتانیاش لە سەرچاوەی ترەوە زانیبوویان کە سەید ئەحمەدی خانەقا لە (٦ی مارتی ١٩٢٣)دا بۆ ئەو مەبەستە چەکی کڕیوە، دەکەونە خۆیان و بەپێی پلانێکی نەخشەبۆدارێژراو دەیگرن و دوای ناردنی بۆ بەغدا، لەوێشەوە دووری دەخەنەوە بۆ شاری بەسرەی باشووری عێراق، بەڵام دوابەدوای گرتن و دوورخستنەوەی سەید ئەحمەدی خانەقا، کۆمەڵێک لەوانەی کە گومان لە خۆیان دەکەن، لە شاری کەرکوک هەڵدێن، یەکێک لەوانەش نازم بەگی نەفتچیزادە بووە کە توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە وڵاتی تورکیا.[1]

تەنانەت ئیدمۆندس کاتێک باس لە درێژەی ئەم بارودۆخە دەکات، دەنووسێت: "لەم هەڵاوبگرەیەدا شانسێکی سەیر ڕووی لە ئێمە کرد، ئەویش بەدەستهێنانی ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ بوو بە پاشکۆیەکی زۆرەوە کە لە نزیک موسڵ بە دەستمان گەیشت. ڕاپۆرتەکە لە ئۆزدەمیرەوە بۆ ژەنراڵێکی تورکی فەرماندەی ناوچەی جەزیرە نووسرابوو. ڕاپۆرتەکە تەنها باسی هێرشکردنی بۆ سەر کەرکوک و کۆیە نەدەکرد، بەڵکو ڕادەی نزیکایەتیی شێخ مەحموودی لەگەڵ تورکەکاندا پیشان دەدا، پلانی ئۆزدەمیر پاشا ئەوە بوو کە بە هێرشکردن بۆ سەر هەولێر عەمەلیاتەکە تەواو بکات. بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستەش ویستوویەتی هێزەکانی بە ناو خاکی ئێراندا بگوێزێتەوە و تەنانەت بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی لە عەشایەری ئێران شەڕکەر وەربگرێ و بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندیی بە دوو فەرماندەی سوپای ئێران لەوبەری سنوور گرتبوو."[2] دوابەدوای ئەوەش، بەڵگەنامەکانی بەریتانیا وای ڕادەگەیەنن کە گوایە ئەوان بۆیە لە ڕێگەی هێزی ئاسمانییانەوە لە هێزەکانی شێخ مەحموودیان داوە، بۆ ئەوەی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی نێوان هێزەکانی شێخ مەحموود و تورکەکانی ڕەواندز لە یەکتر داببڕێت و پاشان دوو کەتیبەی سوپایی توانیویانە بچنە ناو شاری ڕەواندزەوە و لە نفوزی هێزە

---

(٩٤٤)، ١٩٨٨/١/٢٨، سیروان سەرگەڵوویی، خانەقای سەید ئەحمەد لە ئامێزی مێژوودا، بنەماڵەی سەردار ١٦٢٥-١٩٩٣، ب١، (کەرکوک: ٢٠١٥)، ل ٨٦.

[1] – ولید حمدی، الکرد وکردستان في الوثائق، ص ١٦٧– ١٦٨، سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عەرەب، ل ٣٨٤– ٣٨٥.

[2] – سیسیل جۆن ئیدمۆندس، کورد تورک عەرەب، ل ٣٨٦.

تورکییەکانیان چۆڵ کردووە بێ ئەوەی بتوانن هیچ جۆرە بەرگرییەکی ئەوتۆ بکەن.[1] ئەمەش لە دەوروبەری (٢٢-٢٤ی نیسانی ١٩٢٣)دا بووە. دوای ئەوەش کە شێخ مەحموود شاری سلێمانیی بەجێ هێشت و بە ناچاری پەنای بردووەتە بەر ناوچە شاخاوییەکان، بۆ جارێکی دی لە لایەن هێزی سەربازیی بەریتانییەوە بەبێ هیچ بەربەرەکانێیەکی ئەوتۆ دەست گیراوەتەوە بەسەر شاری ڕەواندز[2]دا و سەید تەهای نەهرییان کردووەتە قائیمقامی.[3] ئۆزدەمیر پاشای ڕێبەری تورکەکانیشیان بەرەو وڵاتی ئێران ڕاو ناوە. دوابەدوای ئەوەش بە چەند ڕۆژێک توانیویانە شارەکانی کۆیە و ڕانیەش بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و بڕیاریشیان داوە هەموو مۆڵگە سەربازییەکان لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە تا ئەو کاتەی لیژنەی دیاریکردنی سنوور دەگەنە شوێنی مەبەست.[4] بەڵام ئۆزدەمیر پاشا دوای هەڵاتنی لە ڕێگەی وڵاتی ئێرانەوە، هەوڵی داوە خۆی بگەیەنێتەوە وڵاتی تورکیا و هێزەکانی تورک. بەڵام سەرۆکی هۆزی باڵەکی بەناوبانگی کورد، واتە محەمەد ئاغای باڵەک، ڕێگەی لێ گرتوون و بواری ئەوەی نەداون لەوێوە بەرەو وڵاتی تورکیا ببنەوە. هاوکات شێخ ئەحمەدی بارزانی[5] کە بۆ ماوەیەکی زۆر بە

---

[1]- ڕەفیق حیلمی، ب٣، ل ٤١.

[2]- Fo371- 9005.Telegram from Sir H(Lausanne) Dated: may2 nd،1923 ..

[3]- ستيفن هيمسلى لونكريك، المصدر السابق، ج١، ص ٢٤٢.

[4]- پیتەر سلاگلێت، کێشەی کورد و سنووری موسڵ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مینە، کوردۆلۆجی (گۆڤار)، ژمارە (٢)، ساڵی ٢٠٠٩، ل ٢٠٤، محمد مظفر الادهمي، المصدر السابق، ص ٤١.

[5]- شێخ ئەحمەدی بارزانی (١٨٩٢-١٩٦٩): کوڕی محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولسەلامی بارزانییە و ساڵی (١٨٩٢) لەدایک بووە. لە ئاکامی لەسێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی برای لە شاری موسڵ، ڕابەرایەتیی هۆزەکانی ناوچەکەی دەگرێتە دەست و لە ساڵی (١٩١٩)ەوە پەیوەندیی بە تورکەکانەوە و کردووە بە مەبەستی هەڵمەتبردنەسەر فەرمانڕەوایانی بەریتانی لە شاری وان. لێرەش بەدواوە و بە بەردەوامی هێرش کراوەتە سەر ناوچەی بارزان و ئەمیش ناچار بووە لە ساڵی (١٩٣٢)ەوە ناوچەکەی خۆی بەجێ بێڵێ و ڕوو بکاتە وڵاتی تورکیا، دواتریش لە لایەن کاربەدەستانی تورکیاوە ڕادەستی حکومەتی عێراق و بەریتانیا دەکرێت و بۆ ناوچەکانی باشووری عێراقی دووردەخەنەوە، دوای چەند ساڵێک دەگەڕێتەوە و لە ساڵی (١٩٤٣)ەوە لەگەڵ مەلا مستەفای برای شۆڕش بەرپا دەکاتەوە و لە ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە لە (مەهاباد) دووبارە دەگەڕێتەوە عێراق و مەلا مستەفای برای ڕوو

هێزەکانیانەوە هەژموونێکی بەردەوامیان بەسەر ناوچە سنوورییەکاندا هەبووە،[1] بە هەمان شێوە لای خۆیەوە گیروگرفتی بۆ دروست کردوون و بە هێزێکی (٧٠٠) کەسییەوە گەیشتوونەتە ناوچەی (نێروە) و دوای هێزە تێکشکاوەکەی تورکەکان کەوتوون. هەروەها ئەمەش بۆ خۆی بوو بە هاندانێک بۆ هۆزە کوردییەکانی ئەو ناوچانە کە ڕێگە نەدەن هێزەکانی تورک لە تورکیاوە بگەنە ناوچەی شەمدینان کە لە ویلایەتی وانی تورکیاوە بگەنە ناوچەی نێروە[2] دوای ئەوە ئەو هەموو هێزانەی لیڤیی بەریتانیا و حکومەتی عێراق کە هەر لە سەرەتاکانی مانگی مارتی ساڵی (١٩٢٣)ەوە، دەستی بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەیان کردبوو بە مەبەستی داگیرکردنەوەی تەواوی شاری ڕەواندز و دەوروبەری، بەڵام زیاتر بە هۆی وەرزی تووشی زستان و بارانبارینەوە دواکەوتبوو بۆ کۆتاییەکانی مانگی نیسانی هەمان ساڵ و بەسەر یەکەوە پێک هاتبوون لە نزیکەی (٢٥) ئەفسەر و (٢٤٨٢) سەرباز لەگەڵ (٣٧٨) ئەسپی سوارە، سەرەڕای دەستەبەرکردنی هەموو پێداویستی و کەرەستە و تفاقێکی جەنگی. جگە لە پاڵپشتی و هاوکاری بەردەوامی هێزی ئاسمانی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەیان لە کات و ماوەیەکی گونجاودا، بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوی نفوزی تورکەکان لەو ناوچەیە دەرپەڕێنن. لە کۆتایی پرۆسەکەشیاندا و بۆ چاودێریکردنی بەردەوامی ناوچەکە، هێزەکانی لیڤیی بەریتانی توانیویانە سەربازگەیەکی گەورە لە نزیک شاری ڕەواندزەوە دامەزرێنن. ئەمە سەرەڕای کردنەوەی فڕۆکەخانەیەکی سەربازی لە ناوچەی (دیانا) کە تەنها نزیکەی (٦) کیلۆمەتر لێیەوە دوور بووە، ئەمەش وەک کامپێکی سەربازیی هەمیشەیی مایەوە تا لە ساڵی (١٩٣٢)دا هێزەکە هەڵوەشایەوە.[3] لە سەرووی هەموو

دەکاتە یەکێتیی سۆڤێت. لە شۆڕشی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨) بەدواوە گەڕایەوە ناوچەی بارزان و لێرە بەدواوە بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاند، تا ئەو کاتەی لە (١١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٩)دا لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد. بڕوانە: میر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەدین، چ٢، (هەولێر: ٢٠٠٩)، ل ٤١ –٤٢.

[1] – دار االكتب والوثائق، وزارة الداخلية، متصرفية لواء الموصل، رقم الملف ٣١١/١١٥٧، رقم الوثيقة ٢١، ص ٣٩.

[2] – وليد حمدى، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، ص ١٧١.

[3] – ا. م. هاملتن، ڕێگایەک بە کوردستاندا، س. پ، ل ٨٢.

ئەوانەشەوە، کەتیبەی چوارەمی سەربازیی بەریتانی توانیویەتی سەربازگەیەکی تایبەت بە خۆی لە نزیک (کانی عوسمان - ڕەنگە کانی وەتمان بێت، نووسەر) بکاتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەریتانییەکان بۆ ڕێکخستنەوەی بارودۆخی ناوچەکە بایەخێکی بەرچاویان بە لایەنی ئیداری و بەڕێوەبردنی داوە.[1] وەک ئەوەی لە هەمان ماوەدا و بە تایبەتی لە (٢٩ی نیسانی هەمان ساڵدا، نوێنەری باڵای بەریتانیا لەگەڵ ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق و لە جێگەی سەرۆکی حکومەتی ئەو کاتەی عێراق کە عەبدولموحسین ئەلسەعدوون[2] بووە، گەیشتوونەتە شاری ڕەواندز و دوای ڕاگۆڕینەوە و وتوویژکردن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک و دەمچەرموو و سەرۆکی هۆز و خێڵەکانی ناوچەکەدا، بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە کە قەزای ڕەواندز بخرێتەوە سەر پارێزگای هەولێر و قائیمقامێکی بۆ دابنرێت.[3]

بەم جۆرە، ئینگلیزەکان توانییان ڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی ئەو حکومەتەی کە لە وڵاتی عێراقدا و بە پرس و لەسەر ڕاسپاردەی خۆیان هاتە کایەوە، کاروباری وڵاتی عێراق بەڕێوە ببەن و دواتریش دەیان ڕێککەوتننامە و بەڵێننامەی جۆربەجۆریان لە بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵدا مۆر کرد. سەرەڕای ئەوەش، بە چەند ساڵێک دواتر تەواوی ویلایەتی موسڵیان لە ڕێگەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم- League of nation)ەوە، کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دامەزرا، دوور لە

---

[1]- بڕوانە: جی کیلبرت براون، قوات الليڤي العراقية ١٩١٥- ١٩٣٢، ص ١٠٨- ١١١.

[2]- عەبدولمحسین ئەلسەعدوون (١٨٨٠-١٩٢٩): کەسایەتی و سیاسەتمەدارێکی ناسراوی عێراقە، ساڵی (١٨٨٠) لە شاری ناسریە لەدایک بووە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی عوسمانیدا ماوەیەک ئەفسەر بووە لە ڕیزەکانی سوپا و دواتریش ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی بووە بە نوێنەرایەتیی ویلایەتەکانی عێراقی ئەو کاتە. جگە لەوەی کە چەندین جار پۆست و پلەی وەزاریی گرنگی لە ئەستۆ گرتووە، هاوکات بەسەر یەکەوە و لە نێوان (١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ - ١٩ی ئەیلولی ١٩٢٩)دا، چوار جار لە عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا وەزارەتی پێکەوە ناوە، تا ئەو کاتەی لە شەوی (١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢٩)دا لە شاری بەغدا خۆی کوشتووە و لەدوای خۆی وەسیەتنامەیەکی بەجێ هێشتووە. بڕوانە: السيد عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الطبعة السابعة، (بغداد: ١٩٨٨)، ص ١٥٣.

[3]- جەلال تەقی، خەباتی گەلی کورد، س.پ، ل ٧٣.

خواستی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کە کورد بوون[1] و "مافی ئەوەیان هەبوو دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆیان بۆ دابمەزرێ"[2]، کەچی لەو لاوە و لە ڕێکەوتی (١٨ی حوزەیرانی ١٩٢٦)دا ولایەتی موسڵ گرێ درایەوە بە وڵاتی عێراقی تازەدامەزراوەوە و هەر خۆشیان بە هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی تری کۆڵۆنیاڵیدا دەستیان بەسەر تەواوی دەرامەت و سەرچاوە نەوتییەکانیدا گرت. جگە لە هەموو ئەوانەش، تۆوی دووبەرەکایەتی و شەڕی تایەفەگەری و خێڵەکایەتییان ساغ کردەوە و وڵاتەکەشیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد و دانیشتوانی ناوچەکەشیان بەرەو هەڵدێر و ژیانی ژێردەستەیی خۆیان برد.

[1]- فاضل حسين، مشكلة الموصل، الطبعة الاولى، ص ٣١٣.

[2]- شيركو كرمانج، الهوية والامة في العراق، (بيروت: ٢٠١٥)، ص ٧٠.

## ليستى سەرچاوەكان


### يەكەم/ بەڵگەنامەی بڵاونەكراوە بە زمانی عەرەبی:

١- دار الكتب والوثائق، وزارة الداخلية، رقم الملف (٤/١٧)، برقية ميجر نوئيل من السليمانية الى ارنولد.ت. ويلسن، ١٦ تشرين الثاني ١٩١٨.

٢- دار االكتب والوثائق، وزارة الداخلية، متصرفية لواء الموصل، رقم الملف (٣١١/١١٥٧)، رقم الوثيقة (٢١)، ص ٣٩.

٣- دار الكتب والوثائق، رقم الملف ٣١١/١١٥٧، ملخص استخبارات، النصف الثاني، سري، المنطقة الجنوبية، تسليم حراسة الشعيبة الى الليفي، رقم الوثيقة (٢٧)، ١٩٣٣/٣/١.

٤- دار الكتب والوثائق، ملفات البلاط الملكي، رئاسة الديوان الديوان الملكي، ديوان المجلس الوزراء، بغداد، رقم الملف (٣١١/٨١٩)، سري، الرقم ١٩٢٢، الى وزارة الخارجية، مايس ١٩٣١، رقم الوثيقة (١٢).

### دووەم/ بەڵگەنامەی بڵاونەكراوە بە زمانی ئینگلیزی:

1923. ‹(Lausanne) Dated: may2 nd 1- Fo371- 9005.Telegram from Sir H

### سێیەم: نامەی زانكۆیی:

١- قاسم خلف عاصي الجميلي، تطورات واتجاهات السياسية الداخلية التركية ١٩٢٣-١٩٢٨، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى مجلس كلية الاداب، جامعة بغداد، (بغداد: ١٩٨٥).

٢- منتهى عذاب ذويب، بيرسي كوكس ودوره في السياسة العراقية ١٨٦٤-١٩٢٣، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، (بغداد: ١٩٩٥).

**چوارەم/ کتێب بە زمانی عەرەبی:**


١- ابراهيم طاهر معروف الرباتي، المراة الكردية ودورها في المجتمع الكردي، ط١، (اربيل: ٢٠٠٤).

٢- ايوب بارزاني، المقاومة الكردية للاحتلال ١٩١٤-١٩٥٨، دار نشر حقائق المشرق، (جنيف: ٢٠٠٢).

٣- بيار مصطفى سيف الدين، السياسة البريطانية تجاه تركيا واثرها في كوردستان ١٩٢٣-١٩٢٦، مطبعة وزارة التربية، (اربيل: ٢٠٠٤).

٤- تلار علي امين، موقف تركيا من القضية الكردية في العراق ١٩٣٧-١٩٧٥، (السليمانية: ٢٠١١).

٥- جليلي جليل و الاخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة: عبدي حاجي، بيروت ١٩٩٢.

٦- جمال بابان، اعلام الكرد العراق، (السليمانية: ٢٠٠٦).

٧- جي كيلبرت براون، قوات الليفي العراقية ١٩١٥-١٩٣٢، ترجمة: مؤيد ابراهيم الونداوي، (السليمانية: ٢٠٠٦).

٨- خليل ابراهيم احمد، خليل علي مراد، ايران و تركيا دراسة في تأريخ الحديث والمعاصر، (الموصل: ١٩٩٢).

٩- زنار سلوپي، في سبيل كردستان (مذكرات)، ترجمة: ر. علي، رابطة كاوا للثقافة الكردية، ط١، (بيروت: ١٩٨٧).

١٠- ستيفن همسلي لونكريک، العراق الحديث، من سنة ١٩٠٠-١٩٥٠، تاريخ سياسي، اجتماعي واقتصادي، ترجمة: سليم طه التكريتي، ج١، (بغداد: ١٩٨٨).

١١- سر ارنلد تي ولسون، بلاد مابين النهرين بين ولائين، خواطر شخصية وتاريخية، ترجمة: فواد جميل، تقديم: الدكتور علاء موسى نورس، ج٣، (بغداد: ١٩٩٢).

١٢- سروه اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤-١٩٢٦، دراسة تاريخية سياسية وثائقية، (اربيل: ٢٠٠١).

١٣- سعد بشير اسكندر، من التخطيط الى التجزئة، سياسة بريطانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان ١٩١٥-١٩٢٣، (السليمانية: ٢٠٠٧).

١٤- السيد عبد الرزاق الحسني، تأريخ العراق السياسي الحديث، ج٣ (بغداد: ١٩٨٩).

١٥- السيد عبد الرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج١، ط٧، (بغداد: ١٩٨٨).

١٦- شاكرو خدو محوي، المسالة الكردية في العراق المعاصر، ترجمة: عبدي حاجي، مطبعة خاني، ط١، (دهوك: ٢٠٠٨)

١٧- شيركو كرمانج، الهوية والامة في العراق، دارالساقي، (بيروت: ٢٠١٥).
١٨- عبدالرحمن ادريس البياتي، الشيخ محمود الحفيد (البرزنجي) والنفوذ البريطاني في كردستان العراق حتي عام ١٩٢٥، تقديم الدكتور كمال مظهر احمد، (السليمانية: ٢٠٠٧).
١٩- عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات و مباحث في تاريخ الكورد و العراق المعاصر، (اربيل: ٢٠٠٧).
٢٠- عبدالفتاح علي البوتاني، دراسات و مباحث في تاريخ الكورد والعراق المعاصر، ط١، (اربيل: ٢٠٠٧).
٢١- علي صالح ميران، الحركة القومية الكردية في كوردستان- سوريا ١٩٤٦-١٩٧٠، ط١، (دهوك: ٢٠٠٤).
٢٢- عثمان علي، دراسات في الحركة الكردية المعاصرة ١٨٣٣- ١٩٤٦، (اربيل: ٢٠٠٣).
٢٣- العراق في سجلات الوثائق البريطانية ١٩١٤-١٩٦٦، المجلد الثاني، ١٩١٨-١٩٢١، المحرر الاستشاري: الف دي ل. رش، محرر البحوث: جين بريشو، ترجمة: كاظم سعد الدين، (بغداد: ٢٠١٣).
٢٤- علي كمال، مذكرات علي كمال عبد الرحمن ١٩٠٠-١٩٩٨، تقديم وتحقيق: جمال بابان، (بغداد: ٢٠٠١).
٢٥- فاضل حسين، مشكلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية - الانجليزية - التركية وفي الراي العام، (بغداد: ١٩٥٥).
٢٦- قادر سليم شمو، موقف الكرد من حرب الاستقلال التركية ١٩١٩-١٩٢٢، ط١، (دهوك: ٢٠٠٨).
٢٧- كمال مظهر احمد، اضواء على قضايا الدولية في الشرق الاوسط، (بغداد: ١٩٧٨).
٢٨- كمال مظهر احمد، دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية، مطبعة الحوادث، (بغداد: ١٩٧٨)،
٢٩- كمال مظهر احمد، كركوك وتوابعها، حكم التاريخ و الضمير، دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق، ج١، (السليمانية: بلي).
٣٠- محمد امين زكي، تاريخ السليمانية وانحائها، ترجمة: محمد جميل بندي روزبياني، (بغداد: ١٩٥١).
٣١- محمد علي الصويركي، معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي و العصر الحديث في كردستان و خارجها، (السليمانية: ٢٠٠٦).

٣٢- محمد محمد صالح واخرون، الدول الكبرى بين الحربين العالميتين ١٩١٤-١٩٣٩، (بغداد: ١٩٨٤).

٣٣- محمد مظفر الادهمي، المجلس التأسيسي العراقي، ج٢، (بغداد: ١٩٨٩).

٣٤- المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، كتاب يبحث عن العراق في عهد الاحتلال البريطاني بين سنتي ١٩١٤-١٩٢٠، نقله الى العربية حواشيه، جعفر الخياط، (بغداد: ١٩٧١).

٣٥- المس بيل، العراق في رسائل المس بيل، ت: جعفر الخياط، دار حرية للطباعة والنشر، (بغداد: ١٩٧٧).

٣٦- منتشاشفلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة: الدكتور هاشم صالح التكريتي، جامعة بغداد، (بغداد: ١٩٧٨).

٣٧- منصور عبد الحكيم، مصطفي كمال اتاتورک الذئب الطورانية الاغبر، ط١، (القاهرة: ٢٠١٠)

٣٨- مير بصري، اعلام الكرد (لندن: ١٩٩١).

## پێنجەم: کتێب بەزمانی کوردی.

١. ا. م. هاملتن، ڕێگەیەک بە کوردستاندا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: دکتۆر عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری، (هەولێر: ٢٠١٣).

٢. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسی، (سلێمانی: ٢٠٠٢).

٣. ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، لاپەڕەیەک لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، سمکۆ، هەستانەکەی ڕەواندز و پەیوەندی بە وڵاتانەوە، ڕێکخستن و ئامادەکردنی بۆ چاپ، جەلال تەقی، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، (بەغدا: ١٩٧٠).

٤. ئەحمەد حەمەد ئەمین، ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسی، (سلێمانی: ٢٠٠٦).

٥. ئەحمەد خواجە، چیم دی، شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەزن، چ ٢، (هەولێر: ٢٠١٣).

٦. ئی. جەی. ئار، پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنوبی، وەرگێڕانی: مەهاباد سالّح، بنکەی ژین، (سلێمانی: ٢٠١١).

٧. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی (نمیر)، (بەغدا: ١٩٨٤).

٨. جەرجیس فەتحوڵلا، وریابوونەوەی کورد، مێژووی سیاسی ١٩٠٠-١٩٥٠، ب١، وەرگێڕانی: حەسەن جاف، (هەولێر: ٢٠٠٩)، ل ٢٨٥.
٩. جەمال خەزنەدار، بانگی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٦، (بەغدا: ١٩٧٤).
١٠. جەمال فەتحوڵلا تەیب، کۆیە ١٩١٨- ١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ٢، (هەولێر: ٢٠٠٨).
١١. دارا تۆفیق کاکە ئەمین، ناوچەی پشدەر لە سەردەمی پاشایەتیدا ١٩٢١-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، (سلێمانی: ٢٠١١).
١٢. ڕەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی دووەم، (هەولێر: ١٩٨٨).
١٣. ڕەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، (هەولێر: ١٩٨٨).
١٤. ڕەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی سێیەم، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی، پاکیزە ڕەفیق حیلمی، (بەغدا: ١٩٩٢).
١٥. ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، (سلێمانی: ٢٠٠٣).
١٦. ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ڕۆژنامەی پێشکەوتن، یەکەمین ڕۆژنامەی سلێمانی، ژمارە (١-١١٨)، ١٩٢٠-١٩٢٢، (سلێمانی: ٢٠١٢). ٨- ڕۆبەرت ئۆلسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، کوردستان ١٨٨٠- ١٩٢٥، و: ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٢، (سلێمانی: ١٩٩٩)
١٧. سدیق ساڵح، ڕۆژنامەی ژیان، ب١، (سلێمانی: ٢٠٠٢).
١٨. سی. جی. ئیدمۆندس، کورد، تورک، عەرەب، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، (هەولێر: ٢٠٠٤).
١٩. سێر ئارنۆڵد ویڵسن، شۆڕشەکەی عێراق، لە ماوەی داگیرکاری بەریتانیا بۆ عێراق و کوردستان، و: سەرمەد ئەحمەد، چ١ (هەولێر: ٢٠١٢).
٢٠. سیروان سەرگەڵوویی، خانەقای سەید ئەحمەد لە ئامێزی مێژوودا، بنەماڵەی سەردار ١٦٢٥-١٩٩٣، ب١، (کەرکوک: ٢٠١٥).
٢١. شکری محەمەد سەگبان، پرسی کورد، کێشەگەلی کەمینە نەتەوەکان، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵلا، (هەولێر: ٢٠١٣).
٢٢. کاپتن لاین، کورد و عەرەب و بەریتانییەکان، بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٩، وەرگێڕانی: یاسین سەردەشتی، (سلێمانی: ٢٠٠٧).
٢٣. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی یەکەم، (بەغدا: ١٩٨٥).

٢٤. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە (هەولێر: ٢٠٠١).
٢٥. کەمال نوری مەعروف، یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید، شێخ مەحموودی شێخ کاوەی حەفید پێشەکیی بۆ نووسیوە، چ١، ١٩٩٥.
٢٦. کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، وەرگێڕانی: حمەکەریم عارف، چاپی سێیەم، (هەولێر: ٢٠٠٧).
٢٧. مامۆستا جەعفەر، شاری سلێمانی، ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠-١٩٢٠، (سلێمانی: ٢٠٠٦)
٢٨. محەمەد ڕەسوڵ هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، (لەندەن: ١٩٩١).
٢٩. محەمەد فاتح، پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی لە کوردستانی باشوور، (هەولێر: ٢٠١٤).
٣٠. مەحموود مەلاعززەت، حکومەتی کوردستان لە ناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیادا ١٩١٨- ١٩٢٤، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسییە، بنکەی ژین (سلێمانی: ٢٠٠٦).
٣١. مستەفا نەریمان، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، (بەغدا: ١٩٨٦).
٣٢. مێجەر ئی. بی. سۆن، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، (سلێمانی: ٢٠٠٧).
٣٣. میر بەسری، ناودارانی کورد، وەرگێڕانی: عەبدولخالق عەلائەدین، چ٢، (هەولێر: ٢٠٠٩).
٣٤. هیسەرلێهر واگنەر، کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر، (هەولێر: ٢٠١٣)
٣٥. یاسین صابر ساڵح، ئینسایکلۆپیدیای گشتی، (سلێمانی: ٢٠٠٥).

### شەشەم/گۆڤار بەزمانی کوردی:

ئازاد عوبێد ساڵح، ڕۆژنامەی کوردیی سمکۆ ١٩٢٢، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٣)، ٢٠١٥.
١. ئەحمەد باوەڕ، کێشەی ویلایەتی موسڵ و بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان ١٩١٨-١٩٢٦، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٦)، ساڵی ٢٠١٥
٢. ئەحمەد باوەڕ، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەرمیان لە هەفتەنامەی

پێشکەوتندا ١٩٢٠-١٩٢٢، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٤) ی ساڵی ٢٠١٣.

٣. پیتەر سلاگلێت، کێشەی کورد و سنووری موسڵ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مینە، کوردۆلۆجی (گۆڤار)، ژمارە (٢)، ساڵی ٢٠٠٩.

٤. خەبات عەبدوڵلا، ئامادەنەبوونی (ناوەوە) لە (دەرەوەی) سێ ئەزموونی دەسەڵاتدا، ڕابوون ( گۆڤار)، ژمارە (١٢)، سوێد ١٩٩٤.

٥. عەبولڕەقیب یوسف، لە کەلەپووری بەڵگەنامەی کوردی، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار)، ژمارە (١١٢)، ساڵی ١٩٨٦.

### حەوتەم/ ڕۆژنامە بە زمانی کوردی:

١- مەحموود ئەحمەد محەمەد، سەیید ئەحمەدی خانەقا لە مێژووی کورددا مافی خۆی نەدراوەتێ، هاوکاری (ڕۆژنامە)، ژمارە (٩٤٤)، ١٩٨٨/١/٢٨.

٢- هوشیار کەریم، چاوپێکەوتنێکی ئەدمۆنس (C. J. Edmonds) لە (١٩٧٤)دا، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، بەشی دووەم، پێنجشەممە، ٢٠١٤/١٢/١١.

٣- هەفتەنامەی پێشکەوتن، جناب مێجەر سۆن، ژمارە (٤٦)، ڕۆژی پێنجشەممە، ١٠ مارتی ١٩٢١.

### هەشتەم/ گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی:

١- احمد عثمان ابوبكر، صحيفە (خەبات)، العدد (٨٢٤)، ١٩٩٧/٧/٢٥.

٢- حسين فيض الله جاف، البدرخانيون في يوميات الميجر نوئيل، صحيفە (الاتحاد)، ٢٠٠٧/٩/٢٩.

### نۆیەم/ سایتی ئینتەرنێت:

١- وکیبیدیا، الموسوعة الحرة، ٢٠١٥/٤/٢٢.

# بەشی چوارەم

## چەند تێبینییەك دەربارەی باسەکەی ئەحمەد باوەڕ لەژێر ناوی ئۆزدەمیر و کورد[1]

دکتۆر صلاح الدین حەفید

ئەم باسە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (پەیڤین)دا بڵاو کراوەتەوە، لاپەڕە (٢٥-٣٧). پێش ئەوەی بێمە سەر تێبینییەکانم دەربارەی باسەکە، دەمەوێت بڵێم کەس لاریی لەوە نییە کە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی قارەمان و دوو حکومەتەکەی کە دایمەزراندوون، بێ کەموکوڕی نەبوون، بەڵام خوێندەوار کە ئەمڕۆ دێت ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە و لێیان دەکوڵێتەوە، پێویستە سووکایەتی بە ڕابەرێکی گەورەی میلەتەکەی نەکات. وشەی ناشرین و نابەجێ و تۆمەتی بێبەڵگە بەکار نەهێنێ، چونکە ئەو جۆرە وشە و تۆمەتانە لە ڕۆڵی گەورەی شێخ مەحموود بۆ میللەتەکەی کەم ناکەنەوە، جگە لەوەی سووکی و بێبایەخی دەدات بەو باسە و خۆی. ئەم باسە لە ناو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پەیڤین) درابوو بە دوو کەس لەو دەستەیە بیخوێنێتەوە و هەڵیبسەنگێنن. ئەو دوو کەسە تێبینیی خۆیانیان دەستنیشان کردبوو، بەڵام بە داخەوە، ئەو تێبینییانە نەخرانە بەردەم دەستەی نووسەران تا ڕای خۆیانیان لەسەر بدەن و ئەمەش بە کەموکوڕییەکی گەورە دەزانم لە کاروباری دەستی نووسەراندا کە یەکێکیان خۆمم.

با بێینە سەر باسەکە. پێشەکی، پێویستە باسی هەر ڕووداوێکی مێژوویی

---

[1] ئەم نووسینەی دکتۆر صلاح الدین حفید، لە گۆڤاری (پەیڤین)، ژمارە (٢)دا بڵاو کراوەتەوە.

دەکەین، بەڵگەمان بە دەستەوە بێت و باش ئەو بەڵگەنامانە هەڵبسەنگێنین و لییان ورد بینەوە و بزانین تا چ ئاستێ ئەو کەسانە شتی زاتیی خۆیان تێکەڵ کردووە. بێگومان ئەو گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی نامانە لە نێوان ئینگلیزەکان خۆیاندا بووە، زۆربەیان نهێنی بوون و لە غەیری ئینگلیز کەس نەیزانیون، بەڵام پاش ٥٠-٦٠ ساڵ ئەو بەڵگەنامانەی ئینگلیز ئاشکرا بوون، زۆربەیان نووسراونەتەوە و گۆڕاون بۆ سەر زمانی عەرەبی، وەکو ئەوەی د. وەلید حەمدی لەژێر ناوی (مەسئەلەی کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا) هەندێکی لێ بڵاو کردوونەتەوە، هەروەها بەڕێزان د. کمال مەزهەر و د. ئەحمەد علی عوسمان کە بەشێک لە تێزی دکتۆراکانیان باسی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودن، باش ئاگاداری ئەو بەڵگەنامانەن و لەو تێزە زانستییانەیاندا کە بڕوانامەی دکتۆرایان لەسەر وەرگرتووە یاخود لەو باسانەدا کە نووسیویانن، بەکاریان هێناون، هەروەها بەڕێز محەمەد ڕەسوڵ هاوار کە ئێستا نیشتەجێی لەندەنە، پاش کۆکردنەوە و تێبینیکردنی زۆربەی ئەو بەڵگەنامانە، کتێبێکی بەنرخی لە دوو بەرگدا بڵاو کردووەتەوە لەژێر ناوی (شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان). ئەو بەڕێزانە هەموویان لەو بڕوایەدان کە شێخ مەحموود هەموو هەوڵێکی داوە لەگەڵ ئینگلیزدا کە حکومەت بۆ کورد دروست بکا و حەق و مافی کوردیان لێ وەربگرێت، بەڵام ئینگلیز بە هیچ جۆرێک نەیوستووە کیان بۆ کورد دروست بکات، بەڵکو ویستوویانە شێخ مەحموود بکەن بە داردەست و بەکرێگیراوی خۆیان بۆ لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقەوە، چونکە هەر وەک خۆیان و عەرەبەکان هەمیشە وتوویانە، کوردستانی باشوور بە نیسبەت عێراقەوە وەک سەر وایە بە نیسبەت مرۆڤەوە. بۆیە شێخ مەحموود نەیویستووە بەکرێگیراو بێت و خیانەت لە میللەکەی بکات بۆ پلەوپایە و پارە. کە بۆی دەرکەوت ئینگلیزەکان درۆی لەگەڵ دەکەن، ئەوە بوو شۆڕشی لە دژیان بەرپا کرد کە بە یەکێک لە شۆڕشە هەرە مەزنەکانی جیهان دەژمێردرێت دژی ئیستیعمار و داگیرکەر لەو سەردەمەدا. پاش ئەو کورتەباسە، ئەم تێبینییانەم هەیە.

**سەبارەت بە باسەکەی ئەحمەد باوەڕ.**

١. لاپەرە ٢٦، ناوبراو دەنووسێت و دەڵێ: (لە ٢٣ی مایسی ١٩١٩ مەحموود خانی دزڵی بە مەبەستی زیارەتکردنی مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ بە خۆی و ٣٠٠ چەکدارەوە سلێمانیی ئازاد کرد و بەم جۆرە یەکەم حکومەتی کوردی بە ڕابەرایەتیی شێخ مەحموود دامەزرا.) لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوە وا نییە هەروەک ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە و محەمەد ڕەسوڵ هاوار و ڕۆژنامەکانی ئەو دەورە نیشانی دەدەن. شێخ مەحموود هەر لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانەوە لە ساڵی ١٩١٨ و لە مانگی ئەیلولی ئەو ساڵەدا کە ئینگلیزەکان لە بەغداوە بەرەو کوردستان کشان و گەیشتنە کفری، نامەیەکی بە وەفدێکدا نارد کە بریتی بوون لە عیزەت تۆپچی و سەید ئەحمەد بەرزنجی و فایقی تاپۆ. محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە کتێبەکەیدا کە باسمان کرد، لە بڕگەی دووەمدا لە لاپەرە ٣٥٤دا ناوەڕۆکی نامەکەی شێخ مەحموود بۆ ئینگلیز کە بەو وەفدەدا ناردوویەتی، دەگێڕێتەوە کە بریتییە لە: (چەرخی گەردوون ئیوەی بە سەرکەوتوویی گەیاندە نیشتمانی کورد لە کوردستان، کورد هیچ بەهرەیەکی لە عوسمانلییەکان وەرنەگرت. ئەزانن کە هەزاران ساڵە ئەمە خاکی نیشتمانی کوردە. لە ئادەمیزادپەروەریتان ئومێد ئەکەین کە ئێوە مافی کورد بدەن و ئازادی و سەربەستی لە کوردستانا بڵاو بکەنەوە و ماوەی ئەوە نەدرێ کورد بە چەک داوای مافی خۆی بکا.) ئەو نامەیە لە کفرییەوە سەرلەشکری سوپای ئینگلیز ناردبووی بۆ (ویلسن)، مەندوبی سامی و حاکمی گشتیی بەریتانی لە بەغدا، پاشان (ویلسن) ئەمر دەکا بە وەفدێک بە سەرۆکایەتیی (میجەر نۆئێل) کە بچێ بۆ سلێمانی و ڕاسپاردەکانی (ویلسن) بەجێ بهێنێ.

پاش ئەوەی (مێجەر نۆئێل) دەگاتە سلێمانی، لە ڕۆژی ١٩١٨/١١/١ لە بەر دەرکی سەرا کۆبوونەوەیەکی گەورەی ڕێکخست کە هەموو پیاوە ئایینییەکان و ئەشراف و سادات و تاجر و سەرۆکی عەشیرەتەکان و لە هەموو دەستەکانی تری ئەهالیی تیادا بوو، (مێجەر نۆئێل) وەکو نوێنەری دەوڵەتی بەریتانی بە فارسی وتارێکی دووروودرێژی خوێندەوە و لەو وتارەیدا وتی: "شێخ مەحموود لە لایەن حاکمی گشتیی بەریتانیاوە لە عێراق کرایە حاکمی کوردستان." لە ١٩١٨/١٢/١ (کۆلونێل ولسن) حاکمی گشتیی بەریتانیا لە

بەغداوە بە فڕۆکە گەیشتە سلێمانی بۆ پیرۆزباییکردن لە کورد و شێخ مەحموود. واتە ئەمە وا دەگەیەنێ کە کورد پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١دا قەوارەی سیاسی و حکومەتی بۆ خۆی دروست کردووە.

**٢- لە لاپەڕە (٢٨)ی باسەکەدا نووسەر دەڵێت: "مەسەلەی حوکمداریەت زیاتر مۆرک و سیمایەکی خێڵەکی و عەشایەرییانەی گرتبووە خۆی، وەک دەبینی، شێخ مەحموود لەبەر دڵی ئۆزدەمیر... مستەفا پاشا یامولکیی وەزیری فەرهەنگی دوورخستەوە.. دواتریش جەمال عیرفان دیزەبەدەرخۆنە کرا و سەر بە پیرەمێردی شاعیری گەورەی کورد شۆڕ دەکا و شێخانی بەرزنجەی خزمی شێخ مەحموود هەریەکە لە لایەکەوە ئاغایەک بوو بۆ خۆی." پێویستە کە باسی ڕووداوەکانی پێش (٧٥) ساڵ زیاتری دەوروبەری شێخ مەحموود دەکەین، دەبێت بە کێش و پێوانەی ئێستا سەیریان نەکەین. بێگومان وەک ئاشکرایە لای هەموان، سەردەمی حوکمڕانیی شێخ مەحموود لە (٩٥%)ی زیاتر دانیشتوانی ئەوسای کوردستان نەخوێندەوار بوون، زۆربەی پەیوەندییەکان عەشایەری و خێڵەکی بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەیری دامودەزگاکانی شێخ مەحموود بکەین، دەبینین زۆربەیان لەو خوێندەوارانە بوون کە لە دەوری حکومەتەکەی کۆ بوونەتەوە و هیچ خوێندەوارێک بێبەش نەبووە. محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا لە لاپەڕە (٣٥١-٣٥٣) ناوی ئەو زابتانەی بردووە کە لە ئەستەمبوڵ گەڕاونەتەوە و هەر کەسە بەگوێرەی ڕوتبەی خۆی لە سوپاکەی شێخ مەحمووددا بەشدار بوون. لە دەزگا مەدەنییەکانیشدا بەڕێزان: ڕەفیق حیلمی، سەعید کابان، ڕەشید کابان، سەعید قەزاز، صالح قەفتان و زۆری تر بەشدارییان کردووە. لە قوتابخانە سەرەتایی و ئامادەییەکان کە شێخ مەحموود دایمەزراندوون، بێجگە لە دەزگای ڕاگەیاندنیان کە لە ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوێت وەک ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) و (ئومێدی استقلال) و ڕۆژنامەی (بانگی حەق) کە لە ئەشکەوتی جاسەنە دەرچووە.**

لەو وەزیرانەی شێخ مەحموود هەندێکیان خاوەنی بڕوانامەی بەرز بوون، وەک مستەفا پاشا یامولکی و میر لیوا سدیق قادری پاشا و ئەوانی تر هەریەکە بەگوێرەی کاتی خۆی خوێندەوار و سیاسەتمەدار بووە. ڕادەی

زانیارییان هیچی وای کەمتر نەبووە لەوانەی کە حوکمڕانیی ئێران و عەرەبستانی سعودی و دەوڵەتە عەرەبییەکانی ئەوسایان کردووە.

سەبارەت بە (دیزەبەدەرخۆنەکردنی جەمال عیرفان) هەروەک نووسەر خۆی دەڵێت و هیچ بەڵگەیەک نییە کە شێخ مەحموود دەستی تیایدا بووبێ، بەڵکو بەڕێزان مامۆستا ڕەفیق حیلمی و محەمەد ڕەسوڵ هاوار و ئەحمەد خواجە هەموو لەسەر ئەو بۆچوونەن کە دەڵێن کوشتنی جەمال عیرفان پەیوەندیی بە ناکۆکی خۆی و پشدەرییەکانەوە بووە و بە ئەمری شێخ مەحموود داوای دکتۆری بۆ دەکرێت و پاش وەفاتی بە مەراسیمێکی شکۆدار دەشاردرێتەوە، ئەوەش لەسەر ئەمری شێخ. ئەگەر ئەو دیزەبەدەرخۆنە ڕاست بوایە، شێخ مەحموود ئەو مەراسیمەی بۆ نەدەگێڕا.

سەبارەت بە خزمەکانی شێخ مەحموود و بەرزنجییەکان، لە ڕاستیدا بێجگە لە شێخ قادری برای کە لەبەر زرنگی و چالاکیی خۆی پایەی وەرگرتووە و شێخ محەمەد غەریب کە لە فیداکاریدا لەگەڵ شێخ مەحموود کەمتا بووە، کەسێکی تری وا نییە لە خزمانی کە لەبەر خزمایەتی پلەوپایەی پێ درابێ. بە پێچەوانەوە، خزمەکانی خۆی هەموو ماڵوێران بوون و لەناو چوون هەر لەبەر ئەوەی خزمی شێخ مەحموود بوون. ئەوەتا حاجی سەید حەسەن حاجی شێخ مەحموود لە شەڕی دەربەندی بازیان شەهید بووە. سەید عومەری مامی دووەمی ئینگلیزەکان نەفییان کردووە، خزمەکانی تری زۆربەیان بۆ ماوەیەکی دوور لە ئێران و تورکیا ئاوارە بوون. سەبارەت مەسەلەی سەرشۆڕکردن بە پیرەمێرد، محەمەد ڕەسوڕ هاوار لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا لە لاپەڕەی (٨٤٤-٨٤٥)دا دەڵێت: "لە کاتی خۆیدا لە (داری کەلی) لە خزمەت شێخ مەحمووددا باسی ئەو شیعری پیرەمێرد کرا کە ڕەخنەی لە شێخ مەحموود گرتووە، شێخ مەحموود فەرمووی: وتەی پیرەمێرد شتێک نییە بشاردرێتەوە، بەڵکو پێویستە ئەو هەڵبەستەی بەبێ پێچوپەنا لە ناو شیعرەکانیدا بڵاو بکرێتەوە، چونکە ئەو شیعرە ئەو ڕۆژانەم دەهێنێتەوە یاد کە هەروەکو دێوانە دابوومە چیا و کەوڵ و پوستی خۆشەویستیی نیشتمانەکەم پۆشیبوو، بەڵام داخەکەم، ئەو سەردەمە خوێندەواری تەواو نەبوو. ئەویش کە هەبوو، هەندێکی پەیوەندیی بە بێگانەوە هەبوو. هەروەها شێخ فەرمووی: ئێمە لەگەڵ

پیرەمێرددا پیر و موریدین و حەقی زۆری بەسەرمانەوە هەیە، جگە لەوە، شاعیرێکی زۆر دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە، هەرچیی وتووە بە نیازی پاک وتوویەتی هەر لەبەر ئەوەش دۆست و خۆشەویستی منە." بۆیە پیرەمێرد بەرامبەر بەو ڕەخنانەی کە لە شیعرەکەیدا گوتوونی، شیعرێکی تری داناوە و بە پێچەوانەی ئەو شیعرەوە کە دەڵێت:

ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لەڕاستی مووچەخۆری خۆی
سوراحی سەر فرودێنێ لە بۆ پیاڵە کە تێکا بۆی
کە ئاو داری لەسەر ڕاگرتووە ئەیزانی چی تیایە ؟
لەلای نەنگە کە پەروەردەی نقوم کا گەورەیی وایە

**سەبارەت بە دورخستنەوەی مستەفا پاشا یامولکی، وا نەبووە کە نووسەر باسی کردووە و لە پۆستەکەی کە وەزیری فەرهەنگ بووە، لانەبراوە، بەڵکو ماوەیەک لە کار وەستێنراوە لەبەر هەندێ هۆ کە پەیوەندیی بە خۆیەوە بووە. ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا باسیان دەکات.**

٢. نووسەر لە لاپەڕە (٣٥)ی باسەکەیدا دەڵێت "شێخ مەحموود دوای شۆرەت و ناوبانگی کەوتووە. هێندە بە تەمای ئەوە نەبووە کە خۆی بە لایەکدا ساغ بکاتەوە و دۆست و دوژمنی خۆی بناسێ، هەر جارەش ناوێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە..." ئاشکرایە لای هەموان و زۆربەی مێژوونووسان دەیزانن کە شێخ مەحموود لە بنەماڵەیەکی ئایینی بووە کە ئەو بنەماڵەیە ماوەی (٧٠٠) ساڵ زیاتر لە کوردستاندا بەناوبانگ بوون، بە تایبەتی پاش دەوری باڵای کۆمەڵایەتی و ئایینیی باپیرانی شێخ مارفی نۆدێی و کاک ئەحمەدی شێخ. جا بۆیە شێخ مەحموود پێویستی بە پلەوپایە نەبووە بۆ خۆدەرخستن بە ناوی حوکمدار و مەلیک. بەڵام گۆڕینی ناوی حوکمدار بە مەلیک لەبەر ئەوە بووە لە حکومەتی یەکەمیدا ئینگلیز بە ناوی حوکمدارەوە ئیعلانی حکومەتی کوردستانی کردووە. زۆر لە دەوروبەرەکەی پێیان ڕاگەیاندووە کە وشەی حوکمدار وشەیەکی ئاڵۆز و تەماوییە. داوا لە ئینگلیزەکان بکەن ڕوونی بکەنەوە بۆت، بەڵام هەندێکی تر لە خوێندەوارانی دەوری وتوویانە باشتر وایە قبوڵی وشەی حوکمدار بکەیت، با ئینگلیز بیانوومان پێ نەگرێت لەو بارەیەوە. ئەوە بوو جاری دووەم کە لە ئاوارەیی

هیندستان گەڕایەوە و هاتەوە سلێمانی و لە ساڵی ١٩٢٢دا حکومەتی دروست کرد، وای بە باش زانی کە وشەی حوکمدار بگۆڕێت هەر وەکو حکومەتەکانی دەوروبەری کوردستان وەک عێراق، میسر و عەرەبستانی سعودی و ئێران... کە وشەی مەلیک ئاشکرا و ڕوونترە لە وشەی حوکمدار.

٣. ئەحمەد باوەڕ لە لاپەڕەی (٢٨)ی باسەکەیدا دەڵێت: "هەردوو لایەنی بەریتانیا و تورکیا درۆیان لەگەڵ دەکرد و بەردەوام هەریەکەیان بە جۆرێک هەوڵی دەدا کە مەسەلەی کورد وەک چەکێک بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانیان بەکار بهێنن. کەچی خۆیشی، واتە شێخ مەحموود، ئەوە نەبوو بە تەواوی بە لایەکدا خۆی ساغ بکاتەوە. ڕاستە شێخ مەحموود خۆی ساغ نەکردبووەوە تا ئەو لایەنە ددان بە مافی کورددا نەنێت بە تەواوی. ئەوە بوو بە هاتنەوەی لە ئاوارەبوون و دیلی لە هیندستان کە هاتە بەغدا، لە کۆبوونەوە دووقۆڵییەکەی مەلیک فەیسەڵ و مەندوبی سامی بەریتانی لە ئەیلولی ١٩٢٢دا وەعدیان دابوو بە شێخ مەحموود کە لە کوردستان حکومەت دروست بکات و ددان بە حکومەتەکەیدا دەنێن و داوایان لێ کردبوو کە تورکەکان لە ڕەواندز بکاتە دەرێ، شێخ مەحموود لە وەڵامدا پێی وتبوون باشە، دەبێت بە پارە و تەقەمەنی یارمەتیمان بدەن بۆ بەهێزکردنی حکومەتەکەمان تاوەکو تورکەکان بکەینە دەرەوە.

بەڵام ئەوە بوو کۆتایی ئەیلولی ١٩٢٢ کە شێخ مەحموود هاتەوە و حکومەتی دروست کرد، هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانی بەڵێن و وەعدی ئینگلیز بوو و هیچیان بۆ جێبەجێ نەکرد. لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٢٣دا سمایل خانی سمکۆ هات بۆ سلێمانی بۆ بینینی شێخ مەحموود و هاریکاریی حکومەتەکەی. لە هەمان مانگدا ئۆزدەمیر بە ناوی حکومەتی ئەنقەرەوە وەفدێکی نارد بۆ سلێمانی بە شێخ مەحموود ڕابگەیەنێ کە حکومەتی تورکیا ئامادەیە ئیعتیراف بە حکومەتەکەی بکات و شێخ مەحموود وەک خدێویی میسر ببێت بە خدێوی لە ویلایەتی موسڵدا، واتە کوردستانی باشوور. ئەم ڕاگەیاندنەی تورک بە ئاگاداری و حزوری سمایل خانی سمکۆ کە لە سلێمانی بووە لەو سەردەمەدا پاش ئەوە شێخ مەحموود مشاوەرەی لەگەڵ قیادەکەی خۆی دەکات کە ڕفیق حیلمی یەکێک بووە لەوانە و لەگەڵ وەرگرتنی بیروڕای

سمایل خانی سمکۆ بڕیار دەدرێت کە دوو هەیئەت، واتە وەفد دروست بکرێت، یەکێکیان بچێت بۆ بەغدا بۆ لای ئینگلیزەکان و داوایان لێ بکرێ کە بەڵێن و گفتەکانیان کە لە بەغدا داویانە بە شێخ مەحموود، جێبەجێی بکەن و وەفدێکی تر کە بریتی بووە لە ڕەفیق حیلمی و فەتاح ئەفەندی و ئەمینی عەتار و ئەحمەد تەقی، ئەو وەفدە بڕیار دراوە بچێت بۆ لای ئۆزدەمیر و لەوێوە بچێت بۆ ئەنقەرە بۆ گفتوگۆ لەبارەی ئەو وەعدانەی کە حکومەتی تورکیای کەمالی لە ڕێگەی ئۆزدەمیرەوە بە شێخ مەحموودی ڕاگەیاندووە. شێخ مەحموود بە وەفدەکەی کە دەچێت بۆ لای ئۆزدەمیر لە ڕەواندز، دەڵێت خۆتان بخافڵێنن تا جوابمان بۆ دێتەوە لە لایەن ئەو وەفدەی کە نێردراوە بۆ بەغدا. ئەگەر هاتوو بەڵێنەکان و گفتەکانی ئینگلیز ڕاست بوون و جێبەجێیان کرد، ئەوسا بۆتان دەنووسم کە لە ڕەواندز بگەڕێنەوە. ئەگەر وانەبوو، هەمدسیان بۆتان دەنووسم کە بەرەو ئەنقەرە بڕۆن و لەگەڵ حکومەتی تورک گفتوگۆ بکەن. ئەوە بوو کە ئەو وەفدەی چوو بۆ بەغدا، مەندوبی سامی ڕەفزی کرد بیانبینێت؛ واتە ئینگلیز لە گفتەکانیان پاشگەز بوونەتەوە. بۆیە شێخ مەحموود نەیویست ئەو مبادەرەی تورکی لە کیس بچێت و ئەمری کرد بە وەفدەکەی لە ڕەواندز کە بچێت بۆ ئەنقەرە. باشە ئەگەر ڕەفیق حیلمی کە دڵسۆز و ڕۆشنبیرێکی زرنگ و سیاسەتمەدار بووە لەو ڕۆژەدا، بۆچی قبوڵی کرد بچێت بۆ ئەنقەرە، ئەگەر وەعدی تورکەکان درۆ بوو یاخود بۆچی بە شێخ مەحموودی نەوت کە ئەو بۆچوونە هەڵەیە، گومان لە دڵسۆزی و پاکیی ڕەفیق حیلمی ناکرێ هەر وەک ڕابەرەکەی شێخ مەحموودی قارەمان تا دواهەناسەی لەو پایە (منصب) دووری نەخستەوە لە نیشتمانپەروەری و کوردایەتی، شێخ مەحموود ویستی ئەو بەپیرەوەچوونەی تورک و ناردنی وەفد بۆ لای لە کیس نەچێت. شێخ مەحموود هەر بەوەوە نەوەستا، بەڵکو پاش دڵنیابوونی کە ئینگلیز پاشگەز بوونەوە، هەوڵێکی تری دا و لە هەمان کاتدا، واتە ١٩٢٣/١/٢٠، نامەیەکی بۆ حکومەتی شورەوی بە ڕابەرێتیی لینین نووسی. محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە پەڕە (٤١٩-٤٢١)ی بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا بە درێژی نامەکەی شێخ مەحموودی بڵاو کردووەتەوە. ناوەڕۆکی ئەو نامە دووردرێژە بریتییە لە: "داواکردنی شێخ مەحموود لە یەکێتیی

شۆڕەوی کە دان بە حکومەتەکەیدا بنێت، دەڵێ: گەلی کوردی خوارووی کوردستان زۆر شادمان و ئامادەیە بە دۆستایەتی و یارمەتی حکومەتی بەرزی ڕوسی و ئامادەیە لەپێناوی سەرگرتنی ئەم دۆستایەتیەدا سەروماڵی خۆی بەخت بکا بەو مەرجەی بە شێوەیەکی ڕەسمی دان بنرێ بە مافی نەتەوایەتیانا و ئەو پەیوەندی و دۆستایەتییە بۆ جیهان ئاشکرا بکەین و بتوانین بەرامبەر بە دوژمن بوەستین و بەرگری بکەین و دەسەڵاتی دوژمن کەم بکەینەوە، وە پێویستیمان بە هەندێ تۆپ و ڕەشاش و فڕۆکە و کەرەسەی جەنگی هەیە، لە کۆتاییدا ئۆمێدەوارین مافی نەتەوایەتی و قانونی بۆ میللەتی کورد بێتە دی و ئەو میللەتەی کە ئیمڕۆ دەستی دۆستایەتی و برایەتیتان بۆ درێژ ئەکا." شێخ مەحموود هەر بەوەشەوە نەوەستا و لە هەمان کاتدا نامەیەکی تری بە تەوفیق فکرەتدا، کە زابتێکی دەرچووی ئەستەنبوڵ بووە، ناردووە بۆ قونسوڵی ئەمەریکی لە تەوریز کە ڕەوانەی بکات بۆ سەرۆکی ئەمریکا و داوای کردووە کە مافی کورد بدرێت بەپێی ماددەی (١٢)هەمین لە (١٤) مادەکەی کە ویلسنی سەرۆککۆماری ئەمریکا لە ساڵی ١٩١٨دا بڵاوی کردووەتەوە سەبارەت بە مافی چارەنووسی گەلە بچووکەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە لاپەڕە (٤٢٧)ی بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا بە دوورودرێژی هۆی پاشگەزبوونەوەی ئینگلیز باس دەکات کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێ.

١. بوونی نەوت لە کوردستان.
٢. سەرکەوتنی تورک بەسەر یۆناندا.
٣. بەهێزبوونی سوپای عێراقی و ڕێکخستنی لیڤیی ئاسووری.
٤. هۆی ناوخۆ.

هەروەها محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە لاپەڕە (٨٣٠)ی کتێبەکەیدا دەڵێت: "ئایا ئینگلیزەکان حکومەتیان بۆ شێخ مەحموود دروست دەکرد یان بۆ میللەتی کورد ئەگەر نیاز و مەبەستیان پاک بوایە بیانویستایە هەر شێوە حکومەتێکی کوردی بۆ کورد دروست بکەن و لایان وابووبێ شێخ مەحموود کۆسپی سەر ڕێگەی ئەو دروستکردنە بووبێ. دەیانتوانیی شێخ مەحموود لە هندستانەوە نەهێننەوە و زۆری وا هەبووە وەک شەریف پاشای خەندان و حەمدی بابان

و سەید تەها شمدین و مستەفا پاشا یامولکی، ئەوانە هیچیان لە فەیسەڵ و ئەو ئەمیرە عەرەبانە کەمتر نەبوون کە لە عێراق و کەنداوی عەرەبدا کران بە مەلیک و ئەمیر." هەروەها مێژووزانی بەناوبانگی کورد، کەمال مەزهەر لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق (دەستەی کورد، بەرگی بیستویەکەم و بیستودووەم، ساڵی ١٩٩٠ لاپەڕە (٢٤١) لەژێر ناوی شوکری فەزلی و چەند تێبینییەکی مێژوویی)دا دەڵێت "کەس لاریی لەوە نییە کە ڕژێمەکەی شێخ مەحموود لە کەموکورتی بێبەش نەبووە. بەڵام ئەو کەموکورتییانە نە هۆی ڕاسەقینەیە، نە هۆی سەرەکیی کەوتنی ڕژێمەکەی نەبوون. ئەو کەموکورتییانەش لە ئارادا نەبوونایە، ڕژێمەکەی شێخ مەحموود هەر دەبوو بکەوێ، چونکە مانی بەو شێوازە خۆی و کورد دەیانویست، بۆ ئینگلیز دەستی نەئەدا، ئینگلیز بۆ ئەوە شێخ مەحموودیان هێنایەوە کە ببێتە داردەستیان بۆ بەر هەڵستکردنی کەمالییەکان و دابینکردنی باری شێواوی کوردستان، ئەوانەش بۆ خۆیان مەرجی پێویست بوون بۆ ئەوەی ویلایەتی موسڵی بێئەندازە لە هەموو ڕوویەکەوە بایەخدار لە ناو خاکی عێراقدا و بە دەست ئینگلیز بمێنێتەوە." باشە ئێستا چی بڵێن؟ کە لەم چەرخەدا و بەگوێرەی ئامارێک کە دەستکەوت، پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە کوردستاندا نزیکەی (١١,٥٠٠) خاوەن بڕوانامەی دبلۆم و (١٢٠٠) خاوەن بەکالوریوس لە زانستە جۆراوجۆرەکان و نزیکەی (٤٠٠) ماجستێر و (١٨٠) دکتۆرا هەن، کوا دەوریان لە دروستکردنی قەوارەی سیاسیی میللەتەکەیاندا؟ کوا دەوری ڕۆشنبیر و خوێندەوار لە بەربەستکردنی شەڕی نەگریسی ناوخۆ؟ کوا ڕۆڵیان لە دروستکردنی ڕای گشتی و سەپاندنی ئیرادەی میللەت بەسەر لایەنەکانی شەڕی ناوخودا؟ وەک ئاشکرا بووە، لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی میللەتەکەماندا هۆی سەرەکیی لەناوبردنی ئەو شۆڕش و قەوارە سیاسییانەی ڕابوردوو فاکتەری دەرەکی بوون. بەڵام ئێستا فاکتەرە دەرەکییەکە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمانەوە تا ئێستا کە نزیکەی (٧) ساڵە، لە بەرژەوەندیی میللەتەکەمان بەرهەڵستیی داگیرکەری کردووە کە بێتەوە کوردستان، بەڵام ئەم جارە فاکتەری ناوخۆ بووەتە مۆرانە و کرمەڕێز بۆ لەناوبردنی ئەزموونەکەمان کە بە خوێنی هەزارەها شەهید هاتووەتە دی..

دەبێ هەموو خوێندەوار و ڕۆشنبیران بە ڕاشکاوی و بەبێ ترس و سڵەمینەوە ویژدانی خۆمان بکەین بە سەنگی مەحەک. دوژمنانی ئەزموونەکەمان دەستنیشان بکەین، شوێنی جەهالەت نەکەوین، بە ڕەش بڵێین ڕەش و بە سپی بڵێین سپی. تاوەکو لەم تاریکی و شەوەزەنگە دەرباز ببین کە بە هۆی شەڕ و ئاشووبی ناوخۆوە ڕووی کردووەتە چارەنووسی میللەتەکەمان. با لە بەرچاومان بێت و بە کردەوە بیسەلمێنین شیعرە پیرۆزەکەی شوکری فەزڵی کە بۆ شێخ مەحموودی قارەمانی نووسیبوو لە گەڕانەوەیدا لە هیندستان و لە بەغدا پێشکەشی کردووە کە بریتییە لە ڕاوێژکارێکی سیاسیی ئێجگار گەورە و دەڵێت:

ئیش کە ئەمڕۆ ڕووی لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی
فکری وردیشی ئەوێ هەر بە دوعا و نوێژی نەکەی
گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بەبادا لە کنت
چاکە هەر لێی خوڕی سەیری دەم و کاوێژی نەکەی
سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لەدڵدا هەیە سارێژی نەکەی...

جا با هەموومان بەیەکەوە هەوڵ بدەین ئەو ئەزموونەمان لەم گێژاوە دەربێنین تاوەکو بەر نەعلەتی مێژوو نەکەوین.

# بەشی پێنجەم
# من و دکتۆر حەفید و ئۆزدەمیر و کورد[1]

**(ئەم نووسینە وەڵامێکە بۆ بابەتەکەی دکتۆر صلاح الدین حەفید)**

دوای نائومێدبوونم لە سەفەرێکی دوورودرێژ، ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە پێشتر لە ڕێگەی کاک (ڕەوف بێگەرد)ەوە دابوومە گۆڤاری (پەیڤین) لەژێر ناوی (ئۆزدەمیرو کورد)دا، لە بەشی کوردۆلۆژیی گۆڤارەکەدا بڵاو کرایەوە. بەڵام تا بڵێی بابەتەکە هەڵەی چاپی زۆر بوو و لە هەندێک شوێندا وای لێ هاتبوو، ناهەقی برادەرانی گۆڤارێکی گاڵتەئامێزی وەک (سیخورمە) ناگرم کە بە عادەتی خۆیان پلار و (سیخورمە)ی خۆیان لە خۆم و بابەتەکەشم گرتبێ، دەستیان خۆش، تەنانەت کاک (عەلی کەریم)یش لە گۆشەی (ڕەنگاڵە)ی ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)دا ڕوونکردنەوەیەکی دابوو کە گوایە ئەوانەی لە نووسینەکەدا ڕوویان داوە، هەڵەی چاپ بوون. هەر کە ژمارە (٢) بڵاو کرایەوە، بەڕێز کاک (محەمەد موکری)ی سەرنووسەری گۆڤاری ( پەیڤین)، ماڵی ئاوابێت، لەژێر ناوی (پەیڤێک)دا زیاتر ئەم لایەنەی ڕوون کردبووەوە و نووسیبووی: "لە ژمارە یەکدا فۆنتی حەرفە عەرەبی و کوردییەکان تێکەڵ بوون و لێکۆڵینەوەکەی بەڕێز ئەحمەد باوەڕی شێواندبوو، ئەمە خەتای کۆمپیوتەری بێزمان نەبوو، خەتای خۆمان و تەمەڵی و سیقەی زیاد لە

---

[1] پێشتر ئەم نووسینەمان لە گۆڤاری (مرۆڤایەتی)، ژمارە (٥)ی ئابی (١٩٩٨)دا بڵاو کراوەتەوە.

پێویستی خۆمان بە کەسانێک بوو، کە دەبوو ورد بین. ئێمە (سوپاسی) کۆمپیوتەری بێزمان دەکەین کە بەبێ گوتە و نووسین و تەوس فێری کردین کە داوای لێبوردن لە کاک ئەحمەد باوەڕ بکەین." لەمەدا سەرنووسەری بەڕێز شتێکی ئەوتۆی بۆ من نەهێشتووەتەوە و ڕوونکردنەوەیەکی وردی لەبارەوە نووسیوە، هەرچەندە نووسینەکە هەقی ئەوەشی هەبوو بۆ جاری دووەم لێ بدرێتەوە و لە ژمارە (٢)دا بڵاو بکرێتەوە. بەهەرحاڵ، ئەوە بوو نووسینەکە بەو شێوەیە بڵاو کرایەوە کە لە گۆڤاری (پەیڤین)ی ژمارە (١)دا بەرچاو دەکەوێت. هەر کە گەڕامەوە و بۆ جارێکی تر (ئۆزدەمیر و کورد)م بە تەواوی و بە وردی لە گۆڤارەکەدا خوێندەوە، زۆر بە ڕوونی هەستم بەوە کرد کە هەڵەیەکی گەورەم بەسەردا تێپەڕیوە و بووەتە ماڵ بەسەرمەوە. ئەوەش سەبارەت بە دامەزراندنی حکومەتی یەکەمی شێخ مەحموود (١٩١٨/١١/١-١٩١٩/٦/١٨) بووە. بۆ چارەسەری ئەمەش، بیرم لەوە کردەوە ئەبێ شتێکی سەرپێیی بکەم و پێشوەخت ڕوونکردنەوەیەکی -کاتی- لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بکەمەوە تا ئەو کاتەی لە ئاییندەدا لێکۆڵینەوەکە دەوڵەمەندتر دەکەم و بە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆ بڵاوی دەکەمەوە. ئەوە بوو ڕوونکردنەوەیەکی کورتم (تەنها) لە دوو لاپەڕەی فولسکاب و چەند دێڕێکدا نووسییەوە و ناردم بۆ بەڕێز جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، لەگەڵیشیدا نامەیەکم بۆ نووسیبوو و داوایەکی برایانەم لێ کردبوو ئەم ڕوونکردنەوەیەم لەژێر ناوی (ڕوونکردنەوەیەکی درەنگوەختە لەبارەی ئۆزدەمیر و کورد)ەوە بۆ بڵاو بکاتەوە. دوای ئەوەی چەند ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دەرچوو، بڵاو نەکرایەوە. دوایی برادەرێکی خۆم لەو کاتەدا سەفەرێکی بۆ سلێمانی کرد و تکام لێ کرد سەردانێکی کاک دڵشاد بکات. سڵاومی پێ بگەیەنێ و دووبارە بیری بخاتەوە، کە زۆر زەرووره ئەو ڕوونکردنەوەیەم بۆ بڵاو بکاتەوە، ئەوە بوو هەر بڵاو نەکرایەوە. ناچار خۆم ئەو ڕێگە دوورەم بڕی و چوومە لای و سێبارە پێم وتەوە ڕوونکردنەکەم بۆ بڵاو بکاتەوە، ئەوە بوو بۆی نەکردم، منیش هیچ دەرفەتێکم بە دەستەوە نەما، بە ناچاری چاوەڕوانی دەرچوونی ژمارە (٢)ی گۆڤارەکەم کرد. لەبەر ئەوە کاتی دەرچوونی نزیک بووەوە. هەرچەندە

باسیشیان بۆ کردبووم بەوەی کاک دکتۆر صلاح الدین حەفید نووسینێکی لەسەر (ئۆزدەمیر و کورد) نووسیوە. ماڵی ئاوا و بۆ ئەمەیان خزمەتی کردووم. دوای بڵاوبوونەوەش کە نووسینەکەی دکتۆرم خوێندەوە، بە حەقیقەت منیش لای خۆمەوە کۆمەڵێک سەرنجم لا گەڵاڵە بوو. هەندێکیان شایستەی ئەوەن دووبارە شتیان لەبارەوە بوترێ و هیی واشیان هەیە زۆر پێویست بەوە ناکات جارێکی تر بە تانوپۆیاندا بچمەوە و لەسەریان بدوێم. بەڵام لێرەدا ئەوە هەیە کە بوترێت نووسینی مێژوو یا لێکۆڵینەوە و تەتەڵەکردنی بابەتی مێژوویی پێویستی بەوە هەیە ئینسان بە ڕۆحیەتێکی بابەتییانەوە، بە تەرازووی ویژدان و بە لەبەرچاوگرتنی کرۆنۆلۆجیا و بە وردبینییەکی پاکەوە لە ڕووداوەکان بڕوانێ و بڕیاریان لەسەر بدات. بە داخەوە، نەک پەنابردنەبەر (تۆمەت و سووکایەتیکردن) وەک کاک دکتۆر باسی کردووە. چونکە بە ڕاستی مێژوو بریتی نییە لە جوینەوەی هەندێ ڕا و بۆچوونی ئەوتۆ کە ئێمەمانان بە چاوی سۆز و (عطف)ەوە سەیریان بکەین و بڕیاریان لەسەر بدەین، بەڵکو هەر ڕووداوێکی مێژوویی، یا هەر بەڵگەنامە و دوکیۆمێنتێکی مێژوویی ئەبێ بە بۆچوون و لێوردبوونەوەیەکی واوە بخوێنرێتەوە، ڕاستییەکان بە سلبی و ئیجابییەوە بخرێتە بەرچاو، مێژوونووس بگەیەنێتە قەناعەتێکی ئەوتۆ، بەبێ گرێوگۆڵ، ڕاست و ڕەوان حوکمی خۆی بدا و بنووسێت: ئەو حەقیقەتە بەپێی فلان بەڵگەنامە، لە فلان سەرچاوە، فلان لاپەڕە یان فلان لێکۆڵینەوەی مەیدانییەوە گەڵاڵە کراوە. خۆ ئەگەر مێژوو لەسەر ئەو بنەمایە و بەو ڕاڕەوەدا نەڕوات، ئەوە تەنها پێکهاتەیەکی ڕووتە و بە هیچ جۆرێک دەست و قەڵەممان ناخاتە سەر خاڵی مەبەست. سەرەڕای ئەوەش، هیچ کەسێک لە توانایدا نییە تا دواترۆپک و دواوێستگە فێڵ لە مێژوو بکات و بە شانوباڵی ئەم و ئەودا هەڵبڵێ. مێژوو خۆی لە خۆیدا بریتییە لە گەڕان و هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕانەی کە تا ئێستا هیچیان لەبارەوە نەوتراوە و یەک نەخراوە، وەک لە زانای گەورە دکتۆر کەمال مەزهەرم بیستووە: "هیچ کەسێک نییە بتوانێت خۆی لە مێژوو بزر بکات." پێم باشە لەمە زیاتر نەڕۆم و بێمەوە سەر وەڵامەکەی کاک دکتۆر کە بۆ خۆی یەکەم کەسە لە لیستی ناوەکانی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و وەڵامەکەی لە ژمارە (٢) لاپەڕە

(١-٧)دا بڵاوی کردووەتەوە و سەرەتا وتوویەتی: "ئەم باسە لە ناو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پەیڤین)دا درابوو بە دوو کەس لەو دەستەیە بیخوێننەوە و هەڵیبسەنگێنن. ئەو دوو کەسە تێبینیی خۆیان دەستنیشان کردبوو، بە داخەوە ئەو تێبینییانە نەخرایە بەردەم دەستەی نووسەران." لەمەدا من بە تەواوی لەگەڵ ڕاکەی دکتۆردا نیم. چونکە دەبوو ئەو نووسینە بە لای کەمەوە بۆ گۆڤارێکی وەک (پەیڤین) چوار کەس ئیمزای لەسەر بکردایە و (ئەم قسەیەشم زیاتر لە بەرژەوەندیی کاک دکتۆر حەفیدە. نووسەر.) ئەوجا بۆ دوابڕیار بخرایەتە بەردەم دەستەی نووسەران کە دوازدە کەس بوون، واتە دەبوو بە لای کەوە لە سێ بەشی بەشێکیان ئەوەیان کردبایە. بە تایبەتی ئەوانەی کە بە تەواوی پسپۆڕ بوون لەو بوارەدا، واتە مێژوو. خۆ ئەگەر هەر سەرنجێکی پێویستیان هەبا، دەبوایە ئەوانیش سەرنووسەر ئاگادار بکەنەوە تا ئەو نووسینە بدرێتەوە خاوەنی بۆ چاککردنەوەی هەر تێبینی و هەر سەرنجێک کە پێشتر دابێتیان. ئەمەش پێم وایێ سەبارەت بە هەموو گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەیی - زانستی کارێکی بەجێیە و مصداقیەتی گۆڤارەکە بەهێزتر دەکات.

جگە لەمانە، کاتێک باس دێتە سەر بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، نووسەر وای باس کردووە چەند کەسێکی وەک دکتۆر وەلید حەمدی و دکتۆر کەمال مەزهەر و... بایەخیان بەم لایەنە داوە، بەڵام بە هەڵە ناوی دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کە حاڵی حازر مامۆستایە لە (کۆلیژی ئاداب، بەشی مێژوو، زانکۆی سەلاحەددین، کردووە بە ئەحمەد عەلی عوسمان. تا ئێستا ناوێکی لەو بابەتەم بەرچاو نەکەوتووە. ناوی کتێبەکەی (ولید حمدی) واتە (الکرد و کردستان في الوثائق البریطانیة) کە من بۆ خۆم (نوسخە)یەکی کۆپیکراوی ئەو کتێبەم لایە، دکتۆر حەفید کردوویەتی بە (مەسەلەی کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا). بە ڕاستی نەدەبوو ئەو هەڵەی بەسەردا بڕوا، چەنکە مامۆستا محەمەد نووری تۆفیق هەر لە گۆڤاری (پەیڤین) خۆیدا خەریکی وەرگێڕانیەتی. جگە لەوانەی سەرەوە، وتوویەتی "هەروەها بەڕێز محەمەد ڕەسوڵ هاوار کە ئێستا نیشتەجێی لەندەنە، پاش کۆکردنەوە و تێبینیکردنی ئەو بەڵگەنامانە کتێبێکی بەنرخی لە دووبەرگدا بڵاو کردووەتەوە".

وەکو ئەوەی ئاگادارم بکاتەوە و من ئەمانەم نەدیبێ. لە ڕاستیدا ئەوەی ڕەسوڵ هاوار هەر لە کاتی خۆی و ساڵی (١٩٩٣) خوێندوومەتەوە و تەنانەت لە کاری نووسین و لێکۆڵینەوەشدا ئیشم پێ کردووە، بۆ دروستیی ئەمەش دەتوانی سەرنج بدەی لە (ئەحمەد باوەر، شەڕی ئاوباریک و ستراتیجیەتی بەریتانیای گەورە لە کوردستان، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٢) خولی ڕاپەڕین، ١٩٩٤، ل ٩-١٧.) لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە مامۆستا هاوار کارێکی دانسقەی کردووە سەبارەت بە شێخ مەحموود و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی باشووری کوردستان، بەڵام گەلێک بۆچوون و تێبینیی وردم لەسەر ئەو کتێبە هەیە کە ناکرێت لێرەدا لەسەریان بدوێم، تەنانەت بۆ مەسەلەی (شەڕی ئاوباریک)یش تەنها سوودم لەو چاوپێکەوتنانەی نووسەر وەرگرتووە کە لەگەڵ شێخ بابا عەلی کوڕی شێخ مەحمووددا کردوونی. چونکە بە ڕاستی زۆر لایەنی وا هەن لەو کتێبەدا بە تەواوی ناچنە خانەی مێژووەوە. سەرەڕای فرەبابەتی و دەوڵەمەندی لە بواری تردا. کاک دکتۆر لە تێبینیی یەکەمیدا باشی بۆ چووە و بابەتەکە خۆشی زۆر بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت و بەوەی کە وتوومە: "لە ٢٣ی مایسی ١٩١٩ مەحموود خانی دزڵی بە مەبەستی زیارەتکردنی مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ هاتووەتە شاری سلێمانی و ئازادی کردووە و یەکەم حکومەتی شێخ مەحموود دامەزراوە." هەرچەندە مێژووی ئەم هاتنە و مەبەستی هاتنی مەحموود خانی دزڵی بۆ یارمەتیی شێخ مەحموود ڕووداوێکی ڕاستە، بەڵام هەر ئەوە هەیە کە بۆ مەسەلەی دامەزراندنی حکومەت نەبووە. حکومەت پێشتر دامەزراوە، بەڵکو بۆ دژایەتی و هەڵوەشانەوەی پیلانی ئینگلیز بووە بەرامبەر بە شێخ مەحموود (بڕوانە: خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، ئا: جەلال تەقی، بەغدا، ١٩٧٠، ل ٢٨). لە ڕاستیدا هەموو گلەیی و گازندەیەکی من تەنها لەسەر ئەم مەسەلەیە بووە و کە دەمویست ڕوونکردنەوەیەک لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاو بکەمەوە، وەک ئەوەی پێشتر وتمان: کاتی دەرچوونی (گۆڤاری پەیڤین) زروفێکی زۆر تایبەتم هەبوو، لێرە نەبووم، بۆیە لە کاتی خۆیدا ئەو ڕوونکردنەوەیەم پێ نەکرا و دواییش ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاویان نەکردەوە. تێکچوون و پاشوپێشکەوتنی نووسینەکەی من بە تایبەتی لەو

ڕەشنووسەی کە لای خۆمە، ئەو هەڵەیەی پێ کردووم. دیارە ئەوەشیان لەو کاتەدا بووە، من جارێکی تر (ڕەشنووس)ەکەم بۆ نوسخەی دووەم نووسیوەتەوە. بێ ئەوەی سەرنجێکی وردم دابێ و بە وردی بەراوردم کردبێت، یەک لاپەڕەی تەواوم لە بیر کردووە و نووسینەکەم داوە بە گۆڤاری (پەیڤین) و ئەو کەلێنەی خستووەتە نووسینەکەمەوە. هەق واشە کاک دکتۆر ئەوەم وا لەسەر حیساب نەکات کە گوایە من ئاگاداری ئەوە نیم، چۆن یەکەمین حکومەتی شێخ مەحموود (١ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ -١٨ حوزەیرانی ١٩١٩) دامەزراوە و کەی کۆتایی هاتووە. بۆ ڕاستیی ئەم مەسەلەیە و لە دەستنووەکەی لای خۆمدا دەقاودەق پشتم بە (یاداشت)ی مامۆستا ڕەفیق حیلمی، بەرگی یەکەم، لاپەرەکانی (٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١) بەستووە. دواییش بۆ مەسەلەی حوکمداریەتەکەی، مامۆستا ڕەفیق حیلمی وتوویەتی: "خۆم، نووسەری ئەم یاداشتە، لەگەڵ ئەحمەد ئاغای کەرکوکی زادە لەم بەیعەتەدا حازر بووین." وەک دواتر و بۆ وەڵامی تر دێمە سەری، چونکە ئەمە بوارێکە دەیان جار بابەتم لەسەر نووسیوە و لەسەر بڵاو کردووەتەوە، بە تایبەتی شێخ مەحموود تەنانەت لە پەراوێزەکانیشدا بۆ (ئۆزدەمیر و کورد) چەندین جار ئاماژەم بۆ (یاداشت) کردووە. دەبوایە دکتۆر لەوانەوە تۆزێک گومانی لا دروست بوایە (بڕوانە، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (١)، لاپەڕەکانی ٣٥، ٣٦، ٣٧. نووسەر.) بۆ حەقیقەتی ئەم بۆچوونەشم هیچ گومانی تیادا نییە. لە نووسینی دیکەشمدا لە هەمان بوار دواوم و بە دوورودرێژی باسی شێخ مەحموودم کردووە و سوودم لە (یاداشت و ئەحمەد تەقی و شێخ مەحموودی قارەمان)ی مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار وەرگرتووە و وەک سەرچاوە بەکارم هێناون، بۆ ئەمانەش، ئەوە بڕوانە: (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٤٦٩) ساڵی ١٩٩٣، یان ژمارە (٤٨٠)، ١٩٩٣/٩/٦، لێکۆڵینەوەیەک بە دوو (ئەڵقە) لەژێر ناونیشانی: (دیبلۆماسیەت و دیبلۆماسیەتی کورد لە سەدەی بیستدا)، یان بڕوانە گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە (١٢) شەڕی ئاوباریک و... لاپەڕەی ٩- ١٧). هەروەها لەو کتێبەشمدا کە لەسەر (کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ساڵانی ئینتدابی بەریتانیادا) بڵاوم کردووەتەوە، بە وردی ئاماژەم بۆ ئەو سەرچاوانە کردووە و خوێندوومنەتەوە، خۆ ئەگەر مەسەلەیەکی لەم

بابەتەشم بەسەردا تێپەڕیوە و ئاگاداری نەبووم، بە قەستی ئەوەم نەکردووە و مەسەلەکە نەزانینیش نەبووە.

بەهەرحاڵ، ئەو سەرنجەی دوکتۆر وای لێ کردووم زیاتر وردەکار و پشوودرێژ بم بۆ یەکلاییکردنەوەی هەر بابەتێک کە بمەوێت لە ئاییندەدا لەسەری بنووسم. سەبارەت بەوەی کە گوایە من وتبێتم "مەسەلەی حوکمداریەت زیاتر مۆرک و سیمایەکی خێڵکی بووە"، دیارە بۆچوونێکی وا عادەتێک نەبووە تەنها شێخ مەحموود ئەوەی کردبێ، بەڵکو ئەم دیاردەیە لەو ڕۆژگارەدا و (ئێستاش)ی لەگەڵدا بێ، لای خۆمان و لە زۆر وڵاتی تریشدا پەیڕەو دەکرێ، بە تایبەتی ئەوانەی -بە زۆری- لەسەر بنەما و سیستەمی مەلیکی دەڕۆن. ئەوە کوێت، عەرەبستانی سعودی کوێ و کوێ... (هەڵبەت ئەم بۆچوونە ئەو وڵاتانە ناگرێتەوە کە ئەو سیستمە پەیڕەو دەکەن، بەڵام لە ڕووی پێشکەوتن و ژیارییەوە قۆناغی خۆیان بڕیوە.) هەر لەخۆڕاش نەبووە یەکێکی وەک شێخ مەحموود سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک لە ڕووناکبیران و خوێندەوارانی ئەو ڕۆژگارەی لە دەوری کاروباری حکومەتەکەی کۆ کردووەتەوە، (وتوومە) خزمان و کەسوکاری خۆیشی لەو لایەنەوە بێبەش نەکردووە، لەم بارەیەشەوە مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە بەرگی یەکەمی یاداشتەکانی خۆیدا و لە لاپەڕە (٦٢)یدا دەڵێت: "پاش ئەوەی شێخ مەحموود کرا بە متصرف و حاجی سید حسنی مامی دووەمی بووە حاکم وەیا ڕەئیس شەرع، شێخ قادری براشی بوو بە سەرداری لەشکر، سەید علی -بسم الله- ش بێبەش نەکرابوو و بوو بە قۆمیسەر، بەم جۆرە بەشی زۆری خزم و کەس وکاری حوکمدار و دەستەودائرەی شێخان هەریەکە بە جۆرێک و بەپێی حاڵ، کارێک و مەواجیبێکیان بۆ ڕێکخرا." پێم وایە قسەی ڕەفیق حیلمی بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی وا، کە لەو ڕۆژگارەدا و لەو ڕێوڕەسمەدا ئامادە بووە، ناکرێت وەک هەڵە گومانی لێ بکرێت، لە هەمان کاتدا کەسایەتییەکی نزیکیش بووە لە شێخ مەحموود خۆیەوە، هەرچەندە دیاردە و لێکدانەوەی لەو بابەتە قەت لە گەورەیی خەبات و ئاوارەیی و چوونەبەر سێدارە و دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی (هەنجام-ئەندامان)ی وڵاتی هیندستانی شێخ مەحموود کەم ناکەنەوە.

له مەسەلەی (یامولْکی و عیرفان و پیرەمێرد)دا دکتۆر وای لێ کردم ئەمەیان لە توێی نانێکی گەرمدا بهێڵمەوە بۆ کاتیکی تر و لە باسێکی سەربەخۆدا لە بنەماکانی ئەم ڕووداوانە دەکۆڵمەوە، لەم کاتەدا لەوە زیاتر نالْێم کە پێشتر وتوومە؟

بۆ ئەو هەموو ناو و نازناوەی کە شێخ مەحموود هەیبوون، وەک (سەرۆکی ئەنجومەنی میللی)، (حوکمداری کوردستان) و (مەلیکی کوردستان) و... نازانم چی و...؟ ئەمانە بە ڕای من دەلالەتیان لە ئاوات و ئومێدی شێخ مەحموود کردووە بە ئاییندەی کوردستان سەرەڕای (شۆرەت و ناوبانگ) بۆ خۆی، چونکە هەموو دەسەڵاتدارێک تا سنووری قەڵەمڕەوەکەی زیادی کردبێ و بەرفراوان بووبێت، ئەویش بەپێی ئەوە ناوەکەی خۆی گۆڕیوە و هەر جارە و بە شێوەیەک ئەوەی دەستنیشان کردووە. بۆ نموونە، عوسمانییەکان (١٢٩٩–١٩٢٢) لە سەرەتادا میرنشینێکی بچووک بوون، کەچی تا بە تەواوی دەسەڵاتیان فراوان نەبوو، هەرێمێکی گەورەیان نەخستە ژێر کێفی خۆیانەوە، ناوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان لە خۆیان نەنا. بەریتانیاش بۆ هەر ماوەیەک ناوێکی تایبەتی هەبووە، وەک (بەریتانیا)، (بەریتانیای گەورە)، (شانشینی یەکگرتوو) یا (المملكة المتحدة). لە ماوەیەکیشدا بە هۆی داگیرکارییانەوە هێندە دەسەڵاتیان سنووری بەزاندووە، پێیان وتووە: (الامبراطورية التي لاتغيب عنها الشمس.) واتە ئەو ئیمپراتۆریەتەی خۆری لێ ئاوانابێت. نموونەی تریش لەم بارەیەوە ئێجگار زۆرن. خۆ ئەگەر بۆ کەسایەتییەکانیش (اشخاص) بڕۆین، ئەوە لە عێراقی کۆن و میسری کۆن و وڵاتانی تریشدا، بەگوێرەی دەسەڵات و سنووربەزاندنیان و بەرفراوانبوونیان، نازناوەکانیان گۆڕیوە، بۆ نموونە: مەلیکی ئەکەدییەکان (نەرام سین)ی کوڕی مەلیکی ئەکەدیی ناسراو (سەرجۆنی ئەکەدی) بە خۆیی وتووە: (ملك الجهات الاربعة) یان هیی واشیان هەبووە لەبەر لاوازیی دەسەڵاتی تەنها بە مەلیکی (ئەکەد و سۆمەر) یان هەر (ئەکەد)ی شورەت و ناوبانگی ڕۆیشتووە، هەروەها لە سەدە ناوەنجییەکانی ئەورووپاشدا (٤٧٦–١٤٥٣)، لە وڵاتێکی وەک فەڕەنسادا دەیان جار ئەم نازناوانە دووبارە و سێبارە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، وەک (فيليب الثالث) یان (فيليب الجريء) یان (فيليب الرابع) یان (الوسيم)، بڕوانە: (الدكتور سعيد

عبدالفتاح عاشور، ئأريخ اوربا فى العصور الوسطى، ص ٢٣٤-٢٣٥). له سەردەمی میرنشینی سۆرانیشدا یەکێکی وەک میر محەمەد پاشای ڕەواندز له سالّی ١٨٢٦ بەدواوە که بانگی سەربەخۆیی بلاّو کردەوە و له دەولّەتی عوسمانی یاخی بوو، ناوی خۆی گۆڕی بۆ (میری سەرکەوتوو) واته (الامیر المنصور)، بڕوانه: (میرنیشینی سۆران و پەیوەندیی نێوان هەردوو محەمەد پاشای کورد، گۆڤاری کاروان، ژماره (٨) خولی ڕاپەڕین، ل ٨). خۆزگه کاك دکتۆر تا ئێره لەم بارەیەوە قەناعەتی کردبێ، کەسایەتییەکی وەک (شێخ مەحموود)یش کاتێ به (ڕئیس مجلس میللی) ناو براوە، سنووری دەسەلاّتەکەی هێندە نەڕۆیشتووە وەک ئەوەی له ماوەیەکدا به (حوکمداری کوردستان) یان (مەلیکی کوردستان) ناو براوە. ئەمانەش بۆ خۆیان دەلالەت له مەسەلەی شۆرەت و ناوبانگ و ناسینی ئەو کەسایەتییانه دەکەن وەک دەسەلاّت که بەو شێوەیه ناو دەبرێ، نەک بەو سیفەتەی بەدوای ناو و نازناوێکی وادا بگەڕێ که ولاّت و میللەتەکەی فەرامۆش بکات، وەک ئەوەی کاک دکتۆر بۆی چووە و لێکی داوەتەوە.

سەبارەت به کاری دیبلۆماسیی شێخ مەحموودیش، ئەوە مەسەلەیەکە و چەندوچوونێکی ئەوتۆی لەسەر ناکرێ، چونکه شێخ مەحموودی حەفید نەیویستووە تەنها له ڕێگەی شۆڕش و خەباتی چەکدارییەوە داکۆکی له گەلی کورد و ولاّتی کوردستان بکات، بەلّکو زۆر جار پەنای بۆ ئەم لایەنە بردووە و توانای خۆی بۆ خستووەتە گەڕ، لەوانەش ئەو گەلاّلّەنامەیەی که بۆ بەردەم کۆنگرەی ئاشتیی ١٩١٩ نووسیوە و به هەردوو کەسایەتیی کوردی وەک: سەید ئەحمەدی بەرزنجی (١٨٨٨-١٩٦٦) و ڕەشید زەکی کابان (١٨٧٨-١٩٤٠)دا ناردوویەتی بۆ شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای خەندان، بەلاّم ئەمانه له ولاّتی شام ڕێگەی چوونه پاریسیان نەدرا و له شاری (حەلەب) مانەوە، بەبێ ئەوەی ڕێگەیان بدرێت گەلاّلّەنامەکە به شوێنی مەبەست بگەیەنن. یان ئەو نامانەی تر که بۆ دەسەلاّتدارانی تورک و ئینگلیز و یەکێتیی شورەویی ئەوسای ناردووە. لێرەدا کاک دکتۆر له لاپەڕە (٦) و بەپێی کتێبەکەی مامۆستا ڕەسولّ هاوار ئاماژە به نامەیەک دەکات که گوایه شێخ مەحموودی حەفید کاتی خۆی نامەی بۆ ڕابەری شۆڕشی ئوکتۆبەری مەزن و

کەسایەتییەکی وەک (لینین) ناردبێت و داوای یارمەتی و دەستگیرۆیی لێ کردبێت. بەڵام سەیر دەکەی شێوازی داواکردنەکەیان (تا ڕادەیەک گومانمان لا دروست دەکات وەک ئەوەی بەڕێزتان وەک نموونەیەک هێناوتانەوە، کە شێخ مەحموود: (داوای تۆپ و فڕۆکە)ی لە یەکێتیی شۆرەوی کردووە). باشە شێخ مەحموود لەو کاتەدا و لەو هەلومەرجەی باشووری کوردستاندا دەبێ کەرەستەیەکی جەنگی وەک (فڕۆکە)ی بۆچی بووبێ و لە کام بنکە و لە لایەن کام فڕۆکەوانی ئەو کاتەی (دەڵێم: ئەو کاتەی) کوردستانەوە بەکاری دەهێنا. ئەمەش ڕوون دەکەمەوە و مەبەستم ئەوەیە توێژەر لە بەکارهێنانی سەرچاوە و بۆچوونە جۆربەجۆرەکاندا، تۆزێک وردەکار و وردبین بێ باشە. بۆ خۆم، جگە لەمانە شتێکی ئەوتۆ لە نووسینەکەی کاک دکتۆر حەفیددا نابینم کە قابیلی تەتەڵەکردن و وەڵامدانەوە بێ، هەر شتێکش کە لەبارەی (ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دەوری ڕۆشنبیران)ەوە باس دەکات، ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان بە (ئۆزدەمیر و کورد) و باسەکەی ئێمەوە نییە؟! لەبەر ئەوەی من وەک بابەتێکی مێژوویی باسی ماوەیەکی دیاریکراوم کردووە و بەو پێوانە و کێشانەی ئەمرۆ کە ئێوە دەتانەوێت، لێک نادرێتەوە. خۆ ئەگەر پێویست بکات لەم لایەنە بدوێیین و باسی هەڵوێست و دەوری ڕووناکبیرانی کورد لە گۆڕانکارییەکی سەردەمدا بکەین، ئەوا من (تەنها) ئەو قسانەی چیرۆکنووس و ڕووناکبیرێکی ناسراوی وەک کاک (شێرزاد حەسەن) دەکەمە پێوەر و دکتۆر واتەنی (سەنگی مەحەک...پەیڤین، ژمارە (٢)، ل٧) کە لە بەردەم کۆنفرانسی نووسەرانی جیهانی وڵاتی (فینلاند) لە ١٩٩٧/٦/٨دا، خوێندوویەتییەوە لەژێر ناونیشانی (وەڵامێکی تازە بۆ پرسیارێکی کۆن). فەرموون، ئەوە کورد و ئەوە حاڵی کورد و حاڵی ڕووناکبیرانی کورد، ئەوە شەڕی داسەپاوی ناوخۆی ناڕەوای کورد، ئەوە ئەو (جەنگەڵستانەی کە پڕە لە دڕندە)، ئەوە (ئەو ڕووبارەی کە بە نێو جەرگەی دۆزەخدا تێدەپەڕێت) و شێرزاد حەسەن زیرەکانە بە ناخیدا ڕۆچووە و تەعبیریان لێ دەکات و بۆ نووسەران و ئەدیبان و ڕووناکبیرانی جیهان بە ڕاشکاوییەوە پەردەی لە ڕوویان هەڵماڵیوە، ئیدی هیچی دیکەش ناڵێم (بڕوانە: گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)، ژمارە (٣)، ل١٥٣–١٦٠) بێگومانیشم لەوەی کە ئەم ڕۆژگارە و دەیان کارەساتی (باش و

خراپ)ی ئەم ڕۆژگارە و بە ناشکوری ناڵێم؟! کەسانێک هەن لەم بارودۆخەدا هەر جارەی لاقێکیان لە شوێنێک و بۆ تەپڵی سوور و مۆر و... نازانم چۆنی ئەم و ئەو تۆز بکات. ئەی ئیتر چۆن ئێمەمانان داوای دەور و هەڵوێست لە ڕووناکبیرانێک بکەین کە بە چاوی پەراوێز و (ملحق)ەوە سەیر بکرێن و حەق و حیسابیان بۆ بکرێت، هەرچەندە هیچ کارەساتێکی لەم بابەتە وەکو (بمانەوێ) قەت ناتوانن خۆیان لە دادگا عەدالەتەکانی مێژوو بشارنەوە و مێژووش پێوەرێکە بە هیچ جۆرێک ڕەحم بە کەس ناکات و لە کەسیش نابوورێت. دووبارەش دەیڵێمەوە، گەر هاتبا و ئەو ڕوونکردنەوەیەی وەکو پێشتر وتم: لە کاتی خۆیدا بڵاویان بکردایەتەوە، ئەوا خۆم بەوەوە خەریک نەدەکرد کە وەڵامی بۆچوون و ڕەخنەی کەس بدەمەوە. ئومێد دەکەم لەم وەڵامەشمدا سەرچیغ نەچووبێتم و هەرچیم وتبێت و هەرچیم نووسیبێت، قەڵەمەکەم بە ناهەق کەس زامار نەکا.



## نووسەر لەچەند دێڕێکدا:

**ئەحمەد باوەڕ:**

- ساڵی (١٩٦٧) لە گوندی (غێدان)ی سەر بە شاری (خانەقین) لەدایک بووە.

- خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی و قۆناغی زانکۆی لە خانەقین و گەرمیان و شاری بەغدا تەواو کردووە.

- سەرەتا ماوەیەک بە مامۆستای ئامادەیی، سەر بە وەزارەتی پەروەردە (پەروەردەی سلێمانی) دامەزراوە.

- ساڵی (١٩٩٧) ڕاژەی مامۆستایی گواستووەتەوە سەر میلاکی (وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی، دەستەی خوێندنی تەکنیکی، سلێمانی) لە (پەیمانگەی تەکنیکیی کەلار) و مامۆستای بابەتی (کوردناسی) بووە.

- ساڵی (٢٠٠٦) لە خوێندنی باڵا (ماستەر) وەرگیراوە و لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٨)دا تەواوی کردووە، پاشان بووە بە: (مامۆستای یاریدەدەر) لە بواری مێژووی کوردی نوێ و هاوچەرخدا لە (زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی کەلار).

- بەسەر یەکەوە (٢٤) ساڵ خزمەتی هەیە و ئێستا سەرۆکی (بەشی مێژوو)ە لە (کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان).

- لە (٢٠١٣/٣/٢٥)ەوە نازناوی زانستیی لە (مامۆستای یاریدەدەرەوە) بووە بە (مامۆستا).

- لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستی بە نووسین و بڵاوکردنەوە کردووە و یەکەم بەرهەمی لە گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (١١٩)ی ساڵی (١٩٨٦)دا بڵاو کردووەتەوە.

- لێرە بەدواوە و تا ئەمڕۆ بە بەردەوامی لە زۆربەی زۆری وەرزانە و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عێراقی و وڵاتانی دەرەوەشدا سەدان بابەت و وتار و لێکۆڵینەوەی زانستیی لە بوارەکانی ئەدەب، مێژوو، ڕۆژنامەوانی و ڕووناکبیریی گشتیدا، بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو کردووەتەوە، تەنانەت لە بەشێکیاندا گۆشەی ڕۆژنامەوانیی تایبەتی هەبووە و بە ناو و نازناوەکانی وەک: (ئەحمەد محەمەد ناسر، ئەحمەد باوەڕ، ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ، غێدان، ئەحمەد گەرمیانی، حسێن، ناسر باوەڕ، چاودێرێک) نووسینی بڵاو کردووەتەوە. بەڵام لە سەروبەندی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردووردا کەسێک بە ناوی (م. باوەڕ)ەوە دەینووسی و بابەتی بڵاو دەکردەوە، بە هیچ جۆرێک و نە لە دوور و نە لە نزیکەوە نەمناسیوە و نەمزانیوە کێیە.

- بە زۆری ئەو گۆڤار و وەرزانە و ڕۆژنامانەی کە بابەت و نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستیی تیایاندا بڵاو کردبێتەوە لە ماوەی سی ساڵی ڕابوردوودا، بە زۆری بریتی بوون لە: (ڕۆژنامەی هاوکاری، پاشکۆی عێراق، گۆڤاری بەیان، گۆڤاری کاروان، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری ڕەنگین، کوردستانی نوێ، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، گۆڤاری ئاران، پشووی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی برایەتی، ڕۆژنامەی جەماوەر، گۆڤاری سۆشیالیست، ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ڕێگەی کوردستان، ڕێبازی ئازادی، ئاڵای ئازادی، باسەرە، بەرەو شار، چاودێر، گۆڤاری گیرفان، هەفتەنامەی خەڵک، ڕۆژنامەی ئاسۆ، گۆڤاری مەڵبەندی کوردی لەندەن، گۆڤاری پەیڤین، جريدة العراق، مجلة پيڤين العربی، جريدة الاتحاد، طريق الشعب، تۆژەر - الباحث، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، گۆڤاری کەلەپووری کورد، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، گۆڤاری کاروانی ڕاپەڕین، گۆڤاری ڕامان، گۆڤاری شیکار، گۆڤاری کۆچ، گۆڤاری واتە، گۆڤاری بانەڕۆژ، گۆڤاری کەرکوک، گۆڤاری نەوشەفەق، ژیانەوە، هزری نوێ، گۆڤاری مرۆڤایەتی، ئەمڕۆ، هەواڵ، گۆڤاری کازیوە، گۆڤاری بیری نوێ، هزر و هونەر... ماوەیەکیش لە هەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (ڕێگەی کوردستان)دا گۆشەی ڕۆژنامەوانیی هەفتانەی هەبووە.

**- سەرنووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارانە بووم:**

١- سەرنووسەری (گۆڤار تۆژەر)ی زانستی لە دەستەی خوێندنی تەکنیکی، پەیمانگەی تەکنیکیی کەلار.

٢- ئەندامی دەستەی نووسەرانی (گۆڤاری کەرکوک).

٣- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (هەشتاوهەشت)ی تایبەت بە پرسی ئەنفال.

٤- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بانەڕۆژ).

**- ئەندام یان لە دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە بووم:**

١- یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک.

٢- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ.

٣- ئەندامی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد - سلێمانی.

٤ - ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕووناکبیریی کۆمەڵایەتی کەرکوک.

٥- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەنتەری دیالۆگی کورد.

٦- ئەندامی سەنتەری لیکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان - سلێمانی.

**- بەرهەمە چاپکراوەکانم وەک کتێب:**

١- کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لە ساڵانی ئینتدابی بەریتانیادا ١٩٢٠-١٩٣٢، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ١٩٩٨).

٢- ئۆزدەمیر و کورد، کورتەیەک لە مێژووی ململانێی بەریتانیا و تورک لە باشووری کوردستاندا، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٠).

٣- جوولەکەکانی کوردستان، داب و نەریتیان، هۆی کۆچکردنیان، وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٠).

٤- شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین و دەنگی ڕەسەنی شیعر ١٩٥٥-١٩٧٩، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٠).

٥- گوڵە پەپوولەییەکانی کەناری سیروان، لە بڵاوکراوەکانی لانەی منداڵانی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٠).

٦- چارەنووسی گەلی کورد لە کۆنگرە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٣).

٧- شاعیری شەهید محەمەد پەژار ١٩٥٤-١٩٩١، دەزگای چاپ و پەخشی بەدرخان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٣).

٨- دیاری کوردستان لاپەڕەیەکی پرشنگدارە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٤).

٩- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ پەخشی سەردەم، چ١، (سلێمانی: ٢٠٠٤).

١٠- کۆمەڵی یانەی سەرکەوتن، وەزارەتی شارەوانییەکان - شارەوانیی کەلار، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠٠٤)

١١- دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق - ئێراندا ١٩٣٧-١٩٤٧، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی: ٢٠١٠).

١٢- دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق و ئێراندا ١٩٣٧- ١٩٤٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، (سلێمانی:٢٠١٤).

١٣- دیوانی شەهید محەمەد پەژار، بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری گەرمیان، چاپی دووەم، (سلێمانی: ٢٠١٤).

**- توێژینەوەی زانستیی بڵاوکراوە:**

- تا ئێستا (١٢) توێژینەوەی زانستیم بڵاو کردووەتەوە بەم ناونیشانانەی خوارەوە:

١- بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەرمیان لە هەفتەنامەی (پێشکەوتن)دا ١٩٢٠-١٩٢٢، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٤)، (هەولێر: ١٠١٣).

٢- دوورخستنەوەی ڕێبەرانی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی ١٨٤٧-١٩١٤، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٥)، (هەولێر: ٢٠١٣).

٣- خەباتی سیاسی و چەکداری شێخ مەحموود لە هاوکێشە و پلانە سەربازییەکانی بەریتانیادا ١٩١٤-١٩٢٢، (گۆڤاری زانکۆی گەرمیان)، ژمارە (١)، (گەرمیان: ٢٠١٣).

٤- مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی گەرمیان ١٩٣٩-١٩٧٢، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٧)، (هەولێر: ٢٠١٣).

٥- جەلال بیلال مستەفا پیرەبابی ١٩٢٣-١٩٩٣ یەکەم قائمقامی قەزای کەلار و ڕۆڵی لە بواری کارگێڕیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٣)، (گەرمیان: ٢٠١٤).

٦- یانەی سەرکەوتنی کوردان ١٩٣٠-١٩٦٤، ڕۆڵی لە بواری سیاسی و ڕووناکبیریی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٥)، (گەرمیان: ٢٠١٤).

٧- کێشەی ویلایەتی موسڵ و بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان ١٩١٨-١٩٢٦، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٦)، (گەرمیان: ٢٠١٤).

٨- خەسرەوی ڕوزبە و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەرمیان ١٩٣٧-١٩٥٥، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٣)، (هەولێر: ٢٠١٥).

٩- ڕۆڵی مامۆستا محەمەدی مەلا ئەحمەدی دەککە لە نێوان خەباتی سیاسی و پەروەردە و فێرکردندا ١٩٣٤-٢٠١٢، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٨)، (گەرمیان: ٢٠١٤).

١٠- مەلا عارفی مەلا یەحیای خانەقین لەبەر ڕۆشنایی دەستنووس و یاداشتەکانیدا ١٩١٢- ١٩٩٨، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٥)، (ڕانیە: ٢٠١٥).

١١- یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی کەلار لە سەردەمی پاشایەتیدا ١٩٣١-١٩٥٨، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٥)، (هەولێر: ٢٠١٦).

- باجەڵان و میرایەتیی باجەڵان لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی و فەرمانڕەوایانی ئێراندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٦)، (هەولێر: ٢٠١٦).

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ۲۰۱۷

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێڕان |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | میجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاڤ یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرۆ ـ ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٨١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | ڕەووف بێگەرد |
| ٨٢٠ | گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداخی | |
| ٨٢١ | وێرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٢ | وەرگێڕان | میشل ئۆستینۆف | فەرشید شەریفی |
| ٨٢٣ | ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک | عادل محەمەد | |
| ٨٢٤ | ئەنتوان چیخەف | دانا ڕەئووف | |
| ٨٢٥ | ستایش | سان ژۆن پێرس | د. موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٨٢٦ | ڕیکلام و پەیوەندیی گشتی و بازاڕکردن | د. بەهادین ئەحمەد محەمەد | |
| ٨٢٧ | دیموکراسی و یەکسانی | ئێریک کیسلاسی | حەمە ڕەشید |
| ٨٢٨ | کوژرانی کابرای کتێبفرۆش | سەعد محەمەد ڕەحیم | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٩ | شاعیرە کوژراو و ستەملێکراوەکانی سەردەمی ئیسلام | حەسەن بارام | |
| ٨٣٠ | گەڕانەوە بۆ ماڵ | ولیەم سارۆیان | فاروق هۆمەر |
| ٨٣١ | قانوونی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ | | ئاسۆ کەریم |
| ٨٣٢ | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |